# ئەو رۆژەی ستالین مرد

# ئەو رۆژەی ستالین مرد

## کۆمەڵە چیرۆك و وتار

**دوریس لێسینگ**

(وەرگری خەڵاتی ئەدەبیاتیی نۆبڵی ٢٠٠٧)

**وەرگێڕانی**

**ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوكردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوكردنەوەی هەولێر

دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی

- **ئەو رۆژەی ستالین مرد (كۆمەڵە چیرۆك و وتار)**

- **نووسینی:** دوریس لێسینگ
- **وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** ئیسماعیل ئیسماعیل زادە
- **پیچنین:** سۆمانە بۆكانی
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **چاپی یەكەم ٢٠١١**
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** وەزارەتی رۆشنبیری (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانەكان ژمارەی سپاردنی(٦٨٦)ی ساڵی (٢٠١١) پێدراوە.**

زنجیرەی كتێب (٦٥٢)

**ئەو كتێبە و كتێبەكانی وەزارەتی**
**رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێنەوە**
**www .Kurdchap.com**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەرۆك


لەژێر پێستی دووریس لێسینگ دا ........ ٧
ئەو ژنانەی ئەمەکیان بۆ رابوردوو هەبوو........... لیندا سکات ........... ١٧
ئەو پرسیارانەی کە نابێ قەت لە نووسەرانی بکەی..... لێسینگ ............ ٢٢
روخسارگەلێك لە بوهمیا........................ لێسینگ ............ ٢٧
نووسەران لە ماڵی بێ کتێب و ..................... لێسینگ ............ ٣٣


**چیرۆك:**


سەرودڵگرتن ........................ ٤٩
پیاوی بێ ژن........................ ٥١
هەڵفڕین ........................ ٥٩
ئەو رۆژەی ستالین مرد ........................ ٧٧
بەدیار هێلکە مریشکەکانەوە ........................ ٨٥
رامان ........................ ٩٨
تێپەڕین بە تونێلدا ........................ ١٠٤

پێشکەشە بە نووسەر:

حوسێن شێربەگی

کە بووە هۆی یەکەم ترپەی خوێندنەوە و نووسینم..

# (لەژێر پێست[1])ی دوریس لێسینگ دا

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

**"ماوەی چل ساڵ دەبی کە ناوم لە ریزی کاندیداکانی خەڵاتی نۆبێل دایە، هەموو ساڵێ شاد و پەشیمانیان کردوومەتەوە، دڵخۆشبوونیش سنوورێکی هەیە.."**

ئەمەی سەرەوە وتەی ئەو نووسەرەیە کە ئەمێستا (٢٠٠٩)، تەمەنی نەوەد ساڵە و ٧٤ کتێبیشی لە بوارەکانی کورتە چیرۆك، رۆمان، شانۆیی، وتار و شیعری لەسەر یەك کەڵەکە کردووە. لە ماوەی ژیانی نووسەرانەی خۆیدا دووجار شیعری بڵاو کردۆتەوە کە یەکەمینیان لە دەیەی ١٩٥٠ لە بەریتانیادا بڵاو بۆتەوە و ئەوی دیکەیان بەرهەمی هاوبەشی بوو لەگەڵ دوو شاعیری دی کە ساڵی ٢٠٠٢ لە لایەن بڵاوکەرەوەی **پویتییك پیشنس** لە بەریتانیادا چاپ کرا، بەڵام زیاتر بە چیرۆکنووس ناسراوە.

**دوریس لێسینگ** (Doris May Lessing) نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی لە **شاری کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا** لەدایك بووە. دایکی پەرستار و باوکی بە نێوی **"ئالفرێد کۆك تەیلۆر"** (Alfred cook taylor) ئەفسەری هێزێکی داگیرکاری ئینگلیز بوو و شەڕی یەکەمی جیهانیی لاقیکی لێ گل دابۆوە. ئالفرێد بە دیتنی کارەساتی دڵتەزێنی شەڕ تووشی خەمۆکی ببوو. ناوبراو بۆ دوورکەوتنەوە لەو کەش و هەوایە و بە هیوای چاکبوونەوە چووە ئێران و لە کرماشان بوو بە بەرپرسی "بانکی شاهی" (Impereal Bank Of Persia).

بانکی شاهی و بانکی رووس دوو بانکی بیانی بوون لە ئێراندا، کە پاش تەڤگەری ناسیونالیستی و هاوکات لەگەڵ خۆماڵیکردنی نەوت لە ساڵی ١٩٥٢دا تەختەکران. هەربۆیە

١ . ناوی بەشی یەکەمی ژیاننامەی دوریس لێسینگ.

دوریس لە تەمەنی دوو ساڵ و نیویدا لەگەڵ بنەماڵەکەی گەڕایەوە بۆ بەریتانیا. بەڵام بیرەوەرییەکانی لە ئێران زۆر زیندوو و قووڵە. ئەو پاش نەوەد ساڵ ژیان، ژیاننامەکەی تەرخان کردووە بۆ وینەگەلیك لە کرماشان و تاران کە زۆر وردبینانەیە و دەری دەخا کە هەر لە سەرەتاوە بە وردی سەرنجی داوە و روانگەی تایبەت بە خۆی هەبووە.

خاتوو لێسینگ لە کتێبی **"لە ژێر پێستم"** (Under My skin)دا باسی چوونی بنەماڵەکەی کردووە بۆ کرماشان و نووسیویەتی:

**"بەمجۆرە دایك و باوکم کە هێشتا هیلاکی دەستی کارەساتی شەڕ بوون، چوونە ماڵێکی بەردینی گەورە لە شاری بازرگانی و کۆنی کرماشان. ئەم شارە لە دەشتێکی بەرز هەڵکەوتبوو. من لێرە لە ٢٢ی ٦ ئۆکتۆبەری ١٩١٩دا لە دایك بووم. دایکم زۆری ژان هاتێ. لە دایکبوونێکی تاقەتپڕووکێن بوو. چەندین ساڵ پاش لەدایکبوونم دموچاوم هیشتا پەڵەی بنەوشی پێوە مابوو. بڵێی ئەم لەدایکبوونە دژوارە کاری کردبێتە سەر چارەنووسی من؟ بڵێی شوێنی خستبێتە سەر ئاکاری من؟ بڵێی کێ بزانێ؟"**

**لێسینگ** لە جێیەکی دیکەدا دەڵێ:

**"بیرەوەرییەکی دیکەم هەیە سەبارەت بە خۆم، ئەستێرێکی مەلە، پڕ لە مرۆڤی چوارشانە و رووتوقوت و بیڕەنگ کە دەیانقریواند و خێراخێرا ئاوی ساردیان پێدادەکردم. لەشی رووتی دایك و باوکیشمم لەبەرچاوە، هی دایکم کە بە قیژە و هەراوە چێژی لە مەلەکردن وەردەگرت و هی باوکم کە خۆی بە لێواری ئەستێرەکەوە گرتبوو، چونکە نەیدەتوانی بەو لاقە قرتاوەیەوە مەلە بکا. خەڵکی دیکەش لەوێ بوون، ئەستێرەکە قەرەباڵغ بوو.**

**زۆرجاران دایکم نیشتەجێبوونی ئەوکاتی لە ئێران بە خۆشترین ساتەکانی تەمەنی دەزانی و دەیگوت:**

**هاوینان، دوانیوەڕۆی هەموو رۆژێ، دەچووین بۆ مەلەکردن و کۆتایی هەفتە لە ئەستێرەکەدا دەستەی مەلەکردنمان هەبوو. ئەو کاتانەی کە مەلەمان دەکرد زۆر خۆش بوو. تۆ لە نیو ئەو دەستەیەدا هاروهاجیی زۆرت دەکرد. ئێمە تۆمان دەهێنایە نێو ئاوەکە... دەتزریکاند... دیسان دەمانبردییەوە لێواری ئەستێرکەکە و دامانده‌نیشاندی. ئاوی ئەستێرکەکە زۆر سارد بوو، بە توانەوەی بەفری شاخی پڕ دەبوو. هەر کەسێ خۆی دەخستە نێو ئاوەکە بێئیختیار دەیزریکاند".**

خاتوو لێسینگ پاش گەڕانەوەی بۆ بەریتانیا، ساڵی ١٩٢٦ هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەکەی چوو بۆ رۆدزیا (زیمبابۆی ئەمڕۆ) کە داگیرکراوی ئینگلیز بوو. باوکی لەوێ خۆی بە بەرهەمهێنانی گەنمەشامییەوە سەرقاڵ کرد. **دوریس** کە بە وتەی خۆی سەربزێو و خۆبەزلزان بوو نێردرایە خوێندنگەی سەرەتایی کاسۆلیکەکان و دواتریش چووە ناوەندیی کچانەی سالیسبووری (هەرارەی ئەمڕۆ). بەڵام لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا وازی لە خوێندن هێنا. لە شوێنێکدا گوتوویەتی: **"بۆخۆم بووم بە مامۆستای خۆم"**. لە پازدە ساڵیدا سەری خۆی هەڵگرت. هەر لەوکاتەوە دەستی کرد بە خوێندنەوەی بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەوروپا و ئەمریکای سەدەی نۆزدە. دوریس لەبەر دەستکورتی و بۆ خۆژیاندن، ساڵی ١٩٣٣ دەستی کرد بە کارکردنی وەك: لەلەیی(پەرستاریکردنی منداڵ)، کارمەندی تەلەفۆنخانە، تایپیست. ساڵی ١٩٣٩ لەگەڵ ئەفسەرێکی هێزی داگیرکاری ئینگلیز ژیانی هاوبەشیی پێك هێنا. بەڵام ئەو ژیانە کە بەرهەمەکەی دوو منداڵ بوو، زیاتر لە چوار ساڵی نەخایاند. ساڵی دواتر بوو بە ژنی کۆچەرێکی ئەڵمانی بەنیوی **لێسینگ** کە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمان بوو. لێسینگی ئەڵمانی لە چنگی نازییەکان رای کردبوو و هاتبووە **سالیسبۆری**. ئەم ژیانەش زیاتر لە پێنج ساڵی دەرفەت پێ نەدرا. بەڵام دوریس کوڕێك و بڕوایەکی کۆمۆنیستی و نێوبانگێکی گەورەی لە لێسینگ ـ وە پێ بڕا. لەم بارەیەوە **دوریس** گوتوویەتی:

**" نێوی لێسینگم لەبەر ئەوە راگرتووە رەنگە بۆ گەشەی کاری نووسەرێتیم خێری پێوە بێ"**. هەڵبەت خێریشی پێوە بوو.

هەر چۆنێك بوو دوریس ساڵی ١٩٤٩ منداڵێکی بە کۆڵەوە و جانتایەکی بە شانەوە بوو، کە دوو رۆمانی بڵاونەکراوەی تێدابوو گەڕایەوە بۆ بەریتانیا و بەهۆی هەژارییەوە لە گەڕەکێکی هەژارنشینی لەندەن نیشتەجێ بوو. دوریس دانیشتن لەگەڵ هەژارەکانی زۆر پێ گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی کەسایەتیی زۆربەی بەرهەمەکانی خۆی لێرەدا دەناسییەوە. ساڵەکانی پاش شەڕ، دۆخی ئابووریی بەریتانیا زۆر نالەبار بوو. بەتایبەت کە ناوچە داگیرکراوەکان بەهۆی سەرهەڵدانە یەك لەدوای یەکەکانی بە سەربەخۆیی گەیشتن و بوونە هەڕەشە لەسەر ژێرخانی ئابووریی بەریتانیا. دوریس لە رێبازی هزریی مێردی دووەمیدا لای کۆمۆنیستی گرت. ئەو لە ئینگلیز پێوەندیی کرد بە حیزبی کۆمۆنیستەوە و تێکۆشانی لەو حیزبەدا بە هێرشی سوپای یەکگرتووی وڵاتانی کۆمۆنیستی بۆ سەر ئازادیخوازانی هەنگاریا (١٩٥٦)

کۆتایی هات. رووداوەکـانی هـەنگاریا بـوو بـە هـۆی دەسـت لەکارکێشـانەوەی لـە حیزبـی کۆمۆنیست. دواتر سەبارەت بەم تێکۆشانە کۆمۆنیستییە نووسی:

**"رەنگە مەزنترین شێتیم بووبێ لە ژیانمدا"**.

دوریس هەر لە سەرەتای منداڵییەوە دژی نەژادپەرستیی لە ئـەفریقیا راوەسـتا. ئـەو لـە یەکەم رۆمانیدا بە ناوی **"سەوزەڵان گۆرانی دەچڕێ"** (The Grass is Singing) کە ساڵی ١٩٥٠ لە لەندەن بڵاو بۆوە، بە هێنانەگۆڕیی ئـەوینێکی یاسـاغ لـە نێـوان رەش و سـپیدا، جیاوازیی سامناکی نەژادیی لە ئەفریقیا ئاشکرا کرد. دواتر مایکـڵ رەیبـۆرن لـە رووی ئـەم چیرۆکەوە فیلمێکی ساز کرد و وەحشیگەری و نەژادپەرستیی بردە سەر پـەردەی سینەماکانی دونیا.

لەم روانگەیەوە دەتوانرێ خاتوو لێسینگ بە یەکێ لە یەکەم تێکۆشەرانی هاوڕێی **نیلسۆن ماندیلا** دابنرێ. رۆمانی "The Grass is Singing" و هەروەها فیلمە سەرکەوتووەکەی لە بازاڕی ئەدەبیاتی رۆژئاوادا شوێن پێیەکی بۆ نووسەر خۆش کرد، تاکوو ئەو جێیەی کە خـاتوو لێسینگ دوو ساڵ دواتر (١٩٥٢) بە هۆی بەرهەمە نوێیەکەی **"ئەوە بوو سـەرزەمینی ئاغـا پیرەکە"** (This was the old chief `s coatry) پارەیەکی بەدەستهێنا و توانیی لە رێـی نووسینەکانییەوە خۆی بژێنێ.

دوریس لە یەکەم بەرهەمەکانیدا کەمتر گرنگیی بە شیوازی داڕشتن و جوانی نووسین دەدا و هەوڵی ئەوە بوو هەتا بە یاسـا ئەقڵانییـەکان و دەروون شـیکاریی ورد و بـە وەبیرهێنانـەوەی بەڵێنە ئەخلاقییەکان، دژایەتی و پێشـێلکرانی یاسـا لـە ئەندێشـەی هـەڵاواردنی رەگـەزی و پێوەندیی ئاغا و رەشاییدا ئاشکرا بکا.

لێسینگ توندوتیژیی شەڕی شەرمەزار دەکرد و رەنجی ژنانی لە کۆمـەڵگای پیاوسـالاریدا زەق دەکـردەوە. بـە بڵاوبوونـەوەی "دەفتـەری بیرەوەرییـە زێڕینـەکان" ( The Golden Notebook) لە ساڵی ١٩٦٢دا ناوی دوریس لێسینگ هەر چوار قوژنەی دونیای تەنییـەوە. پاش ماوەیەك نێوی ئەم کتێبەی گۆڕی و کردی بە "نزای فێمینیسـتەکان" و بـوو بـە یەکـەم رێخۆشکەری خەباتی ئابووریی ژنان لە پێوانەی جیهانیدا و لـەم روانگەیـەوە بـە یـەکێك لـە کتێبە پڕفرۆشەکان ناوی دەرکرد. لێرەدا ئەمەمان نابێ لەبیر بچێ کە دوریس لێسـینگ خـۆی بە فێمینیست نەدەزانی و ئێستاکەش لەگەڵی ناسازێ.

ساڵی ١٩٦٩ لێسینگ کتێبی "شاری چـوار دەروازە" (The Four – Goted City)ی لە چەند بەرگدا بڵاو کردەوە. پاڵەوانی ئەم چیرۆکە دوو هـەزار لاپەڕەییـە، ژنێکـە بـە نێـوی "مارتا کووست" (Martha quest) کە نووسەر بە نووسینی چارەنووسی ئـەو کەسـایەتییە، پێوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی تاکی و گێروگرفتی کۆمەڵایەتیی شـی دەکاتـەوە. بیجگەلـەوە دەتوانرێ ئەم بەرهەمە هاوتای ڕۆمانە بەکەڵکەکان بۆ زانینی زانیاریی گشتی و هـەروەها بـە وتەی یەکیك لە ڕەخنەگران بە "پشکنینی سەدەیەك" دابنرێ.

لەکۆتایی ئەم ڕۆمانە دووردرێژەدا نووسەر بۆ ماوەیەك شێوازی گۆڕی و شێوازێکی تـاقی کردەوە، کە بۆ خۆی ناوی نا "لە ناخی کەشـی خەیاڵیـدا" (Inner space Fiction). ئـەم شێوازەی لە پێشدا لە کورتە ڕۆمانێك بە نـاوی "مـەرجی هاتنـە دەرەوە لـە جەهەننەمـدا" (Briefing For a Desce..t into Hell) و پاشـان سـاڵی ١٩٧٤ لـە "بیرەوەرییـەکانی ڕزگاربوویەك" (The Memories of a Survivor)دا بەکارهینا. بـەڵام دووەم بەرهـەمی خۆی لە کتێبێکی پێنج بەرگیدا نووسی و سـاڵی ١٩٨٢ بـەجیا بـڵاوی کردنـەوە. پـاش ئـەم گەشت و سەیرانە لە خەیاڵاتی ئاسمانیدا، خاتوو لێسینگ دیسان بۆ دونیای ڕاستەقینە هاتەوە و لە بەرهەمەکانیدا شێوەی ریال ـ ی هەر وەکو پێشوو بەکارهێنا.

ساڵی ١٩٨٣ ژنێك بە ناوی "جین سامرز" (Jane somers) ڕۆمانێکی لەژێر سـەردێڕی "نووسینەکانی دراوسـێیەکی بـاش" (The Diary of a Good Neighbour) بـۆ چـەند بڵاوکەرەوە نارد و ویستی بە نێوی یەکەم بەرهـەمی ژنێکـی ڕۆژنامـەوان چـاپی بکـا. بـەڵام هەموو بڵاوکەرەوەکان و یەك لەوان بڵاوکەرەوەی بەرهەمـەکانی لێسـینگ خۆیـان لـەو کـارە بوارد. پاش ئەمە خاتوو لێسینگ رازەکەی ئاشکرا کرد کە "جین سامرز" هەر خـۆی بـووە و ویستوویەتی ئەوانی پێ تاقی بکاتەوە. **ئەمە کێشە و هەرایەکی گەورەی لە نـاو ڕۆژنامـە و کۆبوونەوە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوادا ناوە و لە گشت لایەکەوە سیلاوی ڕەخنە بڵاوکەرەوەکانی گرتەوە، بەم واتایە کە هیچ دەسەڵاتێکیان لە مەڕ ناسینی بایەخی هونەریی نییە و نـاتوانن بیپارێزن و تەنیا بەدوای ناوبانگی نووسەرەوەن.** ئەگەرچی بڵاوکەرەوەی بەرهەمەکانی لێسینگ لە بەریتانیا داوای لێبوردنی لێکرد و "نووسینەکانی ڕۆژانەی دراوسێیەکی باش"ی چاپ کـرد بەڵام، بڵاوکەرەوەیەکی ئەڵمانی، ئەو بەرهەمەی بە ناوی "نووسینەکانی ڕۆژانەی جین سامرز" بڵاو کردەوە تـاکوو بـەو زوانـە ئـەو ئامۆژگارییـەی کـە لـە لایـەن خـاتوو لێسـینگەوە بـە بڵاوکەرەوەکان کرابوو لە بیر نەچێتەوە. دواتر ئەم نووسینانە لە لایەن نووسەرەوە بەردەوام بـوو

و بەرگی دووەمی بە ناوی "ئەگەر ئـەو پیرەپیـاوە دەیتـوانی" (If the old could)ی بـڵاو کردەوە. نووسەر لە بەرهەمی دوایی خۆیـدا بـە نـاوی "رەشـەکوژی بـاش" (١٩٨٥) ( The Good Terrorist) بە پێچەوانەی ئەم دوو بەرگە کە کەمتر رەخنەی کۆمەڵایـەتیی تێدایـە، هەوڵی زیاتری داوە تا سەرنجی زێدەتر بە بایەخی مرۆڤایەتی و گیروگرفتی کۆمەڵایـەتی بـدا. نووسەر لەم رۆمانەیدا بەسەرهاتی ژنێکی گەنج دەگێڕێتەوە کـە دەبێتـە ئەنـدامی گرووپێکـی تیرۆریستی. ناوبانگی ئەم رۆمانە ئێستاش لەسەر زارانە. ئەم سەرنجدانە تایبەتە بە گیروگرفتی کۆمەڵایـەتیی و لـە "منـداڵی پینجـەم" (The Fifth Child)دا بـە شـیوەیەکی شـیاوتر دەبیندرێ.

خاتوو لێسـینگ پێیوایـە کـە مەبەسـتی سـەرەکیی لـە نووسـین "بـەهێزکردنی بایەخـە کۆمەڵایەتییەکان"ە و هەر لە سەرەتاوە ئەم ویستەی لە بەرهەمـەکانی دژ بـە نەژادپەرسـتیی خۆیدا راگەیاندووە. ئەو لە هەمبەر ستەمێکی کە لە لایەن یەکێتی سۆڤییەتی پێشووەوە پاش داگیرکرانی ئەفغانستان، بە خەڵکی ئـەو وڵاتـە کـرا بیـدەنگ نـەبوو. لێسـینگ لـە پـاییزی ١٩٨٦دا چوو بۆ پاکستان و لەگەڵ پەنابەرە ئەفغانییەکاندا گفتوگۆی کرد و لە "وتەکانمان بـە بـا ـ چـوو" (The wind Blows away our word)دا لێقـەوماویی ئـەوانی بـە دونیـا راگەیانـد. سـاڵی ١٩٨٨ کـۆی کورتەچـیرۆکەکانی لـە دوو بەرگـدا و سـاڵی ١٩٩١ "نرخـی هەقیقەت" (The Price of Truth)ی بڵاو کردەوە. دوریس لێسینگ لە نێـوان سـاڵەکانی ١٩٨٠ تا ١٩٩٢دا بە دوای شوێن پێی بیرەوەریی منداڵیی خۆیدا، چوار جار چوو بۆ زیمبابۆی و بینینی خۆی سەبارەت بە گۆڕانەکان لەم وڵاتە تازە سەربەخۆیەی لە "قاقـای ئـەفریقیایی" (Africa Laughtr)دا شەتەکدا. بەشی یەکەمی ژیاننامەکەی بە نێـوی "لـەژێر پێسـتم"دا ساڵی ١٩٩٤ و بەشی دووەمی بە نێوی "گـەڕان لـە نسـێ" (Wolking in the shade)دا ساڵی ١٩٩٧ بڵاو کردەوە. "لە ژێر پێستم" چیرۆکێکی پڕ هەست و سـۆزە کـە دایمـە لەگـەڵ رووداوی جۆراوجـۆردا بـە دەوری سـێ بابـەتی سـەرەکیی دەخولێتـەوە: **"جیـاوازیی نێـوان مرۆڤەکان، هەڵەی بنەڕەتیی ژیان و تێکۆشان بۆ کەمکردنەوەی دژایەتییەکان"**. ژیاننامەی لێسینگ لەگەڵ پێشـوازیی گـەرمی رەخنـەگران رووبـەڕوو بـۆوە. دوابەرهـەمی بڵاوکـراوەی لێسینگ (٢٠٠٧ و.) نێوی "رۆمانی دەرووەکان"ە.

بە کورتی، ژیانی چیرۆکیی دوریس لێسینگ بە سێ بەش دابەش دەکرێ:

بەشی یەکەم لە نێوان ساڵانی ١٩٤٤ هەتا ١٩٥٦ ـ ە. واتە کاتێ کە لێسینگ هـەر وەك زۆربەی نووسەرانی دیکەی جیهان تێکەڵاوی کۆمۆنیزم ببوو و بە کاریگەریی وەرگرتن لە تیۆرە کۆمۆنیزمییەکان چیرۆکی نووسیوە. هەرچەند دواتر دەڵێ: **"کۆمۆنیزم قۆڕیاتێکـە کـە هـیچ پێوەندییەکی بە پرسەکانی جیهانەوە نییە"**، بەڵام شوێنەواری ئەوجۆرە بیرکردنەوەیە ئێستاش ئاوقای هزری لێسینگە، تەنانەت ئەگەر بۆخۆشی رەتی بکاتـەوە و بڵـێ: **"بۆچـی هـەموو وا بیردەکەنەوە کە نووسەر دەبێ راسپێردراو بێ"**. چونکە فەزای کۆمۆنیزم لەو سەردەمەدا گەلێ نووسەری لە دونیادا بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد و کەمتر نووسەرێکی گرنگ وەبەرچاو دەکەوێ کە لەم یارییە زەمانییەدا سەربەخۆ بیری کردبێتەوە.

بەشی دووەمی ژیانی چیرۆکیی لێسینگ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٥٦ هەتا ١٩٦٩. لەم قۆناغەدا بووبە هۆگری دەروونزانی و رەنگدانەوەی کەڵکەڵە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرهەمەکانیدا بە روونی دەبیندرێ. هەر لەم ساڵانەدایە کە پشتیوانی لە خەباتی فێمینیستی دەکا. کتیبی "دەفتەری زێرین"ی کاتێ بڵاو دەبێتەوە کە هێشتا هەواڵێك لە شۆڕشی ژنسالارانە نەبووە. رەخنەگرێك گوتوویەتی: **"ئەم رۆمانە لە راستیدا رەچەڵەکناسیی پێوەندییە مرۆڤییەکانە"**.

لە بەشی سێهەمی ژیانی چیرۆکیی لێسینگدا ئایدیۆلۆژیی سۆفیگەریی سەرهەڵدێنی و لە هەمان حاڵدا دەبێتە هۆگری چیرۆکە زانستی و خەیاڵییەکانیش.

بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە کتێبەکانی نووسەر ژیانی خۆیەتی کە دایڕشتونەتەوە: **"ئـەو رووداوانەی لە دونیادا روودەدەن هێند نامۆ و سەرسووڕهێنەرن کە تەنیا خەیاڵکردن دەتوانێ دەرەقەتیان بێ و من پێمواییە تەنیا نووسەرە کە دەتوانێ ئەم دوو دونیایە ـ دونیای راستەقینە و خەیاڵی ـ لە چیرۆکدا بگونجێنێ"**.

دوریس لێسینگ نووسەرێکی فۆرم شکینە و یەکێکە لە پـڕ خوێنـەرترین رۆماننووسـانی سەدەی بیستەم. هەر کەسـێك بـە جۆریـك دەیناسـێ. گرووپێـك پێیانوایـە کـە ئـەفریقیایی دەنووسێ، تاقمێکیتریش دەڵێن سیاسی نووس. بەشێك پێیانوایە کە رۆمانی فەزایی دەنووسێ و تاقمێکیش دەڵێن سۆفییانەنووس، هەشن دەڵێن کە نووسەرێکی فێمینیستە.

گومان لەوەدانییە کە نووسینەکانی سادە و بێ گرێ و گۆڵن. ئەو لە ژێر نسێی[2] داگیرکاریی و نەژادپەرستی و شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە دەرونزانیی زمان و پێوەندیی بنەماڵە و گۆڕانەکارییە شەخسییەکان دەکۆڵێتەوە و ئەگەرچی بەشێکی مەزنی بەرهەمەکانی کاریگەریی لە ئایدیۆلۆژیی جۆراوجۆرەوە وەرگرتووە، بەڵام لە راستیدا هەمووی ئەم بەرهەمانە هەڵقووڵاوی ژیانی شەخسیی ئەون. لە چیرۆکی ریالیستیی "مندالآنی توندوتیژی"دا بگیرەوە لە راستیدا ئاوێنەیەکی باڵانوێنی کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لێسینگە. مارگریت درابیل نووسەری ئینگلیزیی، سەبارەت بەو گوتوویەتی: **"لێسینگ لەو چەند نووسەرەیە کە ناتوانن حاشا لەم راستییە بکەن کە دونیا ئاڵۆزتر لەوەیە کە درك دەکرێ"**.

کاتێ پێشنیاری پێدەکرێ بچێ بۆ ئەمریکا و لە زانینگەکانی ئەوێدا وانە بڵێتەوە. **"بەڵام من خوێندنی زانکۆییم نییە و راستییەکەشی ئەوەیە کە من بڕوام بە خۆفێرکردن هەیە"**. ئەو ناچێ بۆ ئەمریکا، ئەگەرچی دەڵێ **"رەخنەگرە ئەمریکییەکانم زیاتر خۆشدەوێ، لەبەر ئەوەی وردبینن"**.

کلار هانسن مامۆستای ئەدەبیات سەبارەت بە لێسینگ گوتوویەتی: **"پەنجا ساڵ سەبارەت بە دونیا، کۆمەڵگا، نەتەوە، دامەزراوە و ناکۆکیی نێوان بیروڕاکانی نووسی و ئەو شتانەی شیکاریی کرد کە هەڕەشە لە جیهان دەکەن. لێسینگ بە جیددی سەبارەت بە پرسە مرۆییەکان دەنووسێ"**.

ئەو یازدەیەمین ژنێکە کە ساڵی (٢٠٠٧) خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیاتی وەرگرت. نووسەرێك لە وتوویژێکی تەلەڤزیۆنی بی بی سی دا گووتویەتی: "بەخشرانی خەڵاتی نۆبێل بەو ئیتر زۆر درەنگە". بەڵام بە سەرنجدان بەوەی کە جۆیس کەرۆڵ ئوتس سەردەمایەك سەبارەت بەو گوتوویەتی، رەنگە درەنگیش نەبێ: **"پێموایە کاریگەریی نووسەرە مەزنەکان لە ئێمەدا درەنگ دەجووڵێ و رەنگە چەندین ساڵ تیپەڕ بێ تا تێبگەین کە ئەوان چ شوێنەوارێکیان لە سەر داناوین. دوریس لێسینگ بە هەستیارییەکی تاکانەوە لە ئەزموون و زەینی خۆی هەوێن وەردەگرێ و دەنووسێ و لە هەمان حاڵدا رۆحی سەردەمی خۆی دەنوێنێ و ئەمەش زەوقێکە کە ناتوانرێ لێی تێبگەین و تەنیا دەبێ رێزی لێبگرین"**.

پوختەی ژیانی داهێنەرانەی دوریس لێسینگ:

---

٢- نسێ: سێبەر

بەراز و هەڵفڕین (١٩٤٨)
لە بن دەستی مندا و میوەی خۆڵەمیش (١٩٤٩)
سەوزەڵانیی گۆرانی دەچڕی (١٩٥٠)
ئیرەكانە وڵاتی بەرپرسی پێشوو بوو (١٩٥١)
مارتا كوییست (١٩٥٢)
بەرگی یەكەمی منداڵانی توندوتیژی (١٩٥٢)
پێنج كورتە رۆمان (١٩٥٣)
شوویەكی شایان (١٩٥٤)
بەرگی دووەمی منداڵانی توندوتیژی (١٩٥٤)
جادەیەك بەرەو شارێكی گەورە (١٩٥٤)
هورووژمی نەرمی كوللەكان (١٩٥٥)
تێپەڕین بە تونێل دا (١٩٥٥)
قەدەغەكران لە چوون بۆ ئەفریقیای باشووری (١٩٥٦)
گەڕانەوە بۆ بێتاوانی (١٩٥٦)
خەسڵەتی ئەشق (١٩٥٧)
گەڕانەوە بۆ نیشتمان (١٩٥٧)
پیشڕەویی رەشەبا (١٩٥٨)
چاردە شیعر (١٩٥٩)
گەڕان بە دوای ئینگلیزییەكاندا (١٩٦٠)
دەفتەری بیرەوەرییە زێڕینەكان (١٩٦٢)
پیاوێك و دوو ژن (١٩٦٣)
چیرۆكی ئەفریقای (١٩٦٤)
بەرگی چوارەمی منداڵانی توندوتیژی (١٩٦٥)
وەرگێڕانی شانۆیی رەشەبا ـ ی ئاسترۆفسكی (١٩٦٦)
نۆ چیرۆكی ئەفریقیایی (١٩٦٨)
شاری چوار دەروازە (١٩٦٩)
بەرگی پێنجەمی منداڵانی توندوتیژی (١٩٦٩)

هاوێن لە پشتی تاریکیدا (١٩٧٣)

بیرەوەرییەکانی بەجێماویك (١٩٧٤)

هەڵبژاردەی کورتەچیرۆکەکانی خۆی (١٩٧٦)

بەرەو ژووری ژمارە ١٩ (١٩٧٨)

ئەستێرەی داگیرکراوی ژمارە (١٩٧٩)

بیرەوەرییەکانی دراوسێیەکی باش (بە نێوی خوازراوی جین سامێرز)(١٩٨٣)

ئەگەر پیرەکان دەیانتوانی (بەنێوی خوازراوی جین سامرز) (١٩٨٤)

رەشەکوژی باش (١٩٨٥)

ئەو بەندیخانەیەی ئێمە بۆ ژیان هەڵمانبژاردووە (١٩٨٧)

مندالّی پێنجەم (١٩٨٨)

یاریی ئەشق (١٩٩٦)

رۆمانی مارا و دەن (١٩٩٩)

خۆشترین خەون (٢٠٠١)

زێڕی ئەفریقیا (٢٠٠٢)

دەرووەکان (٢٠٠٧)

خاتوو لێسینگ شانۆنامەشی نووسیوە و تا ئێستا چەندین شانۆنامەی هاتۆتە سەر شانۆ، هەروەها ئەو بە خەڵات و شانازییەکی زۆر گەیشتووە کە دەتوانین ئاماژە بکەین بە:

خەڵاتی ئەدەبیی سامیرست موام (١٩٥٤)، خەڵاتی نێونەتەوەیی نەمسا بۆ ئەدەبیاتی ئەورووپا (١٩٨١)، خەڵاتی شکسپیر لە هامبورگ (١٩٨٢)، خەڵاتی ئەدەبیی دەزگای بڵاوکەرەوەی سمیت (بەریتانیا ١٩٨٦)، خەڵاتی گرین زان کاوۆر (ئیتالیا ١٩٨٩)، خەڵاتی ژنی ساڵ (نۆروێژ ١٩٩٥) و خەڵاتی نێونەتەوەیی کاتالۆن (ئیسپانیا ١٩٩٩) و خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات (٢٠٠٧).

خاتوو لێسینگ لە چەندین زانینگەدا دوکتۆرای شانازیی پێبەخشراوە و ئەمێستا لە هامپستیدی دەڤەری لەندەن دەژی.

# ئەو ژنانەی ئەمەگیان بۆ رابوردوو هەبوو

هاوشێوەکانی نێوان ڤیرجینیا وۆڵف و دوریس لێسینگ

**ليندا سكات**

لێسینگ لە ژیاننامەی خۆیدا هەر هیچ نەبێ هەوڵی داوە خۆیەکانی رابوردووی بناسێ، چونکە لەو خۆیانەدا کەسایەتی گەلێك دەخولقێنێ کە وەك نووسەر دەتوانێ یارییان لەگەڵدا بکا و بیانخاتە بەر لێکۆڵینەوە.

زۆربەی رەخنەگران وەکو "رۆبێرتا روبنشتاین"، "ماگالی کورنێر میشێل" و "کلێر سپریگ" ئاماژەیان بە هاوشێوەکانی نێوان ڤیرجینیا وۆڵف و دوریس لێسینگ کردووە، و هەڵبەت لێسینگ لە کتێبی "دەفتەری بیرەوەرییە زێڕینەکان"دا بە درکاندنی ناوی ژنە هونەرمەندەکەی خۆی واتە "ئانا وۆڵف"، بەکردەوە بیرئانینی وۆڵف دەخاتە روو. بەمحاڵە من لەم وتارەدا ئاماژە بەو شتانە دەکەم کە پێموایە بەهێزترین و سەرنجڕاکیشترین خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیانە. ئەمەش هەمان بێ بڕوایی هاوبەشی نێوان دوو نووسەرە و لە هەمانکاتدا مەیلی ئەوانە بۆ جۆری نووسینی بیرەوەری و هەروەها ئافراندنی واتای شەخسییە لە تاکبوون. تاکبوونێ کە لە هەقیقەت و خەیاڵ، راستەقینە و واتایەك لە هەقیقەتێکی شەخسیی پێك هاتووە. بە بڕوای من هەردووکیان لەو دەقانە کەڵك وەردەگرن کە باسی سەربوردەی شەخسی یان دەقی ژیاننامەیی دەکەن، ئەویش وەکو ئامرازی دەرماننسایی "لێکۆڵینەوە لە خود"، هەتا دڵتەزێنییەکانی رابوردوو هەڵتەکێنن و رابوردوو رێك بخەنەوە و زەمانێکی هەنووکەیی شەخسی و پڕ واتا و هەروەها چەمکێ لە هەقیقەت بئافرێنن. من لە سەرەتادا سەبارەت بەو شێوانە دەدوێم کە وۆڵف و لێسینگ بە یاریدەی ئەوانەوە هەقیقەت لە هەمبەر خەیاڵ دادەنێن هەتا چەمکێکی واتادار لە "خۆ" بخولقێنن.

پێموایە ئاوڕدانەوەی وۆلف لە ژیاننامە و مەیلی بۆ تاکبوون و نووسین و تەنانەت ڕەنگە شێتییەکەشی دەبێتە میراتی لێسینگ. بەدڵنیاییەوە ڕەنگدانەوە مانایی و دەروونزانییەکانی وۆلف لە لێسینگ دا هەن. لێسینگ بە ئاسانکردنەوەی وۆلف لە بەرهەمی خۆیدا بۆ نموونە لە ڕێگەی "خود" خەیاڵییەکەیەوە واتە ئانا لە "دەفتەری بیرەوەرییە زێڕینەکان"دا تا ڕادەیەك ئەم بڕوایەی وۆلفی قەبووڵ کردووە کە دەڵێ ئێمە ئەگەر ژن بین لە ڕێگەی دایکمانەوە بیر لە ڕابوردوو دەکەینەوە. لە چەند شوێنێکدا وێدەچێ کە لێسینگ ڕاڤەیەك لە وشەکانی وۆلف یان لانیکەم هەستەکانی ئەو دەخاتە بەردەست، بۆ نموونە وۆلف لە بەرهەمی بیوگرافیی خۆیدا بە نێوی "ڕوخسارێك لە ڕابوردوو" وەسفی ژیانی پڕخۆشیی خۆی کردووە و دەڵێ: "ئەوشتەی ئەمێستا دەینووسین بۆ ئەوە نابێ ساڵێکی دیکە بینووسین".

لێسینگ لە کتێبی "لەژێر پێستم "دا دەنووسێ: من هەوڵ دەدەم بە ڕاستگۆییەوە ئەم کتێبە بنووسم، بەڵام ئەگەر بڕیار بوو لە تەمەنی هەشتاوپێنج ساڵیدا دەست بە نووسینی بکەم بڵێی چەندەی جیاوازیی هەبوایە؟ لێرەدا ئەمە دەردەکەوێ کە لێسینگیش وەکو وۆلف یادەوەر دەکاتە ئامراز و بە ناوردبینی دادەنێ.

ئەم دوو نووسەرە تەواو ئاگاداری ڕوانگە و هەقیقەتە بگۆڕەکانی خۆیان هەن. ئەم پرسە بۆ لێسینگ، لە هەڵگەڕان بە کێودا دەچێ کە ڕوانگەی لە ئاستەکاندا دەگۆڕدرێ. هەروەها هەردووکیان دوودڵی و دڵەڕاوکێی هاوشێوەیان سەبارەت بە هەڵبژاردنی یادەوەر و پێکهێنانی "تاکبوون" هەیە. ئەوان لە نێو دەقەکانی خۆیاندا لەگەڵ ئەگەری ڕاستەقینەی هەزاران "هەقیقەت" یان "خود" کە بەقەد یەك برەویان هەیە، دەستەویەخە دەبن. بۆ نموونە وۆلف سەبارەت بە بیرەوەرییەکانی خۆی ئاوا دەپەیڤێ: **"ئەم بیرەوەرییانە وەك ڕاپۆرتێك سەبارەت بە ژیانم هەڵەبەرن، لەبەر ئەوەی ئەو شتانە گرنگن کە نایەنەوە یاد. گشت ئەو شتانەی فەرامۆشم کردوون زۆر بەبایەخترن لەو شتانەی کە لە بیرم ماون"**.

چەندین ساڵ دواتر هەر ئەم تێکهەڵکێشە لە نێو بەرهەمی لێسینگدا خۆنیشان دەدا: کە دەست بە نووسین دەکەن دەستبەجێ ئەم پرسیارە بزۆزە سەردەردێنێ: بۆچی ئەمە وەبیر دێننەوە یان نایهێننەوە؟ بۆچی هەفتەیەك یان مانگێکی ڕەبەق یان کەمێك زیاتر وەبیری دێننەوە و دواتر وەستان و فەرامۆشی؟

دەبینن کە بە ئاسانی دەتوانرێ هەستەکانی لێسینگ بە هەڵە بخرێتە پاڵ وۆڵفەوە و هەروەها ئەمانە هەر وەك هەستەکانی ئانا وۆڵف لە **دەفتەری بیرەوەرییە زێڕینەکان**دا هەن.

هەردوو نووسەر بە ئاشکرا گومان لە یادەوەر دەکەن. بە وتەی روبنشتاین "لێسینگ زیاتر لە وۆڵف بە جۆرێکی هەستکردانە قەبووڵی دەکا کە یادەوەری بچووك و ناسەقامگیر و بگۆڕە".

وەکو کەسایەتیی جانا لە **بیرەوەرییەکانی سامرزی** لێسینگدا، کە لە نێو چیرۆکەکانی پیرێژنێك بە نێوی "ماودی"دا واز لە جیاکردنەوەی هەقیقەت لە خیاڵکردن دەهێنێ، وۆڵف و لێسینگ یش بە شوێنێك دەگەن کە بیرەوەرییە شەخسییەکان قەبووڵ دەکەن و بەجێی ئەوەی بە تەواویی دارشتی چیرۆکیی بیرەوەریی وەلابنێن، پشتراستی دەکەنەوە. بۆ نموونە لێسینگ لە "لەژێر پێستم"دا بەم دەرەنجامە دەگا کە ئەنجامی شعور یان پشتبەستن بە راستەقینەکان هەڵە نییە. ئەو سەبارەت بە رۆمانی **مارتاکویست**ی خۆی ئاوا دەنووسێ: من رۆماننووسم نەك پەیامنێر، بەڵام ئەگەر رۆمانی هەقیقەت ویشك و بێ رۆح نییە، دەردەکەوێ کە لە فەزا و هەستی زۆر زیاتر لەم نووسینی شێوە راپۆرتییەدا کە هەوڵ دەدا پشت بە راستەقینەکان ببەستێ، هەقیقەت بوونی هەیە. لێسینگ بە ئانقەست خەیاڵ لە بەرامبەر هەقیقەت دادەنێ.

شێوازی ئوتوبیوگرافیکی لێسینگ ئیزنی پێدەدا رووداوی گرنگتر و بیرەوەری و هەستەکان لەتوکوت بکا، بەڵام چەشنێ کێشەی دەقی لە نێوان دوو گێڕانەوەی هاوشێوەدا سەرهەڵدەدا: گێڕانەوەی دایکی و گێڕانەوەی خۆی. بە بۆچوونی من زانیاریی ئەو لە بەرامبەر هەڵەی یادەوەر کە واتای "خود"ی ـ لە روانگەی لێسینگەوە ـ لە سەر دارێژراوە، دەبێتە هۆی چەشنێ هەستی لەخۆنامۆبوون بۆ نووسەر. بەم پێیە بەرهەمە "خۆنوێن"ەکانی لێسینگ و هەروەها بەرهەمە ئوتوبیوگرافییەکانی هەر وەك هی وۆڵف، بەرهەمگەلێکی نۆستالۆژیکن، چونکە هەردووك نووسەر بەدوای داگیرکردنی شتێکەوەن کە قەت نادۆزرێنەوە. "پێکەنینی ئەفریقیا" و "چوار سەفەر بۆ زیمبابۆی" تا رادەیەکی زۆر شینگێڕینە بۆ رابوردوو و بۆ دەستکاریکردنی رابوردوویەکی کە لە لایەن زەمانەوە تاڵان کراوە. لێسینگ و براکەی کە چیها ساڵە چاویان بە یەکتر نەکەوتووە، ئێستاکە هەوڵدەدەن لە کاتێ بەیەك گەیشتنندا قووڵتر لە رواڵەت و قسە ئاساییەکان، لە یەکتر نزیك

ببنەوە و ئەمەش لە ڕێگەی سەرزەمینێکی ئوستورەییەوە دەبێ کە بۆتە مەزرا و ژیانی سەردەمای مندالّیی ئەو. بەداخەوە ئەوان تێدەگەن کە ئەمە مەحالّە. لەبەر ئەوەی ئەم بیرەوەرییانە بە شێوەیەکی نامۆ بۆیان جیاوازە، دەڵێی ئەوان لە سەردەمای مندالّیدا زۆر لە یەکتر نزیك بوون. لێسینگ و هێری بیرەوەریی بە گفتوگۆکانی خۆیانەوە زیاد دەکەن و هەرکام لەوان هەوڵ دەدا ئەو شتەی وەبیری دێتەوە بە سەر ئەوی دیکەی داسەپێنێ. سەرەڕای ئەمانە زۆربەی دەنگبەرزکردنەوەی "لەبیرتە؟" تەنیا ئەمەی بە دوادا دێت: "نا وەبیرم نایەتەوە، بەداخەوە" بەم پێیە ڕەنگە دەقە خۆنوێنەکانی لێسینگ ـ چیرۆکی یان ناچیرۆکی ـ وەك ئامرازێکی دەقی دەر بکەون کە ئەو بەدیهێناوە و بە لێهاتوویییەوە بەکاری دێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ سەرلەنوێ هەنگاو بنێتەوە نێو رابوردوو. بە بۆچوونی من "پێکەنینی ئەفریقیا" وەکو گشت بەرهەمە خۆنوێنەکانیتر یان ئوتوبیوگرافیکیی لێسینگ لانیکەم تاڕادەیەك هەوڵی ئەوە بۆ ناسینی خۆیەکانی رابوردوو: چونکە ئەو لەو خۆیانە کەسایەتی گەلێك دەئافرێنێ کە وەك نووسەر، دەتوانێ کایەیان لەگەڵدا بکا و لێکیان بداتەوە.

دەقە خۆنوێنەکانی لێسینگ بە بڕوای من هەوڵدانە بۆ ڕێکخستنی رابوردوو بۆ ئەوەی بتوانێ بەو جۆرە هەقیقەت بخاتە روو کە تێیدەگا. بەڵام هەقیقەت بۆ لێسینگ هەر وەکو مرۆڤەکانی دیکە هەمیشە لە حاڵی گۆڕاندایە، بەجۆرێ کە ڕۆمان و وەسفەکردنەکانی سەبارەت بە رووداوی رابوردوو بۆ هەمیشە بەرەو پوخت بوونن. لەبەر ئەوەی هەوڵ دەدا ئەم هەقیقەتە ناسەقامگیر و بزرە راو بکا. وۆڵف رووداوەکانی یادەوەر و چیرۆکەکان لە رابوردووەوە تا بە ئێستا شی دەکاتەوە و دەیانخولقێنێتەوە. بەم پێیە بە بۆچوونی من وۆڵف و لێسینگیش ئاگاداری بەهەڵەداچوون و لاوازی و بێمتمانەیی یادەوەرن و هەرکامێکیان لە نێو دەقە خۆنوێنەکانی خۆیاندا دەیگۆڕن تا بە هەستێکی دەرونزانانە بگەن. بە دڵنیاییەوە کەسایەتییەکانی وۆڵف لە **شەپۆلەکان**دا بە مەبەستی گەیشتن بە کامڵ بوون دەنووسن. هەر نووسەرێك بە ئاگاداربوون لەو چیرۆکانەی تایبەتن بە ژیانی خۆیان و تایبەتن بە ژنان و بەگشتی جەماوەر و نەگێڕدراونەتەوە، بەجۆرێ شێوازی "داڕشتی چیرۆکیی خۆیان" دەدۆزنەوە هەتا رابوردوو و سەربوردەی خۆیان زیندوو بکەنەوە. پێموایە زۆربەی کەسایەتییەکانی وۆڵف و لێسینگ "خۆیە چیرۆکییەکانی"

نووسەرن و دەقێکی لێوانلێو لە رابوردووی چەند توێ، کە هەر کامیان هەڵگری هەقیقەتی شەخسین و لە هەموو ساتێکدا وەگەڕ دەکەون.

"شول کێند" پێیوایە کە وۆڵف "رابوردوو بە هۆی خۆیەکانی ئێستاوە دەپاڵێوێ" و بە شێوەیەکی هاوشێوە "هێرتا نیومن" رۆمانی "شەپۆلەکان"بە رۆمانێکی دەرونزانانە دەزانێ کە گۆڕاوە و لە بناغەوە سیماکانی خۆی نوێ کردۆتەوە. ئەو ئاماژە بەوە دەکا کە رەخنەگران شەش کەسایەتیی "شەپۆلەکان" بە یەکەم نموونەی وشیاری و لایەنی جیا و سیمبولیکیی ناخ دادەنێن - "ئەلێکس زوردلنیگ" کە بە پروتیوس ئاماژە بە وۆڵف دەکا، لەگەڵ ئەم چەشنە روانگەیەیە سەبارەت بە وۆڵف.

لە کۆتایی دا دەبێ بگوترێ لێسینگ و وۆڵف دەقی خۆنوێن یان ئوتوبیوگرافیی چەند کەسایەتی و وتوبێژی دەنووسن، هەتا لە ئاراستەکردنی هەقیقەتی تاك خۆببوێرن کە لە روانگەی ئەواندا ئەم هەقیقەتە لەبەر یادەوەری عەینی، نۆستالۆژیك و شێواوە. هەر بەوجۆرەی کە وۆڵف دەینووسی، لێسینگ هەروا درێژە بە نووسینەوەی دەدا. رابوردوو و بەم پێیەش ئێستا کە لە رابوردوودا جێگیرە فرە دەبێتەوە و بە پیت دەبێ و لە ئەنجامدا ئەم رابوردووە فرەبووە، بۆ هەر ژنێك دەبێتە هەقیقەتی شەخسی و چیرۆکی.

# ئەو پرسیارانەی کە نابێ قەت لە نووسەرانی بکەی[3]

**دوریس لێسینگ**

ئەگەرچی ئێمە بە رواڵەت شاهیدی مردنی کۆمۆنیزم بووین، بەڵام شێوەکانی ئەو هزرەی کە لە سەردەمی زاڵبوونی کۆمۆنیزمدا هاتنە ئاراوە یان کۆمۆنیزم گەشەی پێدان، ئێستاش بەسەر ژیانماندا زاڵن. هەڵبەت هەموویان کە یەکێکن لە میراتەکانی کۆمۆنیزم، دەستبەجێ وەك شێوازی دروستی سیاسی، روون و ئاشکرا نین. **خاڵی یەکەم:** زمان، ئەم بۆچوونە نوێ نییە کە کۆمۆنیزم زمان و هاوکات لەگەڵ ئەویش هزری بێ ناوەرۆك و بێ برِشت کرد و هەڵیپریواند. کۆمۆنیزم زاراوەگەلی تەکنیکیی تایبەتیی هەیە کە دەستبەجێ پاش رستەیەك دەردەکەوێ. کەمتر کەسێك لە ئەورووپا هەن کە سەردەمێك لە ژیانیاندا زاراوەگەلێکی وەکو "هەنگاوی هەست پێکراو، دژایەتیی، مشتومرِی دوولایەنە"و شتی لەم بابەتەی بە گاڵتە دانەنابێ.

یەکەمجار کە زانیم ئەم دروشمانەی بیر و زەین گێج دەکەن و هێزێکی وایان هەیە کە باڵ دەردێنن و لە شوێنی خۆیانەوە بەرەو شوێنی دوور بفرِن، دەیەی ۱۹۵۰ بوو کە لەو کاتەدا وتارێکم لە رۆژنامەی "تایمزی لەندەن" خوێندەوە و بەکارهاتنەکانیانم دیت. نووسرابوو "**خۆپیشاندانی شەممەی رابوردوو هۆکاری حەتمی و حاشاهەڵنەگری دۆخی حازر بوو...**" . وشەکانی تایبەت بە چەپ و ئاژەڵی نێو تەویلە، هاورِێ لەگەڵ ئەندێشەکانیان گشتگیر بوونەوە. لە بڵاوکراوە پاوانخواز و لیبراڵەکاندا چاومان بە هێندێك وتار دەکەوێ کە

---

۳- رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز ژ، ۱۳، ۲۰۰۷.

نووسەرەکانیان نازانن کە مارکسیستییانە نووسیویانە. بەڵام ئەم میراتە لایەنێکی دیکەشی هەیە کە هەست پێکردنی زۆر زەحمەتە.

تەنانەت هەتا پێنج شەش ساڵ لەوە پێشیش (دەقی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ ـ و. کوردی) ئیزوستیا و پراوادا و هەزار رۆژنامەی کۆمۆنیستیی دیکە بە شێوەیەك دەنووسران کە وێدەچوو مەبەستەکەیان رەشکردنەوەی هەرچی زیاتری لاپەڕەکانە، گوتنی شتێك ـ چونکە بەڕاستی مەترسیدار بوو کە کەسێك هەڵوێستێك بگرێت و پاشان دەبوو بەرگریی لێبکا ـ ئەمڕۆکە گشت ئەو رۆژنامانە سەرلەنوێ بەکارهێنانی زمانیان دۆزیوەتەوە. بەڵام لەم سەردەمەدا تۆز و خۆڵی ئەو زمانە مردوو و بێناوەرۆکە لە زانکۆ و بەتایبەتی لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی وەبەرچاو دەکەوێ. هەڤاڵێکی گەنجم هەبووخەڵکی یەمەنی باکووریی، هەتا توانی پارەی کۆ کردەوە بۆ ئەوەی بێت بۆ بەریتانیا و لە لقێکی کۆمەڵناسیدا بخوێنێ (بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و) چۆنییەتیی گەشەپێدانی شارەزاییە رۆژئاواییەکان فێری خۆجێییە نەفامەکان دەکا. داوام لێکرد سەیرێکی کتێبی وانەکەی بکەم، کتێبێکی ئەستووری نیشان دام، هێندە خراپ نووسرابوو، ئەوندە پڕبوو لە زاراوەی نالەبار و بێنێوەرۆکی تەکنیکی کە نەتدەتوانی لێی تێبگەی. ئەو چەند سەد لاپەڕەیە کە پڕبوو لە زاراوە، بە ئاسانی لە دە لاپەڕەدا کورت دەکراوە.

بەڵێ دەزانم کە پێشنیارکردنی بابەت و ئاڵۆزکردنی هزرەکان لە ناوەندە زانکۆییەکان (هەروەك جاناتان سویفت دەڵێ غەدری سەدەی حەڤدە و هەژدە) لەگەڵ کۆمۆنیزمدا دەستی پێنەکردووە، بەڵام خۆبەزلزانی و یاریکردن بە وشە و درێژدادڕیی کۆمۆنیزمیش لە زانکۆکانی ئەڵمانەوە سەری هەڵداوە و ئەمێستا بۆتە چەشنێك برش[٤] کە دونیا هەڵیهێناوە.

یەکێك لە دژوازییەکانی چاخی ئێمە ئەوەیە کە بۆچوونی قووڵ سەبارەت بە چۆنیەتیی ئاکار و بیرکردنەوەی ئەم زیندەوەرەی بە مرۆڤ ناسراوە و ئیدە بگۆڕەکانی کۆمەڵگای ئێمە زۆرجاران بە زمانێك دەردەبڕدرێ کە زۆر کەس لێی تێناگا.

دووەم خاڵی پێوەندیدار بە خاڵی یەکەم، ئەوەیە کە کاریگەریی بۆچوونە بەهێزەکانی ئێمە لەسەر هەڵسوکەوتمان تەنیا لە رستەی کورت و تەنانەت لە راڤە یان وتە دروشماوییەکاندا دەردەکەون. وتووێژکاران لە هەموو نووسەران دەپرسن "ئاخۆ پێتانوایە نووسەر دەبێ...؟" یان

---

٤- برش: کەڕوو

"ئاخۆ شایانە نووسەر ..." پرسیارەکە هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ سەر هەڵوێستە سیاسییەکان، لێرەدا وادانراوە کە ئەم وشانە دەربڕی ئەوە بن کە نووسەر دەبێ تاکە کارێك بکا، بەبێ سەرنجدان بەوەی کە ئەو کارە چ بێ. رستەی "ئاخۆ نووسەر دەبێ ..." یان "ئاخۆ شایانە نووسەر ..." مێژوویەکی کۆنی هەیە کە لەوە دەچێ بۆ کەسانێکی کە بەبێ سەرنجدان و هەر لە خۆوە بەکاری دێنن نەگونجاو بێت. واتایەکی درشماویی دیکە "بەڵێن"ە کە دەمێك نییە لە مۆد کەوتووە. پرسیار کرا "ئاخۆ فلان کەس نووسەرێکی بەڵێندەرە؟"

یەکێك لە بەدیلەکانی "بەڵێن" بردنەسەرەوەی ئاستی وشیارییە کە ئەویش شمشێرێکی دوو دمە[5]. بەو کەسانەی ئاستی وشیارییان دەچێتە سەرێ رەنگە کۆمەڵێك زانیارییان پێ بدرێ کە نیانە و پێویستیی تەواویان پێیان هەیە یان لەکاتی پێویستدا دەبنە هۆی ورەپێدان.

بەڵام باسەکە تاڕادەیەکی زۆر هەمیشە بەجۆرەیە کە تەنیا ئەو شتانە بە قوتابیی دەگوترێتەوە کە مامۆستاکەی پێی باشبووە. بردنەسەرێی ئاستی وشیاریش وەکو "بەڵێن"و "ئاراستەی دروستی سیاسی"ی درێژەی هەمان ملهوڕی لاوازکوژی هەمیشەییە واتە "هێڵی حیزب".

لە رەخنەی ئەدەبیدا شێوەیەکی زۆر باو هەیە کە دەرناکەوێ یەکێکە لە دەرەنجامەکانی کۆمۆنیزم. بەڵام وایە. هەموو نووسەرێك ئەم ئەزموونەی هەبووە کە پێی بڵێن فلانە رۆمان یان چیرۆك سەبارەت بە فلانە شتە. سەردەمێك من چیرۆکێکم بەنێوی "پێنجەمین منداڵ" نووسی کە دەستبەجێ ئەویان لە دۆسییەی کێشەی فەلەستین یان لێکۆڵینەوی ژێنێتیکی یان فێمێنیزم یان دژە جوولەکەیی یان نموونەکانی لەم چەشنەدا ئەرشیف کرد. رۆژنامەوانێکی فەرەنسەی هاتە ژووری دانیشتنەکەم، هێشتا دانەنیشتبوو، گوتی **"هەڵبەت دەزانم کە پێنجەمین منداڵ باسی ئەیدز دەکا"**. دڵنیاتان دەکەم کە قسەیەك لەوە باشتر بۆ کۆتایی هێنان بە گفتوگۆکە نادۆزنەوە. کەچی ئەگەر بڵێن "ئەگەر بمویستبوایە سەبارەت بە ئەیدز یان کێشەی فەلەستین بنووسم ناملیکەیەکم رەش دەکردەوە" سەرتان سووڕ دەمێنێ. ئەوەی کە کاری هونەریی "بەڕاستی" دەبێ سەبارەت بە فلانە شت بێت، یەکێکە لە پاشماوەکانی "سوسیال ریالیزم" و "ریالیزمی سووسیالیستی". چیرۆك نووسین و ئەویش تەنیا لەبەر نووسینی چیرۆك ئەگەر نەڵێم دواکەوتوانەیە لانیکەم رابواردنە. ئەم فەرمانە کە چیرۆك دەبێ سەبارەت بە شتێك بێ، هەڵقولاوی بیری کۆمۆنیستی و بەر لەوەش بیرێکی ئایینییە کە

---

٥- شمشێری دوودم: شمشێرێك کە هەر دوو بەرەکەی تیژە و دەبڕێ. دوو دەمە.

کتێبگەلێکی سادە ـ بە سادەیی ڕێنوێنیی "شێوەی بەکارهێنان" لە سەر قوتووی کەلوپەل ـ بۆ پاکژکردنەوەی ناخ دەخوازێ.

دەستەواژەی "ئاراستەی دروستی سیاسی" لە سەردەمێکدا هاتە ئاراوە کە کۆمۆنیزم بەرەو ڕمان بوو و پێموانییە کە ئەمە ڕێکەوت بووبێ. نالێم کە ئالای کۆمۆنیزم ئەمێستا کەوتۆتە دەستی سیاسییە ریفۆرمخوازانەوە. دەمەوێ بڵێم کە عادەتە هزرییەکان بێ ئەوەی بزانێ هەر لە خۆوە وەردەگیرێن.

گومان لەوەدا نییە کە دەسەڵاتداریێتی و ئەمرکردن بەسەر خەڵکیدا، کە چۆن دەبێ هەڵسوکەوت بکەن کارێکی زۆر سەرنجڕاکێش و خۆشە. من ئەم بابەتە بەجێی ئەوەی بە زمانی ڕووناکبیرانە دەربڕم لە ئاستی ساوایاندا دەیڵێمەوە چونکە پێموایە کە ئەمە ئاکارێکی تایبەتە بە ساوایان. هونەر بەگشتی هەمیشە لەناکاو و سەرەڕۆ و سەرکەش و لە باشترین حاڵەتی خۆیدا بێزارکەرە. ئەدەبیات بەتایبەتی هەمیشە بۆتە هۆی پێکهێنانی لێژنەی لێکۆڵینەوە و سەرهەڵدانی کەسانێکی وەکو ژێدانێف و وروژاندنی هەستی ئامۆژگاری و لە خراپترین حاڵەتیدا ڕاوەدوونان و ئازار بووە. من لەوە ناڕاحەتم کە لایەنگرانی "ئاراستەی دروستی سیاسی"ی بەڕواڵەت نازانن کە سەرمەشق و پشتەکانیان کێ بوون و تەنانەت ناڕاحەتترم کە ڕەنگە بزانن و خۆی لێ گێل بکەن.

بەڵام ئاخۆ "ئاراستەی دروستی سیاسی" لایەنی چاکیشی هەیە؟ بەڵێ هەیەتی. چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەبارەت بەو شتەی کە بە مسۆگەری دادەنێین دیسان بیر بکەینەوە و وردبینەوە کە هەمیشە کارێکی بەنرخە. تووشبوون ئەوەیە کە لە گشت تەڤگەرە جەماوەری و گشتییەکاندا کەمینەیەکی شێت لەپەڕاوێزدا هەن کە خێرا لە پەڕاوێزەوە دێنەوە نێو جەرگەوە و کارەکە بەدەستەوە دەگرن. بە قەد هەر پیاو یان ژنێکی کە هێدی و ژیرانە لە فیکری بەرباسی ئێمە بۆ پێداچوونەوە بە حەتمییەکان و گریمانەکانی ئێمە کەڵك وەردەگرێ، بیست کەسی فێڵباز و پڕ هات و هاوار هەن کە هیچ مەبەستێکیان بێجگەلە زاڵبوون بە سەر خەڵکیدا نییە. ئەو خەڵکانەش دیسان هەر ئەو فێڵبازانەن کە خۆیان دژ بە ڕەگەزپەرەستی یان فێمێنیست یان شتی لەو چەشنە دەزانن.

یەکێك لە برادەرەکانم کە مامۆستای زانینگەیە باسی ئەوەی کرد کە گرووپێك لە خوێندکاران پۆلەکانی ژێنێتیکیان بە نیشانەی ناڕەزایەتیی چۆڵ کرد و نەدەچوونە سەر پۆلی ئەو مامۆستایانەی بۆچوونیان لەگەڵ ئایدیالۆژیی ئەوان نەدەهاتەوە. هاوڕێیەکم بانگهێشتی کردن بۆ گفتوگۆ و دیتنی ڤیدیۆیەك بچنە ژوورەکەی کە ڕاستەقینەکانی دەردەخست. شەش کەس لە خوێندکارەکان بە شەلواری جین و تیشێرتەوە کە ئەمڕۆکە بۆتە جۆرێك لە نیشانە، چوونە ژوورەکەی، دانیشتن و لە تەواوی ئەو

ماوەیەی قسەی دەکرد متەقیان لێوە نەهات و کاتێ ڤیدیۆکەی نیشاندان سەریان شۆڕکردەوە و پاشان پێکەوە چوونە دەرێ. ئەمە دیمەن و وێنەی ئاوێنەئاسای ئاکاری کۆمۆنیستی و نواندنی بەکردەوە و دیتنی زەینە داخراوەکانی چالاکە کۆمۆنیستەکان بوو. هەرچەند ئەگەر خوێندکارەکان گوێیان لە شتی وابوایە ئەگەری هەبوو بجەپەسێن. زۆربەی جاران لە بەریتانیادا دەبینم کە دەستوپێوەندە چەتە و رێگرەکان بەکەلکوەرگرتن لە پیسترین و قێزەونترین فێڵ و تەڵەکەکان قەپ بە لاقی ئەندامانی ئەنجوومەنی شار یان بەرپرسانی ژن و پیاو و مامۆستای قوتابخانەکان دادەکەن، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە قوربانیی دەستی ئەوان رەگەزپەرەست یان دواکەوتوو بوون. دیسان دەیان جار دیتوویانە کە پاش ئەوەی دەسەڵاتی سەرتر داوای پێداچوونەوەی ئەوانی بەجێهێناوە روون بۆتەوە کە ئەمان هەر تاوانبارن.

من دڵنیام کە ملیۆنان کەس ئێستا کە کورسیی کۆمۆنیزمیان لە ژێر دەرهاتووە، شێتانە و رەنگە بێ ئەوەی بۆخۆیان هەستی پێ بکەن بەدوای دۆزینەوەی ئایدیالۆژییەکی دوگماتیستیی دیکەوەن.

# روخسارگەلێك لە بوهمیا

**دوریس لێسینگ**

ئەو بڕگانەی کە لەم دەفتەرەدان، لە پرۆڤەکانی پیانیستێك دەچن کە دەیهەوێ لە داهاتوودا ببێتە ژەنیارێکی لێهاتوو. ناتوانین حاشا لەوانە بکەین، لەبەر ئەوەی زۆر زیندوون و بینینە خێرا و جاروبارە دلڕەقەکانی ئەو وەخۆ دەگرن. هاورێ لەگەڵ لێکدانەوە و "بڕیار"دانێکی پڕ وەسوەسەدا کە چاوەڕوانیمان هەیە... بەڵام راوەستن: لەوەدەچێ وشەی "بڕیاردان" گونجاو نەبێ. ڤیرجینیا وۆڵف بە سەلیقەیەکی وردەوە بایەخی بە وەسوەسەکانی خۆی دەدا: **"پێموایە سەلیقە و تێڕوانینەکەی وردەکاریی تێدا نەبێ، کاتێ باسی مرۆڤەکانی دەکرد، لە شتی سواو دەدوا و روانگەیەکی سووکی دەردەخست"**.

## "خاتوو ریوز":

لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ئەمە دەبێتە شێوازی دارشتنی و پێداگرییەکەی ئەوە وەبیر مرۆڤ دەخاتەوە کە خودی ڤیرجینیا وۆڵف لە فێبریوەری ١٩١٠ـدا (لەحاڵێکدا کە ٢٨ساڵی تەمەن بوو. و.) لە فرتوفێڵێکی گەمژانەدا بەشداریی کرد و لەگەڵ هەڤاڵانی وا خۆی نیشاندا کە لەگەڵ قەراڵی ئیتیۆپییە، سەردانی پاپۆڕێکی سەربازیی ئینگلیزی کرد، لەگەڵ هەمان هەڤاڵانی ئەو وشە قەشمەرییانەی لە سەر زار بوو کە تەنیا لە منداڵێکی قوتابی دەوەشێتەوە کە تازە فێری قۆڕیات بووبێ. هەروەها تاڕادەیەك دژە جولەکە بوو، بە جۆرێکی کە جاروبارە مێردە هاندەرەکەی کە ئاشقی بوو بە وشەی "جولەکە" بانگی دەکرد. لەم دەفتەرەدا بابەتی "جولەکان" ناخۆشە. بەمحاڵە نابێ پێرسۆناژی غەلبەغەلب ساز و توندی " بە جولەکەکردنی

ژن لە دوایین ڕۆمانی واتە "ناوبڕەکان"دا لەبیر بەرینەوە ـ ڤیرجینیا وۆڵف ئەوی خۆشدەوێ و بە سۆزەوە تاریفی کردووە. بەم پێیە نووسراوەکانی ڕەنگدانەوەی ڤیرجینیای کرچ و کاڵە، ئەمە لە کارە سەرەتاییەکانییەتی و ڕەنگە کەسانێك پێیانوابێ کە بریا نەدۆزرابوایەتەوە. نا، هەمیشە باشترە کرچ و کاڵیی نووسەرێك ببینین، بۆ ئەوەی پێ بزانین چۆن گەشەی کردووە و بە پوختەیی گەیشتووە.

بەبێ وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە کە ئەوان دڵ و گەوهەری بوهمیا بوون هیچکام لە هونەرمەندانی بلومزبری (وۆلف و هاوڕێکانی) درك ناکرێن.

ئەمڕۆکە ئاراستەکانی بوهمیا (ژیانی پەڕاوێزیی، ژیانی ئاسایی) وەها ئاوێتەبوون کە ناتوانین بزانین لەو سەردەمەدا تا چ رادەیەك لە پێوەرەکانی سەردەم دوور بوون. ئەندامانی گرووپی بلومزبر بە پێچەوانەی نەیاران و مرۆڤەگەلێکی دژوازی وەك توێژی بازاڕیی یان پیشە و سات و سەودا و هەستیار، ئاشقی هونەر بوون. ئەی ئێم. فاستێر هاوڕێی خۆشەویستی ڤیرجینیا وۆڵف، کتێبی "مردنی هاروارد"ی تەرخان کرد بۆ دوژمنایەتیی بنەماڵەی ڤیلکاکس لەگەڵ هونەر: لە بەرەیەکدا لایەنگرانی شارستانییەت و لە بەرەکەی دیکەدا نەیارانی هونەر. لایەنگرانی بوهمیا پێیان وابوو هەستیاری و بلیمەتبوون هەمان خەباتە بۆ درێژەدان بە ژیانی بایەخە راستەقینە و ڕاستەکان و دژ بە گاڵتەجاڕی و سەقەت تێگەیشتن و زۆرجارانیش ستەم. زۆربەی بنەماڵە تووڕەکان لەگەڵ گەنجانی لایەنگری بوهمیا هەڵسوکەوتی بەرەنگاربوونەوەیان هەبوو.

بەڵام نە هەر ڤیلکاکسەکان و مرۆڤە مۆن و سووك و چروکەکانی چینی مامناوەند، بەڵکو گشت ئەو کەسانەی کە کاریان دەکرد نەیار بوون. ئێستا لەخۆبایی بوونی ڤیرجینیا وۆڵف و هاوڕێکانی (کە کەسیان پەسند نەدەکرد) نەتەنیا گاڵتەجاڕانەیە بەڵکو نیشاندەری نەفامی و بەرچاوتەنگییە و خەساری پێدەگەیەنێ. لە کتێبی "مردنی هاروارد"ی فاستێردا دوو ژنی گەنجی ئەریستۆکراتی بەدیتنی ئازاری کارمەندێك دەڵێن: " هەستی جیایان هەیە"، ئەم رستەیە قسەکانی سپی پێستەکانم وەبیر دێنێتەوە کە بە دیتنی هەژاری و بێدەرەتانی قولەڕەشەکان گوتیان: "ئەوان لە ئێمە ناچن، پێستیان ئەستوورە".

سەبارەت بە "ڤیرجینیا وۆڵف" تووشی ئاڵۆزییەك لە بایەخی بڕیاردانی ناخۆش دەبین کە بەشێکیان پێوەندیی هەیە بە سەردەم و ئەوانی دیکەشیان شەخسین. ئەم پرسە ئێمە ناچار دەکا جارێکی دیکە بچینەوە سەر خوێندنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی. ئەو بەرهەمە ڕەخنەییانەی کە لە

سەردەمی خۆیاندا و ئێستاکەش لە باشترینەکانن. بەمحاڵە ئەو یەکلایەنە بڕیاری دەدا، ڕاست وەکو مرۆڤێکی ڕادیکاڵ یان سەر بە چینێك کە پێی وایە ئەو ڕاستەقینەیەی خۆی دەیناسێ تاکە ڕاستەقینەیە. وۆڵف تەنیا وردەکاری و هەستیاربوونی لە نووسیندا پێ گرنگ بوو. لەم ڕووەوە نووسەرانێکی وەکو ئارنۆڵد بێنت، نەتەنیا هی بەرەی ڕابردوو بوون و وتەکانیان کۆن، بەڵکو شایانی ئەوە بوون فەرامۆش بکرێن. ڤیرجینیا بڕوای میانەڕۆیانەی نەبوو، بەڵکو هەموو یان هیچی قەبووڵ بوو و لەگەڵ ئەمە نەبوو کە کەسێ دەتوانێ بەرهەمەکانی "بێنت و ڕۆمانەکانی وۆڵف" یان "جیمز جۆیس و وۆڵف"ی پێخۆش بێ. بەداخەوە ڕوانگەی دوو جەمسەربینین هەمیشە زەبری لە دونیای ئەدەب داوە: وۆڵف زەبری وەشاند و بۆ چەند دەیە بۆچوونە سەرەڕۆکانی لە نێوەندە دیارەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا فێبریوەر هەبوو (ڕەنگە لە خۆمان بپرسین بۆچی ئەدەبیات بە ئاسانی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕوانگە نابەجێ و توندڕەوەکانەوە). نووسەرێکی باشی وەك ئارنۆڵد بێنت دەبێ وەلا بنرێ و دواتر بە توندی بەرگریی لێبکرێ. ڕاست بەو شێوەیەی وۆڵف دەیکرد: ئێستا "بێنت" چاك بوو و وۆڵف خراپ. ئەگەرچی ئەمڕۆکە ئیتر تالیی ئەم دژبەرییە سڕدراوەتەوە.

فیلمی کاتەکان، وۆڵف بە جۆرێ نیشان دەدا کە بە دڵنیایی هاوسەردەمەکانی تووشی سەرسوڕمان دەکرد. ئەم فیلمە وەکو ژنێکی نووسەری هەستیاری نیشان دەدا کە زۆر ئازار دەچێژێ. ئەگەر وایە ئەو ژنە بوغزاوی و چاچنۆکە چی لێ بەسەر هات؟ وۆڵف قسەزل و دم شڕ بوو. ئەگەرچی بە زاراوەی ئەریستۆکراتەکان دەدوا. لەوەدەچێ مردن و تێپەڕبوونی زەمان وادەکا بابەتەکە جێی ڕێز بێت و هەموو شتێ هێور و خاوێن دەکاتەوە، بەبێ سەرنجدان بەوەی ڕەنگە هەمان گرژی و کرچ و کاڵی و دژەباوبوونەکەی، سەرچاوە و پارێزەری ئافراندن بووە. هەڵبەت ئەوەی کە وۆڵف دواتر وەکو ژنێکی نووسەری دیار و ئەریستۆکرات بناسرێ حاشاهەڵنەگر بوو، بەڵام من پێموانییە کەسێ بیری لەوە کردبێتەوە کە ئەکتەرێکی گەنج و جوان و ئەمڕۆژین (نیکل کیدمەن) دەوری ئەو ببینێ، دەوری ژنێکی کە قەت پێنەدەکەنی و گرژ و مۆنییە هەمیشەییەکەی بیری قووڵ و ئاڵۆزی ئەوی نیشان دەدا. بەڵام خوایەگیان خۆ وا نەبوو! ڤیرجینیا کاتێ نەخۆش نەبوو چێژی لە ژیان وەردەگرت، ئاشقی جێژن و ڕابواردن و هاوڕێکانی و سەیران و پیاسەکردن و گەڕان بوو. ئێمە چەندە ژنانی ستەملێکراومان خۆش دەوێ، ژنانی قوربانیی دەستی چارەنووس.

ئەوشتەی وۆڵف توانی بۆ ئەدەبیاتی بکا ئەزموون کردن بوو، ئەو ئەزموونانەی کە لە تەواوی ژیانیدا درێژەی هەبوو: دەیویست رۆمانەکانی وەکو تۆرێك ئەو شتانە بنوێنن کە بە راستەقینەی مەزنتری ژیانی دەزانی. شێوازەکانی وۆڵف بە یارمەتیی هەستیاربوونەکەی هەوڵی دەدا ئەوشتەی کە زیندووی کردبۆوە بیکاتە "قاوغێکی درەوشاوە". قاوغێکی کە دەیویست بڵێ وشیاریی ئێمە لەوجۆرەیە نەك رەوتێکی ئاسۆیی و شەکەتهێنەر کە پێی وابوو پێکهێنەری بەرهەمەکانی بێنت ـ ە.

کەسانێك هەن کە یەکێك لە کتێبەکانی ئەویان خۆش دەوێ، کەسانێکی دیکە کتێبێکتری ئەویان لەبەر دڵە. تاقمێك رۆمانی "شەپۆلەکان" ستایش دەکەن. رۆمانێکی کە زێدەرۆترین ئەزموونی ئەوی دەردەخست و بە بۆچوونی من ناسەرکەوتوو بوو، ئەگەرچی بە بوێرییەوە نووسرابوو. "شەو و رۆژ" دەستکردترین رۆمانی ئەو بوو و مرۆڤە ئاساییەکان بە ئاسانی هۆگری دەبوون. بەڵام دواتر هەوڵیدا زیاتر لێی قووڵ بێتەوە. لە یەکەم رۆمانەکەیەوە "سەفەر بۆ دەرەوە" هەتا دوایین رۆمانی، واتە "ناوبڕەکان" کە بە بۆچوونی من مۆرکی هەقیقەتی لێدراوە، جاری وایە چەند بەشێك و جاری واشە چەند وشە یان چەند رستەم لەم رۆمانە دێتەوەبیر کە دەربڕی پیربوون یان ژیانی هاوبەش بوو یان ئەزموونی روانین لە وێنەی خۆشەویستی وەخۆگرتبوو ـ ڤیرجینیا وۆڵف هەمیشە نووسینی بە پێشڕەویکردن بۆنێو ئەزموونە بوێرانەکان دەزانی و ئەگەر بەرهەمەکانی ئەو بەبێ بایەخ دادەنێین ـ بەشێك لە هەوڵەکان بۆ خۆبەراوردکردن جێی داخە ـ دەبێ لەبیرمان نەچێتەوە کە بەبێ ئەو، بێ جیمز جۆیس (لایەنە هاوبەشەکانی نێوان ئەم دوانە لەوە زیاترە کە هەرکام لەوان باسیان کرد) ئەدەبیات هەژارتر دەبوو.

ڤیرجینیا وۆڵف نووسەرێکە کە کەسانێك بە نەفرەتکردن لێی چێژ وەردەگرن. کاتێ کەسێ ـ وێڕای رێزم بۆ بۆچوونەکەی ـ قسەی ناخۆشی پێ دەڵێ، بۆم دڵتەزێنە. هەمیشە هەوڵ دەدەم رازیی بکەم: چۆن تێناگەن کە ئەو ژنێکی سەرسوڕهێنەرە... بە بۆچوونی من باشترین بەرهەمەکەی "گاورلاندۆ"یە کە هەمیشە وەپێکەنینم دەخا، کتێبێکی تەنزاوییە، پارچە زێڕێکە، هەروەها "بەرەو فانۆسی دەریایی" کە من پێموایە یەکێکە لە باشترین رۆمانەکانی زمانی ئینگلیزی. بەمحاڵە نەیاران ناتوانن خاڵێکی پۆزەتیڤی تێدا بدۆزنەوە. دەمەوێ نارەزایەتیی دەرببڕم و بە جێی گوتنی "رۆمانە سامناکەکانی ڤیرجینیا وۆڵف" یان "ئۆرلاندۆی

گەمژانە" واباشترە بڵێین: "من ئۆرلاندۆم پێخۆش نییە"، "من بەرەو فانۆسی دەریاییم پێخۆش نییە"، "من ڤیرجینیا وۆڵفم خۆش ناوێ".

ئاریشەیەکی دیکە کە تووشی ئەو بووە ئەوەیە کە ئەگەر بەرهەمە پوختەکانی وەلابنێین، دەبینین زۆرجاران بە سەر لێوارێکی تیژدا دەڕوا، ئەو شوێنەی کە وەڵام بە پرسیارەکانی بەشە نسێ ئاساکانی ژیانی نەدراونەتەوە. لە دەفتەری ساڵی ١٩٠٩ی ئەودا بڕگەیەکی بچووك هەیە لە ژێر سەردێڕی "هۆڵێکی مۆدێرن" سەبارەت بە "لیدی ئۆتولین مورێل" کە لە ژیان و بەرهەمی زۆر یەك لە هونەرمەندان و نووسەرانی سەردەمی خۆیدا، لە "دی. ئێچ لارێنس" ەوە بگرە تا دەگاتە "برتراند راسێل" رۆڵێکی گرنگی گێڕابوو. لەو سەرەوە کە سەبارەت بە وۆڵف زۆر گوتراوە و نووسراوە، پێمان خۆشدەبێ روانگەی وۆڵف بخوێنینەوە. بە بۆچوونی وۆڵف "لیدی مورێل" خاتوونێکی مەزنە کە لە چینی خۆی بێزار بوو و بەشوێن شتێکەوە بوو کە لە نووسەران و هونەرمەندا دۆزییەوە. ئەوان ئەویان بەشێوەی "رۆحێکی بێ جەستە کە لە دونیای خۆیەوە بەرەو هەوایەکی بێگەرد رایکردووە" دەدیت. لەو سەردەمەدا ئەریستۆکراتەکان شکۆیەکیان هەبوو کە تا بە ئەمڕۆش لە چەند دەڤەرێکدا بۆیان ماوەتەوە و لێرەدا وۆڵف هەوڵدەدا لەم شکۆیە و کاریگەرییەکانی لە سەر "مرۆڤی توێژی خوارەوە" بکۆڵێتەوە. هەر چۆنێ بێ لیدی مورێل کە ئەوندە دست و دڵ ئاوالا بوو و لایەنگریی لێ دەکردن، لە لایەن زۆر یەك لە لایەنگرانی بوهمیاوە بە شێوەیەکی کاریکاتێرانە وەسف دەکرا.

بۆ نووسەران دژوارە کە بە شێوەی بێلایەنانە لەسەر نووسەرانی دیکە بنووسن کە کاریگەریی گرنگی لە سەر من و نووسەرانی دیکەدا هەبووە. هەڵبەت نەك شێوازی ئەزموونە نقیساری یان وتەکانی کە جاروبارە لە زەمان بێ بەریی بوو، بەڵکو بوون، بوێری، بیر و خێرایی گواستنەوە و توانستەکەی بۆ بینینی بارودۆخی ژنان، بێ ئەوەی ناخۆش بێ. کاتێ وۆڵف دەستی کرد بە نووسین، رێژەی ژنە نووسەرەکان کەم بوون. تەنانەت لە سەردەمی منیشدا وا نەبوو. لە یەکێك لە بڕگەکانی دەفتەری ١٩٠٩دا سەبارەت بە جیمز ستێرچی و دۆستانی زانینگەی کەمبریج دەنووسێ: ئاگادار بووم کە نەتەنیا وتەکانم بەڵکو، ئامادەبوونم دەبووە هۆی رەخنەگرتنیان. ئەوان لایەنگری هەقیقەت بوون و گومانیان لەوە هەبوو کە ژنێك بتوانێ هەقیقەت بڵێ یان هەقیقەت هەبێ" و دواتر بە ترسەوە درێژەی پێدەدا: دەبوو لەبیرم نەچووبایە کە مرۆڤی بیست و یەك ساڵ لە چاو تەمەنی ئەوان هێشتا بە تەواوی باڵغ نەبووە!"

پێموایە ئەو زیاتر لە بەر ئەمە تووڕە بوو کە نووسین بۆ ژنان ئاسان نەبوو.

هەموومان ئاواتەخوازین ئەو مرۆڤە ئایدیال و نموونەیەی کە خۆشمان دەوێ پێگەیشتوو و پوخت بێت، جێی داخە کە ڤێرجینیا وۆلف تووڕە و خۆبەزلزان بوو. بەڵام دەبێ لەبەر ئەوە کە بووینەتە هۆگری بیبوورین. بە بۆچوونی من لە باشترین حاڵەتیدا هونەرمەندێکی مەزن بوو، ئەویش تاڕادەیەك لە بەر ئەوە کە وەکو هەڤاڵانی خۆی لە بوهمیادا "لایەنگری هەقیقەت" بوو.

## نووسەران لە ماڵی بێ کتێب و کتێبخانەدا نەبوونەتە نووسەر

**دووریس لێسینگ لە کاتی بەخشرانی خەڵاتی ئـەدەبیاتی نـۆبێلی ٢٠٠٧دا، لەبـەر نەخۆشیی نەیتوانی ئامـادە بـێ، بـەڵام دەقـی ئاخافتنەکـەی لـە لایـەن بڵاوکـەرەوەی بەرهەمەکانییەوە خوێندرایەوە و ئەمەش دەقەکەی:**

لەبەر دەرکە راوەستابووم و چاوم لە هەورە تەماوییەکان دەکرد، لە شـوێنێك کـە هێشـتا دەست لە دارستانەکان نەدرابوو. دوێنـێ مەودایـەکی دوور و درێـژم بـە نێـو دارەبڕاوەکـان و خۆڵەمێشی پاشماوەی ئاگردا تێپەڕاند. ئەو شوێنەی کە ساڵی ١٩٥٦ جوانترین دارستان بوو کە دیتبووم. دارستان تێك درابوو، چونکە خەڵك پێویستییان بە خواردن و سووتەمەنی هـەبوو بۆ ئاگرکردنەوە.

سەرەتاکانی دەیەی هەشتا کە چووبووم بۆ باکووری رۆژئاوای وڵاتی زیمبابۆی، چاوم کـەوت بە یەکێك لە هەڤاڵانم. ئەو مامۆستای قوتابخانەیەکی شاری لەندەن بوو کە هاتبووە ئـەفریقیا هەتا یارمەتیی خەڵکی ئەوێ بدا. کەسایەتییەکی ئارمانخوازی هەبوو. بـە دیتنـی بـارودۆخی قوتابخانەکە کاس و وڕ ببوو. ئەم قوتابخانەیەش هەر وەك گشـت قوتابخانـەکانی دیکـە، پـاش سەربەخۆیی ئەفریقیا دروستکرابوو. قوتابخانەیەك بە چوار پۆلی گەورەی بەخشت دروسـتکراو، لە ریزێکدا. یەك، دوو، سێ، چوار و کتێبخانەیەکی بچووکیش کە کەوتبووە پشتەوەی بیناکە. پۆلەکان لە تۆز و خۆڵ نوقم ببـوون. لـە هـەرکام لـە پۆلەکانـدا تەختەڕەشـێکی لێبـوو کـە، مامۆستا گەچەکانی دەخستە گیرفانییەوە هـەتا کـەس نـەتوانێ بیانـدزێ. قوتابییـەکان لـە قوتابخانەدا نە نەخشەی جوگرافیایان هەبوو، نە گۆی زەوی.. تەنانەت کتێبـی وانـە و کتێبـی خۆراهێنانیشیان نـەبوو. کتێبخانەکـەش کتێبـی دڵخـوازی قوتابییـەکانی تێدا نـەبوو. لـە کتێبخانەکەدا کتێبی ئەستوور و قورسی زانینگەکانی ئەمریکای لێبـوو کـە لەبـەر قورسـیی

تەنانەت ئەوبارەوبار نەدەکران. ئەم کتێبانە لە کتێبخانەکانی سپیپێستەکانەوە هێنرابوون. کتێبگەلێك کە چیرۆکەکانیان پۆلیسیی بوون بەم سەردێڕانەوە: "کۆتایی حەوتوو لە پاریس" یان "فیلیسیتی بەدوای ئەڤینەوە".

لە حەوشەی کتێبخانەکەدا کاژیلەیەکی لێبوو کە لەنێو گژوگیای زەرد و سیس بەدوای لەوەڕدا دەگەڕا. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە هەموو بودجەی قوتابخانەکەی دەدزی و ئەم پرسیارەمان بۆ دەهاتە پێش کە هەڵسوکەوتی ئەمانە بۆچی ئاوایە، خۆ چاك هەستیان پێکردووە کە خەڵکیش پێیان دەزانن؟

هەڤاڵەکەم ئەگەرچی وانەی دەگوتەوە بەڵام بێ پارە بوو. قوتابی و مامۆستاکانیش قەرزیان لێدەکرد و نەیاندەداوە. تەمەنی قوتابییەکانی ئەم قوتابخانەیە لە نێوان شەش بۆ بیست و شەش ساڵدا بوو. هۆی ئەم جیاوازیی تەمەنە ئەوە بوو کە بەشێك لە قوتابییەکان نەیانتوانیبوو پێشتر بخوێنن و ئەمێستاش دەیانویست قەرەبووی بکەنەوە. بەشێك لە قووتابییەکان لە شوێنی دوورەوە، بەگەرما و سەرما دەهاتن. گوندەکان کارەبایان نەبوو و نەیاندەتوانی لە ماڵەوە مەشقی قوتابخانە جێبەجێ بکەن و خوێندنەوە لەبەر شۆقی سووتانی درەختەکانیش ئاسان نەبوو. کچەکان پاش قوتابخانە خەریکی چێشت لێنان و ئاوهێنان بوون لە ئەستێر و بەیانیی زوو پێش چوون بۆ قوتابخانە ناشتایان حازر دەکرد.

لە ژووری مامۆستاکان دانیشتبووم و لەگەڵ هەڤاڵەکەم قسەم دەکرد. قوتابییەکان بە شەرمەوە سەردانیان دەکردم و داوای کتێبیان دەکرد. یەکێك لە قوتابییەکان هاتە پێشێ و گوتی: **"تکا دەکەم کاتێ چوویەوە بۆ لەندەن کتێبمان بۆ بنێرە، ئەگەرچی فێری خوێندنەوە و نووسینەوە بووین، بەڵام هیچ کتێبێکمان نییە بیخوێنینەوە!"**. چاوم بە هەر کەسێك دەکەوت داوای کتێبی دەکرد.

چەند رۆژێك لەوێ مامەوە. گێژەڵووکە تەواو ببوو. ئاوی بیرەکە بە هۆی تێکچوونی ترومپاوە دابەزیبوو و ژنان ناچار بوون دیسان لە چۆمییەوە ئاو بێنن.

مامۆستایەکی ئاڕمانخوازی دیکە کەلە لەندەنەوە هاتبوو لە بارودۆخی قوتابخانەکە زۆر ناڕازی و نیگەران بوو.

لە رۆژی کۆتایی کۆرسدا کاژیلەکەیان سەربڕی و ئەنجنیان و خستیانە پوتی(تەنەکە)یەکی گەورە و بە گۆشتی کاژیلەکە شۆرباویان ساز کرد. ئەم مەڕاسیمە جێژنی کۆتایی ساڵی خوێندنی قوتابییەکان بوو. کاتێ ئەوێم بەجێهێشت ئەوان سەرقاڵی مەراسیمەکە بوون.

لەوە ناچێ قوتابییەکانی ئەم قوتابخانەیە ببنە قوتابییەکی زیرەك.

چەند رۆژێك پاش گەڕانەوەم بۆ لەندەن، چووم بۆ قوتابخانەیەکی مۆدێرن بە کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند، هەڵکەوتوو لە باکووری شار، کە کتێبی تایبەت بە قوتابییەکانی تێدابوو. هەموو هەفتەیەك کەسایەتییەکی ناسراو دەهات و بە قوتابییەکان دەناسێندرا. ئەمە بۆ قوتابییەکان زۆر سەیر و سەمەرە نەبوو. لەبەر ئەوەی ئەوان باوك یان دایك یان خزمانی نزیکی خودی قوتابییەکان بوون.

بیرەوەرییەکانی زیمبابۆی، قوتابخانەیەك لە سەر ڕێی ڕەشەباکانی باکووری رۆژئاوای زیمبابۆی، مێشکمی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. لە پۆلەکەمدا منداڵان چاوەڕوان بوون هەتا بیرەوەریی سەفەرکردنم بۆ زیمبابۆیان بۆ بگێڕمەوە. قوتابخانەیەکی کە هیچ پێداویستییەکی فێرکردن و بارهێنانی تێدا نەبوو، قوتابییەکانیش نە کتێبی وانەیان هەبوو نە کتێبی خۆڕاهێنان. تەنانەت لە پۆلەکەشدا نەخشەیەك بە دیوارەکەدا هەڵنەواسرابوو. قوتابخانەیەك کە مامۆستاکانی داوای کتێبیان دەکرد هەتا شێوازی وانەگوتنەوە فێربن. ئەوان کاتێ دەستیان بە وانەگوتنەوە دەکرد تەمەنیان تەنیا ١٨ یان ١٩ ساڵ بوو. پێم گوتن: لێرە هەرکەس کە چاوی بە من دەکەوێت داوای کتێبم لێدەکا. پەیڤدارانێکی کە ئامادەی ئەم کۆڕەن بەدڵنیاییەوە ئەو ساتانە وەبیری خۆیان دێننەوە کە چۆن گوێگران بە سەرسووڕمانەوە گوێبیستی قسەکانیانن. ئەوان بەزەحمەت لە قسەکانی ئێوە تێدەگەن. چونکە راستەقینەگەلێکی ئەوتۆیان ئەزموون نەکردووە یان نەیاندیتووە و ناتوانن پێوەندیی لە نێوان قسەکانی ئێوە و وێناکردنەکانی خۆیاندا ساز بکەن. درککردنی راستییەکان و بیرەوەرییەکانی زیمبابۆی کە دیتوومن بۆ قوتابییەکان زۆر سەخت بوو. قوتابخانەیەکی کە لە سەر ڕێی هەورە ڕەش و تاڵەکاندا بوو. ئەو شوێنەی کە دانیشتوانەکەی لە بێ ئاویدا ئازاریان دەچێشت و ئەو قوتابییەکانیشی بە سەربڕینی کاژیلەی قوتابخانەکەیان جێژنی کۆتایی ساڵی خوێندنیان دەگرت.

ئاخۆ بەڕاستی ئەوان لەم بارودۆخە تێناگەن؟

ئەوپەڕی هەوڵمدا هەتا قوتابییەکان بتوانن لە بیرەوەرییەکانم تێبگەن و ئەوانیش قوتابیی ڕێکوپێك بوون و گوێیان لە هەموو قسەکانم دەگرت.

سەرەڕای زاڵبوونی بارودۆخێکی ئاوا لە زیمبابۆی، هەمیشە پێمابوو کە بەشێك لە قوتابییەکانی ئەوێ دەبنە قوتابیی سەرکەوتوو.

پاش تەواوبوونی پۆل مامۆستاکانم دەدیت و ئـەوانیش هـەر وەك هەمیشـە سـەبارەت بـە کتێبخانە و ئەوەی کە ئاخۆ قوتابییەکان کتێب دەخوێننەوە یان نا، پرسیاریان دەکـرد. لێـرەدا لەم قوتابخانە تایبەتییە (قوتابخانەی تایبـەت بـە چـینی دەستڕۆیشـتووی کۆمـەڵگا) و بـاقی قوتابخانـە و زانینگەکانـدا هەمیشـە بـاس و خواسـی هاوشـێوە لـەبارەی خوێنـدکارەکان دەبیسـتمەوە. هـەر وەك دەزانـن زۆربـەی قوتابییـەکان کتێـب هـەر ناخوێننـەوە و بـە پێـی لێکۆڵینـەوەکانمان قوتابیـانی ئـەم قوتابخانەیـە تـەنیا نیـوەی کتێبـەکانی کتێبخانەکـەیان خوێندۆتەوە.

خۆ ئەوە دەزانن! بەڵێ هەموومان ئاگاداری ئەم چەشنە کێشانە هەین.

ئێمە لە کولتوورێکی لێکهەڵوەشاوەدا دەژین کە دڵنیابوونمانی سەبارەت بە کولتووری چەند دەیەی رابوردوو تووشی گومان کردووە. زۆربەی خوێندکاران کە چەندین ساڵ خوێندوویانە و بە پلەی بەرزی زانستیی گەیشتوون و سـوودیان لـە زانسـتی نـوێ وەرگرتـووە، هێشـتا دونیـای دەوروبەری خۆیان ناناسن و هیچ کتێبێکیشیان لەو بارەیەوە نەخوێندۆتەوە و تەنیا زانسـتێکی کەمیان لە لقە پسپۆڕییەکانی وەك کۆمپیوتەر و باقی زانستەکاندا هەیە.

داهێنانی کۆمپیوتێر، ئینتێرنێت و تەلەڤیزیۆن گرنگترینی ئـەو گۆڕانکارییانـەن کـە لـەم چەند دەیەیەی ئەم دوایانەدا رووی داوە. هەڵبەت دەبێ بڵێم کە ئەمـە یەکـەم گۆڕانکارییـەك نەبووە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی رووبەڕووی بۆتەوە. داهێنانی چاپ ئەگەرچی پێوەنـدیی بـەم چەند دەیەیەی رابوردووە نییە، بەڵام تێڕوانین و بیرکردنـەوەمانی گۆڕیـوە. ئەگەرچـی زۆربـەی کارەکانی رۆژانەمان بەیارمەتیی ئەم تێکنۆلۆژییانەوە دەکـەین بـەڵام، قـەت بـۆ سـاتێکیش نەبووە لەخۆمان بپرسین، بە داهێنانی چاپ چ گۆڕانێك روویـداوە؟ ئینتێرنێـت چـۆن ئـاڵوگۆڕ بەسەر بیروڕاماندا دێنێت؟ بەڵام زۆربەی خەڵك بە کەڵکوەرگرتن لەم تێکنۆلۆژییە نوێیـە واتـە ئینتێرنێت چەواشە بوون. بەشێك لە خەڵکانی خاوەن بیریش ددانیان بەوە داهێناوە کە بوونەتە دیلی ئەم تێکنۆلۆژییە نوێیە و ناتوانن لێـی دابـڕێن و جـاری وایـە بـێ ئـەوەی هەسـت بـە تێپەڕبوونی کات بکەن سەرلەبەری رۆژەکەیان بەفیڕۆ دەدەن!

ئەمڕۆکە هەموو کەسێك، تەنانەت کەسانی تاڕادەیەك خوێندەواریش بۆ داهێنان و فێربوون بایەخێکی زۆر دادەنێن و خۆیان بە قەرزداری پاراسـتن و رێزگـرتن لـەم بەرهەمـە ئەدەبییانـە دەزانن. بەدڵنیاییەوە هـەموومان بـاش دەزانـین کاتـێ بۆچـوونی ئەرخەیانبەخشـی ئاوامـان سەبارەت بە ئەدەبیات هەیە هەمووی وایدەنوێنن کە خـەریکی خوێندنـەوەن و لـە بەرامبـەر

بەفیڕۆچووندا وریان. بەڵام بەپێی بەڵگەکان کارمەندی کتێبخانە و دامـەزراوە و زانینگـەکانی سەدەی ١٨ و ١٩ وایان درکاندووە کە ئەو کات ژنان و پیاوانی خاوەن ئیش و کار ئاواتـەخواز بـوون کـە کتێبیـان بوایـە و بیانخوێندبوایەتـەوە! راسـتییەکەی ئەوەیـە کـە لـە رابـوردوودا خوێندنەوەی کتێب بەشێك بووە لە پەروەردەی گشتی!

کەسانی بەئەزموون کە بەردەنگەکانیان لاوانن، دەبێ ئاماژە بکەن بە ئاسـتی پـەروەردە و خوێندنەوەی کتێب لە رابوردوو، چونکە لاوان کـەم لـەرابوردوو دەزانـن. دەبـێ بـزانن ئەگـەر کەسێك ناتوانێ بخوێنێتەوە لەبەر ئەوەیە هیچ کتێبێکی نەخوێندۆتەوە.

هەموومان بەم چیرۆکە تاڵە دەزانین بەڵام نازانین کە بەرەو کوێ دەڕوات.

هەمووومان ئەم پەندەی پێشینیانمان بیسـتووە کـە دەڵـێ "خوێندنـەوە مـرۆڤ دەوڵەمەنـد دەکا"، لە راستیدا مرۆڤەکان بە خوێندنەوەی کتێب دەتوانن زانیارییەکی زۆر لەبارەی مێژوو و زانستە جۆراوجۆرەکان بەدەست بێنن.

دەبێ بزانین کە ئێمە تەنیا مرۆڤ گەلێك نین کە لەم عەردەدا دەژیین. ماوەیەك لەوە پـێش، یەکێك لە هەڤاڵانم کە سەفەری کردبوو بۆ زیمبـابۆی، تەلـەفۆنی بـۆکردم و گـوتی: کاتـێ لـە زیمبابۆی بووم خەڵکی گوندەکە سێ رۆژ بوو نانیـان نـەخواردبوو، بـەڵام لـەبارەی پـەروەردە و فێربوون و دابینکردنی کتێب قسەوباسیان دەکرد.

من ئەندامی ئەنجوومەنێکم لە لەندەن کە بۆ مەبەستی ناردنی کتێبی قوتابخانە بۆ گوند و شوێنە دواکەوتووەکان دامەزراوە. گرووپێك لەو کەسانەی کە سەفەریان کردبوو بۆ زیمبابۆی بە پێچەوانەی قسەی دیـتران، رایانگەیانـد **"گوندییـەکان خـەڵکێکی وشـیارن، لـە گونـدەکان مامۆستای قوتابخانەکان خانەنشین کراون، مامۆستا و قوتابییەکان لـە پشـوودان، زۆربـەی گوندییەکان بەتەمەنن"**. کورتە لێکۆڵینەوەیەکم سەبارەت بـە مـەیلی خـەڵکی زیمبـابۆی بـۆ کتێبە جۆراوجۆرەکان ئەنجام دا و بەڵام دواتر تێگەیشتم وڵاتی سویدیش چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجام داوە و بەدەرەنجامی یەکسان گەیشتووە. لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە ئەوان پێیانخۆشە ئەو کتێبانە بخوێننەوە کە ئەوروپییەکان دەیخوێننەوە. کتێب گەلێك وەکو چیرۆکی خـەیاڵی ـ زانستی، شیعر، چیرۆکی پۆلیسی، شانۆیی، کتێبەکانی شکسپیر و کتێبـی رێنـوێنی وەکـو " چۆن حیسابی بانکی بکەینەوە"، هەڵبەت کـەمتر پێشـوازیی لـە کتێبـی رێنـوێنی دەکـرێ. زۆرینەیان کتێبەکانی شکسپیر دەناسن. یەکێك لە کێشەکانی دەستنیشانکردنی کتێبی گونجاو بۆ گوندییـەکان، نائاگـاداربوون بـووە لـە کتێبـەکانی ئـەورووپا. کتێبـەکانی قوتابخانـە وەك

"سەرۆکی شارەوانیی کستێربریج" و ڕۆمانی "مەزرای ئاژەڵان" لەو کتێبە ناسراوانەن کە پێشوازییان لێکراوە کە ئەمەش بە هۆی ئاگاداربوونیانە لەم چەشنە کتێبانە.

لەم ئەنجوومەنە بچووکەدا هەمووومان هەوڵ دەدەین لە هەر شوێنێك کە دەتوانین کتێب دابین بکەین. بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە دابینکردن و ناردنی کتێبێك لە بەریتانیای پێش حکوومەتی سامناکی موگاب (یەکەم سەرۆك کۆماری دەوڵەتی زیمبابۆی لە ساڵی ١٩٨٠) بەقەد مووچەی مانگێکی کارمەندێك بوو. بەڵام بە سەرنجدان بە رادەی هەڵئاوسان لە بەریتانیا بەقەد مووچەی چەند ساڵی کارمەندێکە. بۆ ناردنی کتێب بۆ گوندەکان دەبێ کێشەگەلێکی وەکو کەمبوونی بەزین و گواستنەوە و گەیاندنیش وەبەرچاو بگرین کە زۆر جاران لە نێو ڕێدا کتێبە پێچراوەکان هەڵدەوەشێنەوە.

کتێبخانەی گوندەکان زۆرجاران بە کۆلکەدار لە ژێر درەختەکان و لە سەر خشت ساز دەکرا. پۆلی خوێندن هەفتەی جارێك دادەنرا. ئەوانەی دەیانتوانی بخوێننەوە خەڵکی دیکەیان فێر دەکرد. قوتابییەکانی ئەم پۆلانە خەڵکی خودی گوندەکان بوون. لە یەکێك لە گوندە دوورەکانی شاری تونقا بە هۆی نەبوونی کتێبی چیرۆك چەند لاوێکی گوندەکە دەستیان کرد بە نووسینی چیرۆك. لە زیمبابۆی شەش زاراوە و یەك زاراوەی سەرەکیی هەیە. زۆر کتێبی چیرۆکیی بە زمانی سەرەکیی زیمبابۆی نووسراوە. کتێبگەلێك وەکو ڕۆمانی توندوتیژی، پۆلیسی، کوشتار.

ئەم ئەنجوومەنە بە پشتیوانیی وڵاتی نەرویژ دەستی بەکار کرد و دواتر وڵاتی سوودانیش پشتگیریی لێکرد. لەڕاستیدا بەبێ ئەم چەشنە پشتگرییانە نەماندەتوانی کتێب بنێرین. زۆربەی کتێبە چیرۆکییەکان لە زیمبابۆی چاپ دەکرێن و لەگەڵ کتێبی ڕاهێنان دەیانیرین بۆ ئەوانەی وا مەیلی خوێندنەوەیان هەیە.

زۆر کەس بڕوای وایە کە بە هاتنەسەرکاری دەوڵەتی زیمبابۆی، خەڵکی وڵاتەکە زیاتر بەرەو کتێب و خوێندنەوەی کتێب چوون و ئەمەش بۆ مەزنیی دەوڵەتەکەیان دەگەڕێتەوە. بەڵام من پێموایە کە ئەمە سەبارەت بە زیمبابۆی ڕاست نییە و دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ئەم مەیل و ڕێزگرتن لە کتێب و خوێندنەوەی کتێبە پێوەندیی بە سەردەمای حکومتی موگابەوە نییە بەڵکو هی سەردەمای پێش ئەوە، واتە حکوومەتی سپی پێستەکان لە زیمبابۆی. جێی سەرنجە کە بزانین هۆگربوون بە کتێب و خوێندنەوەی کتێب لە هەموو شوێنی ئەفریقیا، لە کینیاوە بگرە تا دەگاتە باشووری ئەفریقیا دەبیندرێ.

خاڵێکی گرنگی که دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم پێوەندیی نزیکە لە نێوان خوێندنەوەی کتێب و نووسەرییەوە. من لە کەوێڵێکی کاگڵی[٦] دا گەورەبووم. لەم جۆرە کەوێڵانە لە هەموو شوێنێکی زیمبابۆیدا ساز دەکرێ. بەتایبەتیی لەو شوێنانەی کە قامیش و گیا و گڵی خاو و دار بۆ سازکردنی دیواری کەوێڵەکان هەبێ. وەکو کەوێڵەکانی ئەنگلۆساکسۆن. ئەو کەوێڵەی کە من تێیدا ژیام چوار هۆدەی بەسەر یەکەوە هەبوو نەك جیا جیا. بەڵام هۆدەکان پڕبوون لە کتێب. نەتەنیا باوکم لە بەریتانیاوە کتێبی بۆ دەهێنایین بەڵکو دایکیشم بۆ منداڵەکانی کتێبی ئینگلیزیی رادەسپارد. کتێبگەلێك کە چاك دەپێچرانەوە و کاغەزەکانیشیان چاك بوو. ئەم بیرەوەرییانە لە باشترین بیرەوەرییەکانی سەردەمی لاویمە. کەوێڵێکی گڵین بەڵام پڕ لە کتێبی جۆراوجۆر.

جاری وایە نامەم لەو گوندییانەوە بەدەست دەگا کە لە گوندی بێ ئاو و کارەبادا دەژین. (وەکو ئەو گوندەی کە تێیدا گەورە بووم). نیوەرۆکی زۆربەی نامەکان ئاوایە: "دەمەوێ هەر وەکو ئێوە ببمە نووسەر، لەبەر ئەوەی منیش هەر لەو کەوێڵەدا دەژیم کە تۆش تێیدا گەورە بوویی".

بەڵام لێرەدا شتێك هەیە، وانییە!

نووسەران لە ماڵی بێ کتێب و کتێبخانەدا نەبوونەتە نووسەر!

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان من و ئەواندا هەیە، لەڕاستیدا گرفتێك هەیە.

بەمزوانە پەیڤداریی چەند کەسێکم لە خەڵاتکراوان خوێندۆتەوە، وەکو "پامۆك" کە لە وتەکانیدا دەڵێ باوکی ١٥٠ هەزار کتێبی لە کتێبخانەکەیدا هەبووە. لە راستیدا ئەم توانستی نووسەربوونە هەر لەخۆوە لەودا دروست نەبووە. ئەو بە نەریتیی میراتگریی خوێندنەوەی کتێب لە بنەماڵەکەیاندا گەورە بووە. یان نووسەری ناوداری هیندی "نیپاڵ" دەڵێ کە کتێبی پیرۆزی هێندی، واتە "ودا" لەو کتێبانە بوو کە بنەماڵەکەیان هەمیشە دەیانخوێندەوە و تەنانەت زۆر زیاتر لە توانای خۆیان لەبەریان بوو. باوکی ئەوی بۆ نووسین هان دابوو. کاتێ بە شێوەی یاسایی دێت بۆ بەریتانیا، لە کتێبخانەی نەتەوەیی کەڵك وەردگرێ. بەمجۆرە ئەویش هەر لە رووی نەریتی خوێندنەوەی کتێب لە بنەماڵەکەیدا گەورە ببوو. جان کوتزی نووسەری ناسراوی ئەفریقیای باشووری، نەتەنیا لە نەریتی خوێندنەوەی کتێب لە بنەماڵەکەیدا نزیك بوو بەڵکو

٦- کەوێڵ: کۆخ و خانووی بچووکی لە قوڕ دروستکراو/ کاگڵ/ قوڕ

ئەویش درێژەی بە نەریتی بنەماڵەکەی دابوو. ئەو لە شاری کیپ لــە ئــەفریقیای باشــووری، شوێنی نیشتەجێبوونی ئەورووپاییەکان، فێری ئــەدەبیات بــوو. هەمیشــە بــەداخم کــە بۆچــی نەمتوانی لە وانەکانی ئەم نووسەرە مەزنە سوود وەربگرم.

نووسەربوون و داهێنانی بەرهەمە ئەدەبییەکان پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کتێب و کتێــب خوێندنەوە و نەریتی خوێندنەوەی کتێبدا هەیە. هەڤاڵێکم لە زیمبابۆی نووسەرێکی رەشپێستە کە بە خوێندنەوەی کاغەزی نووسراوی سەر قوتووی مرەبا و قوتووی میــوە فێــری خوێندنــەوە بوو. ئەو لە گوندێکدا گەورە بوو کە لە یەکێك لە ســەفەرەکانم بەوێــدا تێپــەڕ بــووم. گونــدی قولەڕشەکان. ئەو شوێنە بە خۆڵ و بنچکی بچووك داپۆشراوە. کەوێڵەکان ناخۆشــن. باشــترین چارەسەر بۆ پاراستنی کەوێلەکان نۆژەنکردنەوەیانــە. قوتابخانەیــەکی کــە قوتابییــەکان لــەوێ وانەیان تێدا دەخوێند، وەکو قوتابخانەیەك وابــوو کــە مــن باســم کــرد. ئــەو ئەنســکلۆپیدیای شڕوپەتۆری قوتابییەکانی لە نێو خۆڵەکاندا دەدۆزییەوە و خۆی فێری خوێندنەوە دەکرد.

لەکاتی سەربەخۆیی زیمبابۆی (١٩٨٠)دا نووســەرانێکی ناســراو لــەوێ بــوون. ئــەوان لــە باشووری رودزیا ـ نێوە کۆنەکەی زیمبابۆی ـ گەورە ببوون و لە باشترین قوتابخانەی دامەزراوی سپیپێستەکاندا خوێندبوویان. ئەوان بە پشــتیوانیی دەوڵــەتی موگــاب نەیانخوێنــدبوو، لەبــەر ئەوەی بە سەرنجدان بە هەلومەرج و دەرفەتەکانی زیمبابۆی، کەس ناتوانێ ببێتــە نووســەرێکی بەنێوبانگ.

گشت نووسەران، رێی رژدی خوێندنەوە و نووسینیان تێپەڕ کردووە. چ بگا بە نووسەربوون! خوێندنەوە و نووسین لە رووی نووسینەکانی سەر قوتــووی مرەبــا و ئەنســکلۆپیدیای فڕێــدراو شتێکی نائاسایی نــەبوو. ئێمــە لێــرەدا ســەبارەت بــە کەســانێك دەدوێــین کــە ئازاریــان لــە پێوەرەکانی پەروەردە دەدیت و ئاستی پەروەردە لە پێوەرە باوەکــان زۆر نــزمترە. گوندییــەکان منداڵی زۆریان هەیە کە هەموویان پێکەوە لەکەوێڵێکدا دەژین. دایکان رۆژ هەتا ئێــوارێ بــە سەختی کار دەکەن هەتا لانیکەم خواردن و جلوبەرگ بۆ منداڵەکانیان دابین بکــەن. ســەرەڕای هەبوونی کێشەی زۆر لە زیمبابۆیدا، بەڵام زۆر کەس لەوێ بوونەتە نووسەر و دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەگەر زیمبابۆی لەگەڵ سەد ساڵ لەوە پێش بەراورد بکەین ئاڵوگۆڕی بەرچــاو لەوێــدا رووی نەداوە. نەنك و باپیران لە زیمبابۆی هەقایەتبێژی عەشیرە بوون. ئەم هەقایەتانە سنگ بە سنگ گێڕدراونەتــەوە و لــە بیرەوەرییەکانــدا ماونەتــەوە و وەکــو کتێــب بڵاوکراونەتــەوە. ئــەوە سەرکەوتنێکە جێی رێز!

راستییەکەی ئەوەیە کە ئەو کتێبانەی لەوێ هەن لە تەنەکە خۆڵی سپیپێستەکاندا هەڵگیراونەتەوە. ئەگەر بتانەوێ دەقێك ـ نەك دەقی تایپکراوی کتێبەکە ـ بڵاوبکەنەوە لەپێشدا دەبێ گرێبەستێك لەگەڵ بڵاوکەرەوەدا واژۆ بکەن. بڵاوکەرەوەش پارەیەك وەك پێشەکی دەدا و دواتر پاش بڵاوبوونەوە باقی پارەکەت دەداتێ. گەلێ راپۆرتم سەبارەت بە چاپی کتێب لەسەر روانگە و رووداوەکانی ئەفریقیا پێدەگا. ئەوە جێی سەرنجە کە تەنانەت لە باکووری ئەفریقیا کە کولتوور و دابونەریتی جیاوازیان هەیە و دەرفەتی باشیان لەبەردەست دایە، بەڵام چاپی کتێب تەنیا خەیاڵە و هیچی دیکە.

لێرەدا ئاماژە بەو کتێبانە دەکەم کە قەت نەنووسراون. نووسەران بە هۆی نەبوونی بڵاوکەرەوە قەت نەیانتوانی کتێبەکانیان چاپ بکەن. کەس کێشە و نارەزایەتییەکانی ئەوان نابیستێ. هەڵسەنگاندن و ناسینی توانستی بەفیڕۆچووی نووسەران مەحاڵە. نووسەر پێش نووسینی هەر کتێبێك پێویستیی هەیە بە بڵاوکەرەوە بۆ واژۆکردنی گرێبەست و پشتگیری و هاندەر و شتی لەم بابەتە.

زۆربەی نووسەران سەبارەت بە شێوازی نووسینی چیرۆکەکانم پرسیارم لێدەکەن! دەپرسن کە بە دەزگای تایپ، قەڵەم یان کۆمپیوتێر چیرۆك دەنووسم؟ بەڵام پێموایە گرنگترین پرسیار ئەمەیە کە: ئاخۆ لەکاتی نووسیندا دەکەوییە فەزایەکی بۆشەوە کە کاریگەریی لە سەر مێشکت دابنێ و هەستت بورووژێنێ؟ لەو فەزایەدا کە وەکو گوێ راگرتنە لە ویرەویر و هەستیاربوون، وشەکان دەزێنە نێو مێشکەوە. کەسایەتییەکانی چیرۆك قسەت لەگەڵ دەکەن و وێنا و سروشەکانی ناخ دەورووژێن. ئەگەر نووسەرێك نەتوانێ بکەوێتە نێو فەزایەکی ئەوتۆوە، شیعر و چیرۆکەکانی نوێ نابن.

کاتێ نووسەران لەگەڵ یەکتری قسە دەکەن پرسیارەکەیان لە یەکتر سەبارەت بە فەزای نووسینە: "ئاخۆ کەوتوونەتە نێو فەزایەکی ئەوتۆوە؟ ئاخۆ خێرا پێی گەیشتن؟" زۆر چاکە، با باسی دۆخێکی بەرواڵەت جیاوازی دیکە بکەین. ئێمە لە لەندەن لە یەکێك لە شارە گەورەکانی ئەوێین. کاتێ نووسەرێکی نوێ کتێبێك دەنووسێ، بۆ دۆزینەوەی کەموکوڕی و هەڵەکانی دەست دەکەین بەلێکۆڵینەوە و پرسیار. ئەو چۆن کەسێکە؟ باڵای چۆنە؟ ئەگەر پیاوە، سەرنجڕاکێشە؟ جوانە؟ پێتوایە گاڵتە دەکەم؟ نەخێر ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

ئەمە دیاردەیەکی باوە لە نووسەرییدا و زۆر کەس لەم رێگەیەوە پارەیەکی زۆر پەیدا دەکەن. دەنگۆ و هەواڵی گەرماوگەرم لەنێو خەڵکی سادەدا بڵاو دەبێتەوە. هەموان رێز لەم نووسەرانە دەگرن و بە بۆنەیانەوە جێژن دەگرن و پاشان سەبارەت بە دونیا دەدوێن. ئێمەی

نووسەرانی پێشوو کە دونیامان دیوە و لە سەفەرەکانماندا ئەزموونی زۆرمان کۆ کردۆتەوە، بۆ ئەم نووسەرە کەم ئەزموونانە زۆر بەداخەوەین چونکە بەڕاستیی لە راستییەکانی دونیاوە دوورن! ئەوان کەسانێکی ماستاوچی و قەشمەرن.

ئەگەر بە درێژایی ساڵ لێیان بپرسی بیر لە چی دەکەنەوە دەڵێن: "ئەمە سەختترین کارێکە کە رەنگە بۆ من بێتە پێش".

زۆربەی نووسەرە تازەکان کە ریکلامی باشیان بۆ کراوە، ئیتر چیرۆکێکیان نەنووسیوە و یان نەیانتوانیوە چیرۆکی دڵخوازی خۆیان بنووسن. ئێمەی نووسەرەکۆنەکان ئاوا بە گوێی ئەو نووسەرانە دادەدەین: کە ئاخۆ فەزای نووسینی چیرۆکتان دۆزیوەتەوە؟ دەگمەن بوونتان، خودی خۆتان، ئەو پێگەیەی کە دەنگتان لەگەڵتان بدوێ، لە تەنیاییدا، ئەو شوێنەی کە دەستەمڵانی خەیاڵ بوون، ئەم کەشوهەوایە بپارێزن، لەکیسی مەدەن.

هەڵبەت دەبێ بۆ ئەمە فێر بکرێن.

مێشکم پڕە لە بیرەوەرییە جوانەکانی ئەفریقیا و هەموو کاتێ ئەم بیرەوەرییانە زیندوو و وێنا دەکەمەوە. رۆژئاوابوون، رەنگە زێڕینەکان، بنەوش و نارنجی کە لە ئاسمانا بڵاوبوونەتەوە، پەپوولەکان و مێروو و مێشهەنگوین لە سەر گوڵی بۆنخۆش لە شاری کەلهاری، یان دانیشتن لە بەستێنی دەریای زامبیزی، ئەو شوێنەی کە شەپۆلەکان خۆ بە کەنارە سەوزەڵانییەکان دادەدەن. بەڵێ فیل، زەڕافە، شێر و ئاژەڵەکانی دیکە. جوانیی ئاسمان لە شەودا. ئاسمانی بێگەرد، قەترانی، سەرسوورڕهێنەر، پڕ لەو ئەستێرانەی جریوەیان دێ.

بەڵام بیرەوەریی دیکەشم هەیە، کوڕێکی گەنج، نزیکەی ١٨ ساڵ، کش و مات لە کتێبخانەکەیدا راوەستابوو، کاتێ میوانە ئەمریکییەکە کتێبخانەکەی بەبێ کتێب دیت، کارتۆنێکی کتێب بۆ نارد. بەڵام ئەو کتێبەکانی لە کارتۆنەکە دەرێنا و خاوێنی کردنەوە و بە وریاییەوە پێچانییەوە. گوتمان: ئەم کتێبانە بۆ خوێندنەوە نێردراون؟ وەڵامی داوە: نا، دەدڕێن، چۆن کتێبی ئا لەم جۆرەمان دەست دەکەوێ! داوای لێکردین هەتا لە بەریتانیاوە کتێبی سەبارەت بە وانەگوتنەوە بۆ بنێرین. من تەنیا چوار ساڵ لە کتێبخانەی بەتەمەنەکان خوێندوومە، لە بارەی مامۆستایەتی و شێوازی وانەگوتنەوە هیچ خولێکم نەدیتووە.

لە زیمبابۆی چاوم بە قوتابخانەیەك کەوت کە مامۆستاکەی کتێبی راهێنانی نەبوو، تەنانەت تەباشیریشی نەبوو بۆ نووسین لە سەر تەختەڕەش. قوتابییەکان تەباشیرەکانیان دزیبوو. مامۆستا لە پۆلێکدا وانەی دەگوتەوە کە تەمەنیان ١٦ بۆ ١٨ ساڵ بوو. ئەو بە خڕکەبەردی تۆزاوییەوە

خشتەی زەربی فێری قوتابییەکان دەکرد و گشت قوتابییەکان دووپاتیان دەکردەوە "دووجار دوو..."و تاد. لەوێ چاوم بە کچێکی بیست ساڵانە کەوت. کتێبی وانە، کتێبی خوێندن، قەڵەم و شتی لەم بابەتەی نەبوو و لە پۆلێکی تۆزاوی و بەدارێکەوە "ئەی، بی، سی" دەگوتەوە، لەحاڵێکدا هەتاو بڵێسەی دەدا و خۆڵ بارینیش بوو.

بەوجۆرەی کە دەیبینن خەڵکی ئەفریقیا تامەزرۆی فێربوون و بارهاتنن. خەڵکی وڵاتانی جیهانی سێهەم و یان لە هەر سوچێکی دونیادا، بنەماڵەکان هەوڵ دەدەن منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە، فێربن هەتا لەم رێگەیەوە منداڵەکان لە هەژاریی رزگار بن. پەروەردی ئێمە لە ئێستادا مەترسیی لەسەرە.

پێمخۆشە خۆتان لە ئەفریقیای باشووری وێنا بکەن، لەحاڵێکدا کە لە دووکانی پیاوێکی هیندیدا راوەستاون، لەگەڕەکێکی هەژار نشین، ویشکەساڵییەکی سەیریشە. لەوێ ریزێکی دوور و درێژ گیراوە و زۆربەشیان ژنن. بە قاپی جۆراوجۆرەوە بۆ ئاو راوەستاون. ئەم دووکانە هەموو دوانیوەڕۆیەك ئاو لە شارەوە دێنێ و خەڵکیش ریز دەگرن بۆ وەرگرتنی ئاو.

پیاوە هیندییەکە کە لە پێشەوەی ژووری دووکانەکەیدا پاڵی دابۆوە، لە ریزەکەدا ژنێکی قولەڕەشی دەدیت بە لەچکەی سپیی تۆزاوییەوە کە بەسەر هێندێك کاغەزدا شۆڕبۆتەوە و دەڵێی ئەم کاغەزانە لە کتێبێکی ئەستوور لێکراونەتەوە. ئەو خەریکی خوێندنەوەی چیرۆکی "ئاناکارنین" بوو. لەبەر خۆیەوە دەیخوێندەوە و لێوەکانی دەجوڵانەوە. لە چیرۆکێکی گران دەچوو. ژنە قولەڕەشەکە دوو منداڵی هەبوو. منداڵەکان توند لاقی دایکیان گرتبوو. ژنەکە زگی پڕ بوو. پیاوەکە لە جل و بەرگەکەی راما. لەچکە سپییەکەی بە تۆز و خۆڵ زەردهەڵگەڕا بوو. پیاوەکە بە دیتنی ئەم دیمەنە خەفەت دایگرت. تۆز و خۆڵ ئازای گیانی داگرتبوو. پیاوەکە پەشۆکابوو. ریزەکە دوور و درێژ و هەموو تینوو بوون.

ئاو بەشی هەموویانی نەدەکرد. زۆر تووڕە بوو، لەبەر ئەوەی دەیزانی لەوبەری هەورە تەماوییەکانەوە خەڵکانێکی زۆر هەن کە لە توونێتیان خەریکە بخنکێن. برا گەورەکەی ئاگای لە دووکانەکەی دەبوو. بەڵام لە ئێستادا لە دووکان نەبوو. پێویستیی بە حەسانەوە بوو. چونکە چووبوو بۆ شار و تینوویەتی برستی لێبڕی بوو.

پیاوە هیندییەکە لە ژنەکەی پرسی: ئەرێ دادە چ کتێبێك دەخوێنییەوە؟

ژنەکە گوتی: لەبارەی روسیاوەیە.

پیاوەکە حەزی کرد زیاتر بزانێ: خۆ دەزانی روسیا لە کوێیە؟

ژنەکە لێی راما و بە چاوی سووری تەمگرتوویەوە سەیرێکی پڕمانای کرد و وەڵامی داوە: من هەمیشە قوتابیی یەکەمی پۆل بووم، مامۆستاکەم هەمیشە دەیگوت من هەمیشە باشترین قوتابیی پۆلەکەم.

درێژەی بە خوێندنەوەکەی دا و تامەزرۆیانە هەوڵیدا خێرا دوابڕگەش بخوێنێتەوە.

پیاوەکە لەحاڵێکدا سەیری منداڵەکانی دەکرد، چەند ساردییەکی هێنا هەتا بیدا بە منداڵەکان، بەڵام ژنەکە گوتی: ساردیی ئەوان تونیتر دەکا. پیاوەکە دەیزانی کە نابێ وا بکا، بەڵام لە پشتەوەی دووکانەکە دوو پەرداخی هەڵگرت و پڕی کردن لە ئاو و بە منداڵەکانی دا. لەحاڵێکدا دایکیان سەیری ئاوخواردنەوەی منداڵەکانی دەکرد پیاوەکەش لێیان رامابوو. پیاوەکە دیسان پەرداخێکی دیکەی هەڵگرت و پڕی کرد و دای بە ژنەکە. ژنەکە زۆری تینوو بوو و بە حەسرەتەوە دەیخواردەوە. پیاوەکە بە دیتنی ئەم دیمەنە تێکچوو.

ژنەکە سەتڵە پلاستیکییەکەی پێدا تا بۆی پڕبکات لە ئاو. ژنە گەنجەکە و منداڵەکانی لە پیاوەکە رامابوون و پیاوەکەش بە وریاییەوە پڕی کرد لە ئاو هەتا دڵۆپێکیش نەڕژێت.

ژنەکە دیسان سەری خستە سەر کتێبەکە. هێدی دەیخوێندەوە، دوایین بڕگە سەرنجی ئەوی راکێشابوو، دیسان دەستی کرد بە خوێندنەوە.

"ورنیکا لەچکەیەکی سپی بەسەر زولفە رەشەکانی دادابوو و منداڵەکانیشی لە پەنای راوەستا بوون. بە پێکەنینەوە لەگەڵ منداڵەکانی دەدوا و کایەی لەگەڵ دەکردن. زۆر ورووژابوو. تەواوی هۆشی لە لای ئەو پیاوە بوو کە چاوەدێریی دەکرد. هەستێکی سەیری لەبەرامبەریدا هەبوو. هەر لەو ماوەیەدا بیری لە لای ئەو بوو و لە زەینیدا کاتێکی وێنا دەکرد کە پیاوەکە پێشنیاری زەماوندی پێبکا. ئەو زۆر سەرنجڕاکێش بوو. کازنشیو لە حاڵێکدا بە پەنای ورنیکادا دەهات و دەچوو لە چاوانی راما. هەستێکی سەیری بۆ ئەو هەبوو. هەستێکی کە بۆ یەکەمجار لەگەنجیدا ئەزموونی کردبوو. لەکاتی ئاشنابوونی لەگەڵ ئەو و تا بەئێستاش ئەم مەیلە گەرمتر ببوو و ئێستاکە ئەم مەیلە بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو. کازنشیو لەحاڵێکدا کارگی گەورەی درەختی کاژی بە لاسکی باریك و کڵاوی خڕەوە دەخستە قەرتاڵەی ورنیکاوە، لە چاوانی راما و هەستێکی ئاوێتەی خۆشی و ترسی لە سیمای ورنیکادا دیت. کازنشیو وڕ ببوو. لە بێدەنگی و ئارامیدا بزەیەکی پڕ واتای هاتێ و هەموو هەستی خۆی دەربڕی.

لە دووکانەکەدا سەرەڕای ئەم کتێبە، گۆڤاری کۆن و چەند لاپەڕەی رۆژنامە و وێنەی ئەو کچانەی لێبوو کە جلی مەلەیان لەبەردابوو. دەبێ هەرچی زووتر دووکانەکەی بەجێ

هێشتبوایە و بگەڕابوایەتەوە بۆ گوندەکەیان کە چوار کیلۆمیترێك لەوێ دوور بوو. لە ریزەکەدا ژنان قیژە قیژیان بوو. دەبوو هەرچی زووتر لە ریزەکەدا هاتبوایەتە دەرێ. بەڵام پیاوەکە نەیدەویست وا زوو سەتڵی ئاوەکەی پێ بداتەوە. ئەو چاك دەیزانی کە ئەم ژنە لەگەڵ دوو منداڵەکەی کە پێوەی نووساون، چەند بەنرخن. ئەو دەقەکەی دا بە ژنەکە کە تامەزرۆ بوو بیخوێنێتەوە. بەڵام بەڕاستی باوەڕی نەدەکرد کە ئەم ژنە تیشکەڵەیە بەو زگە گەورەیەوە بتوانێ لەم دەقە حاڵی بێ.

رەنگە بپرسن بۆچی بەشێك لە سێ بەشەکەی کتێبی چیرۆکی ئاناکارنین لەو دووکانە دوورەدەستەی پیاوە هیندییەکەیە؟

هۆیەکەی رەنگبێ شتێکی لەم چەشنە بێ.

وەك دەڵێن پلەدارێکی فەرمیی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم کتێبە چیرۆکەی لە دووکانێك کڕیوە هەتا کاتی سەفەرکردنی بۆ وڵاتە جۆراوجۆرەکان و تێپەڕین بە ئۆقیانووس و دەریاکاندا بیخوێنێتەوە. پاش ئەوەی سواری فڕۆکە بوو، لە کوشنی تایبەت بە پلەدارە دەوڵەتییەکاندا دانیشت. کتێبەکەی کردە سێ بەشەوە. سەیری دەوروبەری و موسافیرەکانی کرد. دەیزانی هەموو بە دیتنی ئەم کارە سەریان سوور دەمێنێ. پاش ئەوەی بە تەواویی جێی خۆی خۆشکرد، قایشی کوشنەکەی بەست و بە دەنگێکی بەرزەوە بە موسافیرەکانی کوت: **"من هەمیشە لە سەفەری دوورودرێژدا ئەم کارە دەکەم، ئێوە خۆ ناتانهەوێ کتێبی گەورە و قورس هەڵبگرن؟"** بەرگی رۆمانەکە کاغەزیی بوو. بەڵام بەڕاستی کتێبێکی قورس بوو. ئەو عادەتی وابوو بۆ خەڵك قسە بکا. **"من هەمیشە لە سەفەرەکانمدا وادەکەم. لەم دوایانەدا سەفەرکردن ناخۆش بووە"**. کاتێ موسافیرەکان لە شوێنەکانی خۆیاندا دانیشتن بەشێك لە کتێبی ئاناکارنینی هەڵداوە و دەستی کرد بە خوێندنەوەی. کاتێ موسافیرەکان لە رووی سەرنج یان شتی دیکەوە شێوازی خوێندنەوەی ئەویان دیت، ئەویش شێوازەکەی پێ گوتن: **"نا، ئەو شێوازە تەنیا بۆ سەفەرکردنە..."** بە باشی رۆمانەکانی دەناسی. خوێندنەوەی رۆمانی زۆر پێخۆش بوو. ئەم شێوازە تازەیە دەبووە هۆی ورووژانی زیاتری بۆ خوێندنەوەی کتێبە بەناوبانگەکان.

کاتێ گەیشتە کۆتایی کتێبەکە گارسۆنەکەی بانگ کرد تا بیدا بە سکرتێرەکەی لە کوشنەکەی دواوە. ئەو لە کوشنی دەرەجە دووی هەرزان بایی دانیشتبوو. کاتێ لە دواوەی فڕۆکەکە بەشێك لە رۆمانی ئاناکارنینی بەدەست دەگەیشت هۆگری و مەیلی زیاتر دەورووژا.

کتێبەکە ناتەواو بوو، بەڵام شایانی خوێندنـەوە. ئـەم شـێوە نوێیـەی خوێندنـەوەی ڕۆمـان و بەتایبەتی ڕۆمانی ئاناکارنین زۆر شوێندانەر بوو و ڕەنگە ئەوانەی لەوێ بـوون قـەت لـەبیریان نەچێتەوە.

لە دووکانی پیاوە هیندییەکەدا ژنێکـی گـەنج پـاڵی داوەتـەوە و منداڵـە چکۆلەکانیشـی داوێنییان توند گرتبوو. کراسی جینی لەبەر کردبوو. ئەگەرچی ژنێکی ئەمڕۆژین بوو بەڵام بـە سەر جلەکانییەوە تەنوورەیەکی خوریی قورسی هەڵکێشابوو. ئەمە جلی تایبەت بـەوان بـوو. منداڵەکان بە ئاسانیی داوێنی دایکیان دەگرت.

ژنە قولەڕەشەکە سوپاسی پیاوەکەی کرد، لێی رامـا، دەیزانـی کـە خۆشـی دەوێ و بـۆی بەداخە. لە دووکانەکە هاتە دەرێ و بەرەو ئەو هەورانە چوو کە بە دم باوە بوون.

منداڵەکان دەگریان و گەروویان پڕببوو لە خۆڵ.

سەخت بوو، بەڵێ سەخت بوو. بەرێدا رۆیشتن، ئەمسەر و ئەوسەرکردن، لە نێو تەپوتۆزدا و هەستکردن بە تەپۆڵکەی لم. تاقەت پڕوکێن، تاقەت پڕوکێن، بەڵام ئەو عـادەتی پێگرتبـوون. تەواوی هەستی لە لای چیرۆکەکە بوو. لەرێدا بیری لە چـیرۆکەکە دەکـردەوە و لەبـەر خۆیـەوە دەیگوت: لەمن دەچوو، لەچکەی سپی لەسەردابوو و ئاگای لە منداڵەکانیشـی بـوو. منـیش دەتوانم وەکو ئەو ژنە روسییە بم و ئەو پیاوەی کە خۆشی دەویست و زەماونـدی لەگـەڵ دەکـا (ئەو تەنیا بڕگەیەکی لە چیرۆکەکە خوێندبۆوە) بەڵێ پیاوێك دێـت و مـن و منداڵـەکانم لێـرە دەبات. بەڵێ منی خۆش دەوێ و ئاگای لە من دەبێ.

هەروا بەرێوە بوو. سەتڵی ئاوەکەش لە سەر شانی قورسایی دەکرد. بەڵام گوێی پێنـەدەدا. منداڵەکانی دەنگی رژانی ئاوەکەیان دەبیسـت. لـە نیـوەی رێـدا راوەسـتا. سـەتڵکەی دانـا. منداڵەکان دەگریان و دەستیان لە سەتڵی ئاوەکە دەدا. لەبەر خۆیەوە دەیگـوت: نابـێ سـەری سەتڵەکە هەڵبگرم، چونکە گێژەڵووکەیە. هەتا نەگەمەوە ماڵێ سەری سەتڵەکە هەڵناگرم.

بە منداڵەکانی گوت: تاقەت بێنن، تاقەت بێنن.

خۆی کۆکردەوە و وەڕێ کەوتەوە.

دیسان وەبیری کەوتەوە. مامۆستا دەیگوت لەوێ کتێبخانەی گەورەی لێیە. گـەورەتر لـە سوپەرمارکێتەکان. بینای گەورەی پڕ لە کتێب. لەحاڵێکـدا کـە هـەنگاوی هەڵـدیناوە بـزەی دەهاتێ و تۆز و خۆڵ لە دموچاوی دەدرا.

من ژیرم، مامۆستاکەم دەیگوت من ژیرم، ژیرترین قوتابیی قوتابخانە. منداڵەکانیشم هەر وەکو من ژیر دەبن. دەیانبەم بۆ کتێبخانە. کتێبخانەیەکی پڕ لە کتێب. دەیاننێرم بۆ قوتابخانە و دەبن بە مامۆستا. مامۆستا هەمیشە دەیگوت من دەتوانم ببم بە مامۆستا. منداڵەکان ئێرە بەجێ دێڵن و پارەی زۆر پەیدا دەکەن. لە نزیك قوتابخانەیەکی گەورە دەژین. ژیانێکی خۆشیان دەبێ.

ڕەنگە بپرسن چۆن ئەو بەشە لە چیرۆکە ڕووسییەکە لە دووکانی پیاوە هیندییەکە بووە؟

ئەوەش بۆخۆی چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشە. ڕەنگبێ کەسێك ئەوە بزانێت و بیگێڕێتەوە.

ژنی بەستەزمان هەروا بە ڕێگەوە بوو. بیری ئاودان بە منداڵەکانی و خواردنەوەی ئاو ئەوی شێلگیرتر دەکرد هەتا خێراتر بگەنەوە بۆ ماڵێ. هەروا لە نێو گێژەڵووکەی سامناکی ویشکەساڵیی ئەفریقیادا دەڕۆیشت.

ئێمە مرۆڤی ماندووین لە دونیای سامناکی زەماندا. ئێمە بە ئاسانیی گاڵتە بە هەموو شتێك دەکەین و ڕەخنەی لێدەگرین. زۆربەی ئەو وتە و بڕوایانەی بەدەگمەن بەکاریان دێنین، ئەمێستاکە نەماون. بەڵام ئێمە دەتوانین ئەو وتانە زیندوو بکەینەوە کە سیس و بێ بڕشتن.

ئێمە مێژوو و ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندمان هەیە کە دەگەڕێنەوە بۆ میسر و یۆنان و ڕۆم. ئەم خەزێنەیە، ئەدەبیات لەوێوە ڕێچکەی بەستووە و هەر مرۆڤێکی بەختەوەر کە بچێ بۆ ئەوێ دەتوانێ دیسان بیاندۆزێتەوە. خەزێنەیەك، ڕەنگە پێتان وابێ کە شتێکی ئەوتۆ نەبێ. جا ئەوکات ئێمە دەبینە مرۆڤی زۆر دەستکورت و هەژار.

ئێمە میراتگری زمان و شیعر و مێژووین کە قەت لە خاوەندارێتییان ماندوو نابین. ئەم هەمووە خەزێنەیە هەمیشە لەوێن. زۆربەی چیرۆکی گوێ ئاگردان و ئەفسانەکان لە هەقایەتخوانانی ڕابوردووەوە بەجێماون. نێوی تاقمێکیان دەزانین، زۆر کەسی دیکەشیان ناناسین. هەقایەتبێژان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە مرۆڤەکان لەجەنگەڵ دا ئاگریان دەکردەوە و جادووگەرەکان گۆرانییان دەگوت و سەمایان دەکرد. ئەم هەقایەتانە لە سەردەمای ئاگر و جادووگەریی و دونیای ڕۆحەکانەوە بەجێماون. ئەمڕۆکە ئەم هەقایەتانە دیسانەوە دەگێڕدرێنەوە.

ئەگەر لە چیرۆکنووسانی ئەمڕۆکە سەبارەت بە نووسینی چیرۆك بپرسین دەڵێن کە: هەمیشە چرکە ساتێك هەبووە کە پێوەندیمان بە ئاگرەوە بووە. بەڵام ئەم سرووشانە دەگەڕێنەوە بۆ مرۆڤە سەرەتاییەکان، چاخی ئاگر و سەهۆڵبەندان و گڤەی ڕەشەبا کە بوونەتە هۆی

سەرهەڵدانی ئێمە و دونیا. چیرۆکبێژیی لەناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە. هەمیشە و لەگشت شوێنێك چیرۆکبێژمان لەگەڵە. وێنای بکەن کە وڵاتەکەمان کەوتۆتە بەر هێرشی دوژمن. ترسێکی کە بە ئاسانی وێنا دەکرێ و یان سێڵاو بێت و لە تەواوی شار بدا... چیرۆکبێژ هەمیشە لەگەڵمانە. وێناکردنەکانمانن کە شوناسمان پێدەدەن. ئێمە بۆ چاکە و خراپە دەخولقێنن و دەپارێزن. کاتێ پێمانوایە خەفەتبار و چاوبەفرمێسك و تەنانەت تێکرووخاوین دەزانین چیرۆکەکانمان ـ هەقایەتبێژەکان، دەمانخولقێننەوە. هەقایەتبێژان، بگێڕەوەی خەون و خەیاڵ و ئەفسانەکان کەسانێکن کە قەقنەسیان خولقاند و بوونە هۆی ئەوەی لە ژیاندا گەشبین و داهێنەر بین.

ژنەداماوەکە بەنێو تەپوتۆزدا ملی بە ڕێگاوە نابوو و بیری لە پەروەردەکردنی منداڵەکانی دەکردەوە. ئاخۆ پێتانوایە ئێمە باشتر لەو ژنە دەژین؟ چونکە زگمان پڕن لە خواردن، کومۆدەکانمان[٧] پڕن لە جل و لە بەپیتی و دەوڵەمەندیدا دەژیین؟

ئەو کچ و ژنەی سەبارەت بە کتێب و خوێندنەوە و نووسین قسەیان دەکرد سێ ڕۆژی ڕەبەق بوو هیچیان نەخواردبوو. ڕەنگە ئەمە ئێستاش جیاوازیی نێوان ئێمە و ئەوان بێت.

---

٧- کۆمۆد: کەوەنتەر

# چیـــــرۆك

# سەرودڵ گرتن

دوو کوێرە ڕێ هەبوو کە یەکیان هێندە بە پێی پەتی پێیدا ڕۆیشتبوون ڕۆچووبوو. ئەو کوێرە ڕێیەی هێندێك زیاتر ڕۆچووبوو بە پەنای مەزرادا[8] وەردەسووڕا و بەنێو گژ و گیای بەرز و زەردهەڵگەڕاودا تێپەڕ دەبوو و دەچۆوە سەر جادەکە. گژوگیاکان بەهۆی نزیکبوونیان لە کەوێڵەکانەوە سیس و تۆزای دەهاتنە بەرچاو. ئەم کەوێلانە تەمەنیان بیستساڵێك دەبوو.

ژنە خۆجێیەکان، لێو بەبزە، وەك پۆڕێك توتیی هاروهاج، منداڵ بە باوەش، بەو کوێرە ڕێیەدا دەهاتن و زۆربەی بەیانییەکەیان لە پەنای بیرەئاوەکەدا بە قسەی قۆڕ و زەمی ئەموئەوەوە تێپەڕ دەکرد، دەتگوت هاتوون مەڕاسیمی کۆمەڵایەتیی بەجێبێنن نەك یەکێك لە کارەکانی ڕۆژانەیان.

دەستەیەك لەو ژنانە تەنەکەی سپی یان ژەنگاوییان بە دەستی بزۆز و سپیکەلانە لە سەر ئەو پەرژینە بە گیاچنراوانە ڕاگرتبوو کە کردبوویانە سەریان. تاقمێکیشیان هەڵتروشکابوون و قوماشی سپییان بەو تەختەبەردانە دادەدا و دەیانشێلا کە، چیها ساڵە لە ناخی عەردەوە هاتبوونە دەرێ. ژنەکان منداڵەکانیان هەر لێرە دەشووت و دەیانلاواندنەوە یان ئامۆژگارییان دەکردن. جەڕەکانیشیان هەر ئا لێرە، سپی دەکردەوە و پاشان خۆیان دەشووت و قژیان دادێنا و پیاوانی بە باهۆیان وەبەر تانە و تەشەر دەدا کە لە دیتنی ئەم دیمەنانە وڕ دەبوون.

هەرچۆنێ بێ ئەم بیرە هی ژنەکان بوو و ئەوانیش بە پێکەنین و قریوە قریو و گۆرانی گوتن و قوماشی قەدکراو و دەسرۆکەی سپی و جەڕە و شانەی ئاسنییەوە لە گرووپێکی تەمەڵ و بە نشە دەچوون و دەتگوت دەنگی بۆڕەبۆڕی گاڕان و تڕەتڕی تراکتۆر و گشت دەنگەکانی مەزرا بوونەتە باگراوەندی ئەم دیمەنە کۆن و لەمێژینەیە، دیمەنی ئاوهەڵوێنجانی ژنان لە بیرەکە.

---

٨- مەزرا: کێڵگە

کاتێ ژنەکان دەچوون عەرزی پڕ ببوو لە هەڵوژە. لەو هەڵوژانەی کە تامی گۆشتی پەمەییان نێو زاری زۆر ئاڵ دەکردەوە و یان فەرشێك لە توێکڵی سەوز و گەشی پرتەقاڵ لەوێ رادەخرا. بەبێ ژنان ئەو شوێنە زۆر ناخۆش و چۆڵ و هۆڵ دەبوو.

گوریسێك بە دەوری چەرخی بیرەکە پێچرابوو و بۆ قایم کاریی زیاتریش بە هۆی قولاپێکی چنگاڵییەوە هەڵدەسوورا، بیرەکەش بە کەپرێکی بچووکی کاگڵینەوە داپۆشرابوو و نسێیەکی زۆر تۆخی دەخستە سەر جادەکە. باقی شوێنەکانی دیکەش ویشك و کاکی بە کاکی. دەشتی رێك و ویشك هەڵاتوو بە هەتاو. دیمەنی ئەو ژنە جوانانە بە هۆی ژنێکی خێلەوە دەشێوا کە هۆشی منیشی تێك دەدا. ئەم ژنە هەمیشە لە ئەوانی دیکە وەدوادەکەوت و هەر خێل بوونەکەی نا، جەستە نارێك و کوڵکنەکەشی رقی هەڵدەستاندم، وابزانم نیگای تووڕە و تۆسنیشی دەیترساندم.

زۆربەی جاران پشتوێنێکی مۆدێل کۆن و شین و گوڵ رەشی دەبەست کە لە سەرەوەی دوو سێگۆشەی پان و چرچی سینگی شۆڕ ببوونەوە.

بە تەنیا دەهاتە لای بیرەکە و بەبێ ئەوەی کەس یارمەتیی بکا جلەکانی دەشوت. چەرخی بیرەکەی بە زەحمەت بۆ دەسوورا و سەتڵی ئاوەکە هێدی هێدی و بە خولەخول دەهاتە سەرێ. سەتڵەکە دەهاتە سەرێ، جاری وابوو بە قەراخی بیرەکە دادەدرا. هەر کە لە کاتێکی هەستیاردا سەتڵەکە بە لەرزە لەرز دەگەیشتە لێواری بیرەکە و ئاوێزان دەبوو، ژنەکە شانی وەبەر دەسکی چەرخەکە دەدا و بە جوڵەیەکی خێرا و ترسناکەوە سەتڵی ئاوەکەی رزگار دەکرد. سەتڵەکە کە خوار دەبۆوە دڵۆپە گەورەکانی ئاو دەکەوتنە نێو بیرەکە و لەوێدا دەنگی دەداوە و لە بنی بازنەیی و ئاوێنەیی تاریکی بیرەکەدا شەپۆلی دروست دەکرد.

ئەم ژنە دەستەوەستانە، بەتەمەنترین ژنی "لینگدرێژ" دەڵێم، خۆ هەر چاوی خێل نەبوو، شەلیش بوو، کەچی لێزانترین شۆفێری زەویکێڵی ئێمەش بوو. "لینگدرێژ" زۆر لاواز بوو، بەڵام هێندەش باڵابەرز نەدەهاتە بەرچاو. ئەو لەو مرۆڤە لاوازانە بوو کە بێ ئۆقرەن و ئاڵۆز. بۆ نموونە، لە کاتی بەرێدا رۆیشتندا بە دەستی گیای دەرنییەوە و شانی بە ریتمێکی سەیروسەمەرەوە هەڵدەتەکاند. لە سەر قەڵافەتی باریك و بەهێز و پەتەوی لەم جۆرە، کەللە سەرێکی بە قەد دەنکە نۆکێك دانرابوو، بە گوێی پان و قوتیەوە وێدەچوو کە بەردەوام گوێ قولاغ بێ. هەمیشە گرژ و مۆن و شەڕانی بوو، جا تووڕە بوایە یان دەم بە پێکەنین و یان لە حاڵەتە قۆڕە هەمیشەییەکەیدا: ئاڵۆز. "لینگدرێژ" زمانێکی هەبوو کە گشت کرێکارەکانی

مەزرا گوێڕایەڵی بوون. تەنانەت باوکیشم پاش مشتومڕ لەگەڵیدا زەردەیەکی ناخۆش دەکەوتە سەر لێوی و دەیگوت: "هەرچی بێ ئەویش پیاوە، خۆ دەبێ کەسێك ڕێزی لێبگرێ! قەت ناهێڵێ مشتومڕەکە بە قازانجی تۆ تەواو بێ." ئەو خۆی لە بواری هونەریشدا تاقی کردبۆوە، هونەری ئاژەڵداریی. جوانەگاکانی زۆر بێ بەزەییانە و مامۆستایانە کۆنترۆڵ دەکرد کە سەیرکردنیان ترسناك و سەرنجڕاکێشیش بوو. ئەگەر چەند منداڵێکی جیقنی سێ ساڵان کە دەیانهەوێ تامی یەکەم لێخوڕینی جوانەگاکان بکەن، دەخرانە بەردەستی ئەو، چەندین سەعات لەژێر قرچەی هەتاودا، لە کاتێکدا کە لە ئارەقەدا دەخوسا، ئەوانی باردێنا و پاشان ئەرخەیان و بە چاوی نیگەران و شێتانەوە سەیری دەکردن. پاش ڕاهێنانی منداڵەکان، بە نەعرەتەیەکی کێویلانە قەمچییەکەی دادەهێناوە، بەچەشنێ کە مانگاکان بریندار نەکا. دەتگوت بە زمانی نێوان ددانەکانییەوە بەراوردی دەکرد کە چۆن دەبێ قەمچییان لێبدا. بەڵام سەیرکردنی شازدە جوانەگای دەستەمۆکراوی ئەو، شتێکی دیکە بوو، لە سەیرکردنی سیرك دەچوو، هەمان هەستیش بۆ ئەوان هەبوو. قەمچی لێنەدان لە جوانەگاکان تەنیا لەبەر خۆبەزلزانییەکەی بوو، هیچ پێوەندییەکی بەوەوە نەبوو کە بەزەیی بەو بەستەزمانانەدا هاتۆتەوە، حەزی دەکرد خۆبەزلزانییەکەی بەهۆی لێزانییەکەیەوە بشارێتەوە.

"لینگدرێژ" هاوڕێ لەگەڵ دوو ڕیز مانگای گەمژە کە بەزەحمەت خۆیان بەسەر خڕکەبەردەکانی مەزرادا ڕادەکێشا، دەڕۆیشت و دەینەڕاند و قەمچییە درێژەکەی وا هەڵدەسووڕاند کە بازنەیەکی ڕەش لە بان سەرییەوە دروست دەبوو. ئەگەرچی ئەو وەکو شێتەکان دەینەڕاند و بە توندیی قەمچییەکەی دادەهێناوە و دەنگی لە سەرانسەری مەزراکەدا بە باشی دەبیسترا، بەڵام سەرە ئاسنینەکەی قەمچییەکە تەنانەت لە چەرمی جوانەگاکان نەدەکەوت. کاتێ جوانەگاکانی لە گاسنەکان دەکردەوە لەبەر هیلاکیی گێژ ببوون، بەڵام هیچیان بەهۆی قەمچی لێدانەوە بریندار نەببوون و باوکیشم ناڕازی نەبوو.

ئێمە "لینگدرێژ"مان لە ڕووی ئەوشتانەوە دەناسی کە هاوڵاتییەکانی لەبارەیەوە دەیانگوت، "ئەو دەزانێ چۆن جوانەگاکان لێ بخوڕێ، بەڵام دەرەقەتی ژنەکانی نایەت". هەڵبەت چەند ساڵ لەمەو پێشیش لە میوانییەکدا هەر بەمجۆرە باسی خۆی کردبوو.

پاش ماوەیەك بزربوونی، کە دەهاتەوە بۆ مەزرا بە گاڵتەوە پێیان دەگوت: "ئێستا لینگدرێژ دەیهەوێ چۆن حەرەمسەراکەی کۆنترۆڵ بکا!!؟" هەمیشە لەگەڵ هەر سێ ژنەکەی کێشەی هەبوو. عادەتی وابوو کە بێت بۆ ماڵی ئێمە و لەگەڵ باوکم دەردی دڵێکی باش بکات

سەبارەت بە رابواردنی دواین ژنەکـەی لەگـەڵ کـوڕی ئاغـای مەزراکـەی دراوسـێی چـارەکە سەعاتێك ئەولاتر، یان سەبارەت بەوەی کە ژنی دووەمی ئێرەیی پێبردووە و ئەویش چۆن قاپی سووربۆوەی هەویری گەنمەشامیی تێهەڵکردووە. ئێوارانیش هەر کاتێ بـاوکم پـاش کـارکردن دانیشتبوو و لەگەڵ ئەوانی دیکە گاڵتەی دەکـرد لـەوێ بـوو. پـانتۆڵێکی بـۆری لەپێـدابوو و لەبارەی ژنەکانییەوە پرتە و بۆڵەی دەکرد.

زۆربەی کاتەکان پانتۆڵەکەی کەمێك دەخزییە خوارەوە و لە کەلەکە بۆ سەرەوەی کە رووت بـوو زیـاتر دەردەکـەوت. کاتـێ هـەتاو لـە پێسـتی رەشـی تروسـکەداری دەکـەوت لەشـی سوورهەڵدەگەڕا و تیشکی هەتاویش خەرمانەیەکی بەدەوریدا دروست دەکـرد. پرتەوبۆڵـەکانی کە تەواو دەبوو پێیوادەبوو کە بە قسەکانی باوکمی ماندوو کردووە، بۆیە خۆی والێدەکرد کـە باوکمی وەپێکەنین دەخست. باوکم هێندە پێدەکەنی کە لە ئارەقەدا دەخووسا و دەیگوت: "ئەم پیاوە کۆمیدییەنێکی زگماکە. ئەگەر بە رەنگێکی دیکەوە لەدایك دەبوو دڵنیام دەچووە سـەر شانۆ". بەڵام ئەو هیچ لە کۆمێدییەنەکان نەدەچوو، رەنگبوو بۆ باوکم کە کۆمێدی پێخشـبوو کـەمێك قەشمـەریی بکردبوایـە، بـەڵام بـۆ سـەرقاڵکردنی ئێمـە قـەت وەکـو هێنـدێك لـە ئەفریقیاییەکان لاسایی مەیموونەکانی نەدەکردەوە و هەڵبەتیش لە لای هاوولاتییەکانی خۆشـی کەسایەتییەکی کۆمێدییانەی نەبوو. شـتێك گاڵتـەکانی زبـر دەکـرد ئـەویش بـە توێکڵـەوە قسەکردنی بوو، هەڵبەت بۆخۆشی ئەمەی دەزانی. رۆژێکیان چاوم پێی کەوت، پانتۆڵی بـۆری لەپێدا بوو کە سـەر چـۆکەکانی شـی ببـۆوە، قەمچییەکیشـی بـە دوای خۆیـدا رادەکێشـا و تەپوتۆزی وەڕێ خستبوو. خەریکبوو بەجادەکەدا دادەگەڕا و چاوە پڕ فیکرەکانی لە پێشـەوەی بڕیبوو. کە بە لای دەستەی ژناندا رۆیشت تەنیا سەری بۆ چەند کەسێك لە ژنەکان لەقاند کـە پێیوابوو یەکێك لە ژنەکانی لەگەڵ ئەوانـە. دەتگـوت ئـەو ژنانـە قەمچـییان لێـدراوە هـەتا دەستەمۆ بن، بـەهۆی ژانـەوە جینگڵیـان دەدا و پاشـان زۆر بێشـەرمانە و ئاگالەخۆبڕاوانـە دەیانقیژاند بەسەریدا کە سەرنجیان پێ بدا و بەڵام ئەو، سەری هەر وەرنەسووڕاند.

کاتێ کێشەیەکی جیددی رووی دەدا باوکم زۆر زوو ماندوو دەبوو، ئەو تـەنیا پێـی خـۆش بوو کەمێ سەرقاڵ بێ، نـەك ئـەوەی بـە شـێوەی جیـددی تێکـەڵاوی کێشـە و کـار و بـاری کرێکارەکانی بێت. لینگدرێژ پلەی بەرز ببوو و هەموو ئێـواران دەهاتـە لای ئێمـە. زۆربـەی کاتـەکان زۆر جیـددی و رووهەڵماڵکاوانـە دەدوا و داوای لـە بـاوکم دەکـرد کـە بـە ژنـە بەتەمەنەکەی، ئەوی خێلەکە بڵێ کە بگەڕێتەوە سەر ماڵ و حاڵەکەی. ئەم ژنـە خـەریك بـوو

ورده ورده شێتی دەکرد. "ئەو ژنە بەپرتەوبۆڵەیە لە کێچی نێو لەش دەچێ، دەتوانی شوێنەکەی بخورێنی، بەڵام عەجمینی لێ بڕاوە و هەتا نەیکوژی مات نابێ".

"بەڵام تۆ لێی ماندوو بوویی، هەر بۆیە ناتوانی بیهێنییەوە".

هەڵبەت لەوە دەچوو هێندێك شتی شاراوە و نارِوون هەبێت. دوو ژنە گەنجترەکە رقیان لە یەکتری بوو، بەڵام لە شتێکدا یەکیان گرتبوو و ئەویش ئەوە کە دەبوو ژنە بەتەمەنترەکە لە ماڵێدا بهێڵنەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی کاروباری ماڵێ ئەو دەیکردن. ئاگای لە منداڵەکان دەبوو، باخچەکەی بژار دەکرد، گژوگیای بۆنخۆشی لێدەکردەوە. هەروەها قەڵافەتی تەشەدرێژیشی بەردەوام ئەوانی وەپێکەنین دەخست. گاڵتەجارێکی تەواو بوو. نەگبەتی بوو کە زەمانە ئەوی کردبووە گاڵتەجارِی دەستی خەڵکانی ساغ و سەلیم و لەبەردڵان. لەو کاتانەدا باوکم کتێبی سەبارەت بە خۆجێیەکانی هەڵدەداوە کە بە وردیی باسی دەکردن، ژنی گەنجتر دەبێ ئاگای لە ژنی بەتەمەنتر بێ. چونکە لەوەدەچێ ژنە بەتەمەنترەکە ئیتر نابێتە گلێنەی چاوی مێردەکەی. هەڵبەت کێشەی لینگدرێژ و کاروباری ماڵەکەی لەگەڵ ئەم بۆچوونە خۆشە بە تەواویی جیاواز بوو. باوکم وەکو کەسێکی کە لە کتێبی دەرماندا بەدوای چارەسەرییەکدا دەگەرِێ و ناتوانێ دەرمانێکی گونجاو بدۆزێتەوە، تورِە دەبوو. پاش چەند حەوتوو کە باوکم دیتی لینگدرێژ هێشتا پێداگرە، پێی گوت ئیتر بێدەنگ بێت و هەر خۆی ژنەکانی رێك بخاتەوە. لینگدرێژیش هێدی بەڵام تورِە، لە حاڵێکدا گیای نێوان ددانیی دەجوو، لێیدا رۆیشت بەرەو خوار. هەروا لە بن لێوەوە پرتەوبۆڵەی دەکرد و بەرەو ئەو ماڵە دەچوو کە لەوێدا رەنگە دوو لە ژنەکانی خەریکی حیلك و هۆرِی گەمژانەی خۆیان بن و ژنە پیرە مۆنەکەی کە دایکی منداڵە گەورەکانی بوو، هەر وەك جاران خەریکی کاروباری ماڵێ بوو، هەر ئەو ژنەی کە ببووە نەهاتیی ژیانی. چەند حەوتوو دواتر باوکم زۆر ناشارەزایانە لە لینگدرێژی پرسی: ئەرِێ لینگدرێژ.. چۆنی؟ هەموو شتێ لەسەر جێی خۆیەتی؟

"لینگدرێژ" زۆر بە هێمنی وەڵامی داوە: "بەڵێ گەورەم ئەو رۆیشتووە!"

- یانی چی ئەو رۆیشتووە؟

"لینگدرێژ" شانی هەڵتەکاند و گوتی: سەری خۆی هەڵگرتووە. بێ ئەوەی بەکەسێك بڵێ، لێیداوە رۆیشتووە! لەو سەرەوە کە ژنەکەی خەڵکی نیاساڵدا بوو و بە پێیان هەتا ئەوێ چەندین شەو و رۆژ رێ بوو، دڵنیای بە تەنیا نەرِۆیشتووە؟ رەنگبێ کەسوکارێکی هەبووە کە بێن

بیبەنەوە؟ یان لەگەڵ گرووپێك لەو ئەفریقیانەدا ڕۆیشتووە کە بەوێدا تێپەڕیون و ڕێگاکەیان ئەوێ بووە؟

باوکم هێندێك پێی سەیر بوو، بەڵام کەمێك دواتر هەموو شتێکی لەبیر چۆوە. هەرچۆنێ بێ کێشەکە کێشەی ئەو نەبوو. ئەو لەوەی کە لێزانترین کرێکارەکەی بە ئەرخەیانیی هاتۆتەوە سەر کارەکەی ڕازی بوو. هەڵبەت زیاتر بەوە دڵخۆش بوو کە کێشەی "لینگدرێژ" پێش کێشەی ساڵانەی ئاوهێنان چارەسەر بووە.

لەو نزیکانە تەنیا دوو بیری لێبوو و دیارە کە خۆمان بیرە نوێیەکەمان بەکاردێنا کە ئاوەکەی خۆش و خاوێن و ڕوون بوو. بەڵام لە گەلاوێژی هەموو ساڵێکدا وێشك دەبوو. ئاوی بیرە کۆنەکە ناخۆش بوو و هێندێکیش لێڵ، بەڵام هەمیشە ئاوی هەبوو. بۆ سێ یان چوار مانگ لە ساڵدا بە پێی ڕێژەی باران بارین ناچار بووین لە ئاوی ئەو بیرەدا لەگەڵ خەڵکی مەزراکە هاوبەش بین.

لەم کاتانەدا "لینگدرێژ" لەوەی کە هەفتەی چوار جار بە داشقەی ئاو بچێت ئاومان بۆ بێنێ تووڕە دەبوو. ژنانی مەزراش لەوەی کە ناچار بوون لە کاتی چوونەسەر بیرەکە، تووشی داشقەی ئاوکێشان بن بێزار بوون و پرتە و بۆڵەیان بە سەر "لینگدرێژ"دا دەکرد. ئەمساڵ ئێمە هێشتا ئاومان لە بیرە کۆنەکە نەهێنابوو کە شکاتەکانیان دەستی پێکرد: ئاوەکە ناخۆشە. "ئاغای گەورە" دەبوو چەند کەسێکی بناردبوایە بیرەکە خاوێن بکەنەوە. بۆ بەیانییەکەی چەند کەس لە ژنانی مەزرا هاتنە ماڵی ئێمە. شەش ژنێك لە پشت دەرکەوە ڕاوەستا بوون و مشتومڕیان لەسەر ئەوە بوو کە ئەگەر بیرەکە زووتر خاوێن نەکرێتەوە منداڵەکانیان نەخۆش دەکەون. باوکم بە دڕدۆنگییەوە بەڵێنی دا: " زۆر چاکە بۆ حەوتووی داهاتوو!"

بەیانیی ڕۆژی دواتر "لینگدرێژ" یەکەم نۆرەئاوی لە بیرەکۆنەکەوە بۆ ئێمە هێنا. سەری بەرمیلەکانمان لابرد، بۆگەنەکەی بە نێو ماڵێدا بڵاو بۆوە. بۆ خواردنەوەشی خۆ ئیدی پرسیارکردن بێ مانا بوو. باوکم بەو ژنانەی کە لە پشت دەرکەی ئێمەوە بە بێتاقەتیی ڕاوەستا بوون، گوت: **"بۆچی هەموو جارێ سەری بیرەکە نانێنەوە؟"** بەڕاستی تووڕە ببوو. **"جاری پێشوو کە بیرەکە خاوێن کراوە، چاردە مشکە تۆپیو و مارێکی مردووی تێدا بوو. لە بیرەکەی ئێمەدا شتی لەم جۆرە نادۆزییەوە چونکە لەبیرمان ناچێ سەری بنێینەوە"**. بەڵام لەوە دەچوو ئەوان سەرنانەوە و نەنانەوەی بیرەکەیان بە کاری خودا دەزانی و هیچ پێوەندییەکی بەوانەوە نییە. ئێمە هەوڵمان دەدا هەمیشە لەکاتی خاوێنکردنەوەی بیرەکەدا بچین بۆ ئەوێ، چونکە

مەراسیمە ئایینییەکەیان زۆر سەرنجڕاکێش بوو. وەکو ئەو مەراسیمەی کە بۆ پاککردنی گەرمەشانی بوویان یان بۆ بارینی یەکەم باران. راست لە کاتێکی زێڕینی ساڵ دەچوو. دەڵێی شارێکی گەمارۆدراو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی پلان دادەڕێژێ.

ئەو رۆژە بەتایبەتی هەوا زۆر گەرم ببوو، بە جۆرێ کە گەڵا و دارەکان ئارەقەیان کردبوو و ئەو گەڵایانەی کە هەتاو گەرمی داهێنابوون لە گەرمایەکی ئاوا ئاگریندا دەسووتان. هەتاویش لەو سەروانە چووبووە پشت تەمێك لە تەپوتۆزەوە. هەڵبەت جێی باسە کە ویشك و برینگیی هەوا شتێکی نوێ نەبوو. خاوێنکردنەوەی بیرەکە چەشنێك مەراسیمی ئایینی بوو کە لەوێدا ئیمانیان لە محەك دەدا. هەڵبەت ئەم مەراسیمە هێندێکیش لە ناڕەزایەتیی دەربڕین دەچوو. سەر لەبەری پاشنیوەڕۆ لە هیچ شوێنێکی مەزرادا تەنانەت لاوێچێك ئاو دەست نەدەکەوت. بیرێکیان کە بە تەواوی ویشك ببوو و ئەوی دیکەشیان بە پێی کەم و زۆربوونی ئاوی بن عەرزی جۆماڵ دەکرا. ئەگەر ئێمەی لەم بێ ئاوییەدا بەجێدەهێشت چیمان بکردبوایە؟ هەموو ساڵێك لەم کاتانەدا هەر ئەم دڵەڕاوکێیەمان هەبوو و بەیانیی کاتێ کە "لینگدرێژ" لە پشت دەرکەوە رادەوەستا و بە بزەیەکەوە دەیگوت کە بە سەتڵەکە ئاوی تازە و خاوێنیان هەڵۆێنجاوە، لە خۆشییانە دەبوو بە جێژن.

بەڵام ئەمجارەیان بۆنی بیرەکە بەڕاستی مێشکی سەری هەڵدەگرت. وەکو هەمیشە چەند مشکێکی ماسیومان[٩] دەدیت کە لە سەر بەردەکانی دەوری بیرەکەدا لەسەر یەك دانرابوون و هەروەها ئێسکی بزنێکی مردووشیان دەرهێنابوو کە وادیاربوو لە تاریکیدا کەوتبووە نێو بیرەکەوە.

پاشان ئێمە ئەوێمان بەجێهێشت. جادەیەکی کە تێیدا پیاسەمان دەکرد بەهۆی ئەو سەتڵانەی ئاوی لێڵ و پیس و بۆگەنیان پێ رادەگوێزرا ، ببوو بە چۆمێك.

خودی "لینگدرێژ" بوو کە هات هەواڵەکانمان پێ بدا. پاشان زۆرمان هەوڵدا ئەو قەڵافەتە گوماناوییەمان وەبیر بێتەوە کە لە کاتی گوتنی ئەو هەواڵەدا چۆن بوو. وێدەچوو کە بە هۆی دوایین سەتڵەوە باسکی مرۆڤێکیان هێنابووە دەرێ، یان بە وتەیەکی دیکە لەتوپەتەکانی. پاش ئەوەی کە لەتوپەتەکانیان هێنایە دەرێ زانییان کە تەرمی ژنە خێڵەکەیە، یەکەم ژنی

---

٩- ماسیو: هەڵمساو، باکردوو

"لینگدرێژ". ئەویان لە رووی بازنەکانییەوە ناسیبۆوە. پاش هەموویان "لینگدرێژ" بوو کە چووە نێو بیرەکە و کەللە سەریشی هێنا دەرێ کە لەوە دەچوو تەواوکەری ئەو لەتوپەتانە بێت.

باوکم گوتی: من وا لە تۆ تێگەیشتم کە ژنەکەت چۆتەوە ماڵی خۆیان؟"

- وام دەزانی کە رۆیشتۆتەوە. کوێی دیکەی هەبوو کە بچێ؟

باوکم لە کۆتاییدا بێزار لە هەموو شتێ گوتی: "ئەگەر ئەو دەیویست خۆی بکوژێ خۆی بە دارێکەوە هەڵواسیبوایە و ئاوەکەی بۆگەن نەکردبوایە"

لینگدرێژ گوتی: "رەنگە هەڵخلیسکابێت و کەوتبێتە نێو بیرەکەوە".

باوکم سەری هەڵێنا و بۆ چەند دەقەیەك چاوی تێبڕی، پاشان گوتی: "ئا ئا! پێموایە هەر وای کردووە".

پاش ماوەیەك لەگەڵ خۆمان دەمانگوت کە: سەیرە! خۆجێیەکانیش خۆکوژی دەکەن؟! رەنگە بانگەشەی ئەوە بکەن کە وەکو ئێمە رۆحێکی هەستیاریان هەیە".

بەڵام دواتر ئەگەرچی قسەیەکی تایبەت نەهاتبووە گۆڕێ، بەڵام بیستم کە باوکم دەیگوت: راستییەکەیت بوێ من لە هیچ ئاگادار نیم، تف لە من ئەگەر شتێك بزانم، بەڵام هەرچی بێ ئەو جووتیارێکی بێ وێنەیە.

# پیاوی بێ ژن

من "جانی بلەك وۆرتی"م دیتبوو. سەرەتای ژیانم بوو. دەوروبەری دە دوازدە ساڵان، لە سەرەتای دەیەی سی دا بوو کە ئەمە روویدا. کاتێ قەیرانی ئابووریی ئەمریکا گەیشتبووە وڵاتی ئێمە لە نێوەڕاستی ئەفریقیا، یەکەم نیشانەی قەیرانەکە زۆربوونی ڕێژەی ئەو خەڵکانە بوو کە یان بە ئاوارەیی و بێ هیوایی درێژەیان بە ژیان دەدا یان بە زیرەکی.

ماڵی ئێمە لەسەر گردێك لە بەرزترین شوێنی مەزراکەمان هەڵکەوتبوو. بە نێوەڕاستی مەزراکەدا تەنیا جادەیەك تێپەڕ دەبوو. جادەیەکی پیس کە لە حەوت کیلۆمەتریی وێستگەی قەتار و دایرەی پۆست و فرۆشگەی ئێمە بەرەو مەزرا دوورەکانەوە لێدرابوو. نزیکترین دراوسێکانمان سێ یان چوار هەتا حەوت کیلۆمەتر لێمان دوور بوون. لە سەر گردەکەوە ئێمە تەپوتۆزێکمان دەدیت ئاراستەی ماشێنەکان و قەتاری دەردەخست. ڕەنگە لەبەر خۆمانەوە دەمانگوت: **"ئەمە دەبێ فلانی بێت کە دەچێت بۆ هێنانی خواردن"**. یان کریل دەگوت: **"گاسنەکە شکاوە و دەبێ پارچەکانی بگۆڕدرێ و ئەوەش هەمان پارچەیە کە دێت"**.

ئەگەر لە جادەی سەرەکییەوە تەپوتۆزێك هەڵدەستا و بەرەو ماڵی ئێمە دەهات، دەرفەتی ئەوەمان هەبوو کە ئاوڕێك خۆش بکەین و کترییەکەی لەسەر دانێین هەتا بکوڵێ. لەکاتی کارکردنی جووتیاراندا ئەمە بە دەگمەن رووی دەدا. تەنانەت لە کاتی قەیرانەکەشدا حەوتووی زیاتر لە سێ چوار ماشێن بە جادەکەدا تێپەڕ نەدەبوو و قەتاریش هەر ئاوا بوو. سپی پێستەکان زیاتر بە جادەکەدا هاتووچۆیان دەکرد. ئەفریقییەکان زیاتر بە پێیان سەفەریان دەکرد و بە جادەی کورت مەودا و نزیکدا دەڕۆیشتن. ڕێژەی ئەو سپی پێستانەی بە پێیان هاموشۆی ماڵی ئێمەیان دەکرد کەم بوون و لە کاتی قەیرانە ئابوورییەکەدا زۆر کەمتریش بۆوە.

کاتی چوونەسەر گردەکان بوو کە چاوم بە پیاوێك کەوت. بە بوخچەیەك لە شان و تفەنگێك بە دەستییەوە بەرەو لای ئێمە دەهات. بوخچەکەی هەمیشە تاوەیەك، دوو گۆشتی قوتوو یان ئەنجیل، شقارتە و قوتوویەك گۆشتی وردکراوی تێدابوو. جاریواش بوو پیاوە موسافیرەکە بەردەستێکی قولەڕەشیشی لەگەڵ بوو. ئەمجۆرە پیاوانە هەمیشە خۆیان وەك پشکێنەر دەناساند و ئیشێکی دیار و خاوەن جێگە و پێگە بوو. زۆربەی ئەوان لە حاڵی گەڕان و پشکنین دابوون. زیاتر بەدوای زێڕدا دەگەڕان.

ئێوارەی رۆژێك کە رۆژئاوا بوو، لە جادەی پەنای ماڵی ئێمەوە پیاوێکی باڵابەرز و پشت کۆم هات. جلێکی بۆری لەبەردا بوو و تفەنگێك و بوخچەیەکیش بەشانییەوە. زانیمان کە بۆ شەوێ میوانمان دەبێ. نەریتی میوانداریی ئەوە بوو کە دەرکە لەسەر ئەو کەسانە دانەخەین کە لە دارودەوەنەکانەوە دێن بۆ ماڵی ئێمە. خواردنمان بە هەموویان دەدا و دەیانتوانی تا ئەو کاتەی پێیان خۆش بێ لە لامان بمێننەوە.

"جانی بلەك وۆرتی" تاوەسووت ببوو، مەیلەو قاوەییەکی تۆخ. بە دموچاوێکی چرچ و ویشکەوە، چاوانیشی خۆڵەمێشیی. هەتاو زیاتر سپی پێستەکانی دەسووتاندەوە. چاوانی لە ژێر تیشکی هەتاودا وەکو مستێك وێك دەهێنا. تیشکەڵەبوو و گوتی کە بەمزوانە نەخۆشیی مالاریای گرتووە. پیر و تێکشاو، هەر بە هۆی هەتاوەوە دەموچاوی چرچ و لۆچ نەبوو، پیریش ببوو. لە نێو بوخچەکەیدا بێجگەلە تاوە کە لە پێویستییەکان بوو، قابڵەمەیەکی بچووك، نیوکیلۆ چایی، نەختێك شیری ویشك و چەند جلێکی دیکەش هەبوون. پانتۆڵێکی درێژی بۆر و کراسێکی بۆری تایبەت بە نێو دڕکودالی لەبەر دەکرد بۆ ئەوەی جەستەی لە دڕکودال بپارێزرێ و هەروەها بلوزێکی بۆری بۆ شەوە سارد و سۆڵەکان پێ بوو. لە نێو باقی شتومەکەکانیدا هێندێك گەنمەشامیی هاڕدراویشی پێبوو. هەر ئەم گەنمەشامییە هاڕدراوە نیشانەی خواردنی هەمیشەیی ئەفریقییەکان بوو، خواردنێك بوو هەرزان و بەئاسانی دەست دەکەوت و زوو دەکوڵا و وزەبەخشیش بوو. بەڵام سپی پێستەکان نەیاندەخوارد، لانیکەم وەك خواردنێکی ئاسایی و رۆژانە. لەبەر ئەوەی پێیانخۆش نەبوو ببنە هاوشانی قولەڕەشەکان. لەبەر ئەم خواردنە خۆماڵییەی بە پیاوەکەبوو، باوکم لەکاتی قسەکردن لەگەڵ دایکمدا گوتی: رەنگە وەکو خۆجێیەکانی لێدێ. مەبەستی لەم قسەیە ئەوە نەبوو کە رەخنە لە "بلەك وۆرتی" بگرێ یان هەمان مەبەستی هەبێ کە سپی پێستەکان لەکاتی درکاندنی وتەیەکی ئەوتۆدا هەیانە و

له کاتی تووڕەبووندا دەڵێن: "بۆته خۆجێیی" یان له بارودۆخی جۆراوجۆر و بـه تێگەیشـتنی جیاوازەوە ئەم وتەیە به ئێرەیی پێبردنێکی بەرچاوەوە دەدرکێنن.

هەڵبەت داوا له "جانی بلەك وۆرتی" کرا که شـەو نـەڕوات و نـانی شـەوەخوانمان لەگـەڵ بکات. شەوێ لەژێر گڵۆپی هەڵکراو له پشت مێزێکی پڕ له چێشتی جۆراوجۆردا گوتی چـەند چاکه که دیسانەوە چاوی بەم هەموو خواردنـەوە دەکـەوێت. بـەڵام ئەگەرچـی ئـەم قسـەیەی بەئەدەب و به هێندێك ناڕوونییەوە گوت، بەڵام دەتگوت کـه دەیـەوێ هەسـتی سـەبارت بـه خواردنەکان وەبیر خۆی دێنێتەوە.

قاپەکەی پڕبوو و ئەویش دەیخوارد. بۆ ماوەیەك لەبیری چۆوە که خەریکه چێشت دەخـوا و دایکم به پێدانی هێندێك سۆسی گۆشت و گێزەر و ئەسـپەناغ کـه بەرهـەمی بێستانۆچـکەی خۆمان بوو، وەبیری هێناوە که نانەکەی بخوات. بەڵام بەگشتیی ئەو زۆر کەم نانی خواردبـوو و زۆریشی قسه نەکردبوو. چونکه خواردنەکه ببووە هۆی ئـەوەی لـەکاتی خواردنیشـدا قسـەش بکا. راست وەکو ئەو رۆژەی که بەڕۆژوو بـووین، کـه هـەم برسـیی بـووین و هـەم تاسـەباری وەڵامدانەوە بەو پرسیارانەی که هەمان بوون.

بەتایبەتیی ئێمە دوو منداڵ بووین که پرسیاری زۆرمان هـەبوو و دەمانەویسـت زانیـاریی زیاترمان سەبارەت به ژیانی پیاوێکی ئا لەم جۆرە هـەبێ. پیـاوێکی کـه بـه تـەنیایی و بـه ئارامیی جاری وابوو نزیك به بیست کیلۆمەتر بـەنێو داروەدەوەن و گژوگیاکانـدا دەسـووڕاوە و بەتەنیا له ژێر تیشکی هەتاو یان مانگەشەودا دەخەوت و یان له وەرزی جۆراوجۆری سـاڵدا و هەر کاتێ که پێی خۆش بوایه خەریکی پشکنین دەبوو و کاتێ پێویسـت بـوو دەسـتی لـەکار هەڵدەگرت و خۆی دەحەساندەوە. ژیانی لەوچەشنه بێ ئەوەی شتێکمان له بارەیـەوە بیسـتبێ دەبووە هۆی ئەوەکه ئێمه بیر له ژیانێکی جیاواز لەوە بکەینەوە که لـه قوتابخانـه یـان ماڵـێ پێیان گوتبووین.

دەمانزانی که ئەو زۆر له پێشووترەوە تا بەئێستا کـه شەسـت ساڵی بـوو، تەمـەنی لـه جادەکاندا تێپەڕ کردووە و دەمانزانی که ئەو لـه باشـووری بـەریتانیا، نزیـك "کـانتێربێری" لەدایك بووە و سەرلەبەری تەمەنی له سەروو یـان خـوار و دەوروبـەری ئـەفریقیای باشـووری خەریکی گەڕان و پشکنین بووە. بەڵام وشەیەکی کـه ئـەو بۆخـۆی بـەکاری دەهێنـا گـەڕان و پشکنین نەبوو، ئەمه ئەو وشەیه بوو که ئێمەی منداڵ بەکارمان دەهێنا، هەڵبەت تا کاتێ که هەستمان کرد ئەم وشەیه بێزاری دەکا.

لە کانێکدا کاری کردبوو و لە راستیدا لە کانێکدا کە بۆخۆی خاوەنیی بـووە. جووتیـاریی کردبوو، بەڵام لەمەیاندا سەرکەوتوو نەبووە. دەستی داوەتە کاری جۆراوجۆر و لەو سەرەوە کـە پێی خۆشبوو ئاغا و کوێخای خۆی بێت، دووکانێکی دانابوو. بەڵام لەمـەش مانـدوو ببـوو و دیسان دەستی کردبۆوە بە سەفەر و گەڕان و پشکنینەکانی.

ئێستا شتێك نەمابوو کە ئێمە سەبارەت بە ژیانی نەمانبیسـتبێ. لـە راسـتیدا وەخـت و ناوەخت کەسێکی بەڕەڵڵای وەکو ئەو دەهاتە ماڵی ئێمە. لە راسـتیی ژیـانی ئـەودا شـتێکی دەگمەن و نائاسایی نەبوو. رەنگە بەوجۆرەی کە دواتر زانیمان کـە ئـەو تەنانـەت "تاوە"شـی پێنەبووە، ئەو تاوەیەی کە زۆربەی پشکێنەران پێیانە. قـەتیش داوای لـە بـاوکم نەکردبووکـە ئیزنی پێبدا لە زەوییەکانیدا خەریکی پشکنین بێ. هیچ پشکێنەرێکمان نەدەناسی کە مـەیلی نەبووبێ مەزراکەمان بپشکنێ، لەبەر ئەوەی مەزرای باوکم پڕبوو لە تاشەبەردی تاشـراو، لـە خەندەك و ستوونگەلێك کە خەڵکانێك دەیانگوت دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی فینیقییـەکان. مرۆڤ ناتوانێ سەدان کیلۆمەتر بە دوای زێڕدا بچێ و نیشانەی کۆنە و نوێ بوونی پـێ گـرنگ نەبێ. بەم ناوچەیەیان دەگوت "بانکێت". لەبـەر ئـەوەی تاشـەبەردە بـەرزەکانی ئـەوێ لـەو تاشەبەردانە دەچوون کە لە "بانکێت"، هەڵکەوتوو لە ناوچەی "رێنـد"، هـەبوون. ئـەو نـاوە وەکو تابلۆی ئەدەرس پێدان دەربڕی ئەوشوێنە بوو، بەڵام "جانی" گوتی کە بەیانیی زوو لەگەڵ خۆرهەڵات دەڕوا.

رۆییشتنیم لە جادەی بەر هەتاو دیت کە لایەکی ریزی دارەکان بوو. وردە وردە لە چاو بزر بوو. پیاوە تیشکەڵە و باڵابەرزەکە نەختێکیش کۆم ببـۆوە، بـە جلـی شـڕ و تیتـۆڵ تیتـۆڵ و کەوشی چەرمی.

چەند مانگ دواتر پیاوێکی بێکاری دیکە کە بۆ پشکنین هاتبوو، لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە "جانی"ی دیتووە و دەیناسێ، گوتبووی: "بەڵێ".

بە تووڕەییەوە ئەوەشی گوتبوو کە "جانی" لەو دەربەندەدا تێکەڵاوی خۆجێییەکان بـووە. نیگەرانبوونەکەی هەر لە خۆوە بوو. لەبەر ئەوەی بۆچوونی ئێمـە وابـوو کـە بۆخۆشـی بۆتـە خۆجێیی و یان ئەوەی کە پێی خۆشە ببێ، یان دەتوانێ ببێتە خۆجێیی و ژنێکی هەبێ خەڵکی ئەو دارسـتانە. بـەڵام "جـانی"ی خـۆ تـاوەی پـێ نـەبوو و گەنمەشـامیی هـاڕدراو و جـۆری سەیرکردنی مێزی شەوەخوانێکی کە پێی نائاسایی بوو، هەموو نیشاندەری ئەوە بوون کە بۆتە خۆجێیی. پیاوێکی کە هاتبوو گوتی کە لەگەڵ زۆر ژن بـووە و بـەڵام ئەمێسـتا عادەتەکـەی

وەلاناوە. پێش ئەوە دەبوو لە کاتی خۆیدا بمگوتبوایە کـە لـەکاتی دیـدار لەگـەڵ "جـانی"دا شتێك ئێمەی داچڵەکاند.

سێ ڕۆژ پاش ڕۆیشتنی "جانی"، نامەیەکی بۆ ناردین. لەبیرمە باوکم چاوەڕێ بوو کە لەم نامەیەدا "جانی" داوای لە باوکم کردبێ رازیی بێ بۆ پشکنینی مەزراکە. بەڵام هەرچۆنێ بێ ئەم نامەیە نامەیەکی نائاسایی بوو. فۆرمی نامەکە و جۆری نووسینەکەی لەوە نەدەچـوو لـە لایەن کەسـێکی بـەرەڵڵای وەکـو "جانی"یـەوە بـێ. کاغـەزی نامەکـە شـین بـوو، مـارکی "گێروکسلی" لەسەر بوو. پاکەتەکەشی هەر شین بوو، بە هەمان مارکەوە. نامەکە بە جوانی و ڕێکوپێکی نووسرابوو. وەکـو نووسـینی منـداڵان. نامەیـەك بـوو کـە زۆر بـە ئاسـایی لێـی نووسرابوو کە چێژی لە میوانداریێتیی ئێمە وەرگرتووە و هەروەها لـە چێشـت لێنـانی کابـانی ماڵێ و لەو دەرفەتەی کە بۆی رەخسابوو بۆ ئاشنابوونی لەگەڵ ئێمە، سوپاسـی کردبـوو و لـە کۆتاییدا نووسیبووی: "بە هیوای سەرکەوتنی زیاترەوە، دۆستی ئێوە جانی بلەك وۆرتی".

سەردەمێکیش ئەو مێرمنداڵێکی چاکی پەروەردەکراوی بنەماڵەیەکی گوندیی ئینگلیزیـی بووە کە پێیان کوتبوو: **"جانی ئەتۆ هەمیشە دەبێ پاش ئەوەی میواندارییان لێکردی، نامە بنووسی و سوپاس لە خانەخوێ بکەی"**. بۆ ماوەیەکی زۆر لەبارەی نامەکەوە قسەمان کـرد. دەبێ نامەکەی پاش ماڵئاوایی لێکردنی لە ئێمە، لە نزیـك دووکانەکـەی لای بـاکوور پۆسـت کردبێ کە هەتا ماڵی ئێمە نزیکەی بیست کیلۆمەترێك دوور بوو. ئـەو دەبـێ کاغـەزێك یـان پاکەتێکی لە بەشی تایبەت بە قولەڕەشەکان، لە دووکانەکە کڕی بێ. هەڵبەت فرۆشتنی ئـەم شتە بچووکانە قازانجێکی زۆری بۆ دووکانەکە هەیە.

دەبێ پولێکی کڕی بێ و ڕۆیشتبێ بۆ پۆستخانە هەتا بیدات بە کارمەندی دایرەکە. پاشان لەبەر ئەو شتانەی بەجێی هێشتبوون، هەروەها نامەیەکی کە نووسیبووی و باقی ئەو شـتانەی کە بۆ قولەڕەشەکان یاساغە، دیسان چووبێتەوە بۆ نێـو هـەمان خێڵـە ئەفریقییـەکانی پشـت دایرەی پۆست، واتە ئەو شوێنەی کە لێیی دەژیا.

بە پێداچوونەوەیەکی دیکە کە بە سەر ژیانی ئەم پیاوەدا بووم پێم وانەبوو کە بۆچـوونەکانم سەبارەت بەو ڕاست بن. پاش چەندین ساڵ کە ببووم بە ژنێکی گەنج، لە میوانییـەکی چـایی خواردنەوەدا کە شوێنی زۆربلێیی و بڵاوکردنەوەی دەنگـۆ بـوو، لـەو سـەرەوە کـە ئێمـە ژنـە لاوەکان شوومان کردبوو زۆربەی قسەکانمان سەبارەت بە پیاوان و زەماوەند بوو. کچێکیش کە ساڵێك لە شووکردنەکەی تێپەڕ نەدەبوو و هێشتا ئاشقی مێردەکەی بوو و پێـی خـۆش نـەبوو

مێردەکەی بەختی کۆبوونەوەکە بکا، دەهات و سەبارەت بە پووری قسەی دەکرد کە لە "ئۆرنج فری ستیت"دا دەژیا. ئەو گوتی کە پووری بۆ چەندین ساڵ لەگەڵ مێردێکی بەڕاستی خراپدا دەژیا. ئاخرییەکەی مێردەکەی سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت و تەنیا خەبەرێکی کە لێی هەبوو نامەیەك بوو. دەزانن کە نامەیەك وەکو ئەو نامانەی پاش میوانییەك و هاوشێوەکانی دەینووسن. ئەو لە نامەکەیدا نووسیبووی بۆ ئەو ساتە باشانەی کە هەمبوو سوپاست دەکەم. خۆدەزانن! پاش ماوەیەك پوورم زانی کە شووکردنەکەی هەر نابەجێ بووە و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ئەو پیاوە لەگەڵ ژنانی دیکە زەماوەندی کردووە".

یەکێك پرسی: "بەختەوەر بوو؟"

کچەکە گوتی: **"ئەو شێتە و دەڵێ کە باشترین ساتی ژیانی هەر ئەو کاتە بووە "**.

ـ لە چ شتێك گلەیی و گازندەی هەبوو؟

ـ دەکرێ بڵێین ئەگەرچی لە تەواوی ئەو ماوەیەدا مێردی هەبووە، بەڵام کارەکەشی بە چەشنێ نابەجێ بووە هەتا ئەوەی کە ئەو نامەیە هات و تووڕەی کرد. نامەیەکی کە تێیدا نووسرابوو دەبێ بنووسم و سوپاست لێ بکەم و شتێکی لەم بابەتە".

لەناکاو شتێك بە مێشکم گەیشت و پرسیم: "نێوی چی بوو؟".

ـ لەبیرم نییە، "جانی"، نازانم چی و شتێکی لەم بابەتە.

ئەمە تەواوی ئەو شتە بوو کە لەو میوانییە بەرچاوەی ئەفریقیای باشووریدا ڕوویدا: لە میوانییەکدا بۆ چایی خواردنەوەی پێش نیوەڕۆ، لە هەیوانێکی گەورەی بەر سێبەردا، بە سینیی پڕ لە کێك و بیسکویت. شوێنێك کە ژنان لە هەمان کاتی سەیرکردنی یاریکردنی منداڵەکانیان چەقەسرۆییان دەکرد و ژیانی بێ قازانجی خۆیان بەر لە گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان پڕدەکردەوە. ئەو شوێنەی کە چێشتەکانیان لێنابوو مێزی خوانی نیوەڕۆیان ڕازاندبۆوە و مێردەکانیشیان چاوەڕێی هاتنەوەیان بوون. میوانییەکە دەگەڕاوە بۆ سی ساڵ لەمەو پێش و هێشتا شارەکە هێندە گەورە نەببوو کە پیاوان نەتوانن لە شوێنی کارەوە هەتا ماڵێ ماشێن لێبخوورن و لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەیان نان بخۆن. هەڵبەت مەبەستم بنەماڵەی سپی پێستەکانە.

بەشی کۆتایی ئەم نهێنییە چیرۆکێك بوو کە لە ڕۆژنامەی هەرێمیی "ڤێلی ئیدۆر تایزێر"دا خوێندمەوە کە لە تیراژی دە هەزاردانەدا بڵاودەبۆوە. چیرۆکێك بوو بە نێوی

"کەتیرەی رەشی بۆنخۆش" لە نووسینی "ئالێن گلێنری" کە چیرۆکەکە خەڵاتی رۆژنامەکەی وەرگرتبوو:

کاتێ کارێکی تایبەتم نییە، پێم خۆشە بە پیاسە لە شەقامی "میدل ستریت"ەوە بچم بۆ خوارووی شار، ئاگام لە هەواڵەکانی رۆژ بێت. کەمێك قسە بکەم و سەبارەت بەو شتانەی کە بیستوومە چیرۆك بنووسم. خەڵك چێژ لە رووداو وەردەگرن. دەبێتە هۆی ئەوەی قسەیەکیان بۆ گوتن پێ بێ. بەڵام کاتێ رێژەی رووداوەکان زۆربێ هەستێکی ناخۆش بەدی دێت و دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤی ژیر هەست بە ناخۆشیی بکا.

ئەم بەیانییە لەم جۆرە بوو. چیرۆکەکە لە دووکانی گوڵفرۆشییەوە دەستی پێکرد کە لەوێدا ژنێك بە تۆمارێك لە پێویستییەکانییەوە لە فرۆشیاری دەپرسی: "ئێوە کەتیرەی رەشتان هەیە؟"

وادیار بوو مەبەستی جۆرێك خواردن بێت.

فرۆشیارەکە گوتی: "نێوەکەیم نەبیستووە. بەڵام من گوڵی گەش و جوانم هەیە. دەتوانم پێشنیاری "تابلۆیەکت پێ بکەم کە وێنەی باخێکی کوێستانیی تێدابێ".

ـ نا، نا، نا من کەتیرەی رەشی سادەم ناوێ، هەموو جۆرەکانیم کڕیوە، کەتیرەی رەشی بۆنخۆشم دەوێ.

دە دەقە دواتر کاتێ لە لای فرۆشیاری کەلوپەلی جوانکاریی دەرمانفرشی گەڕەك، واتە "دەرمانفرۆشیی هاری" چاوەڕێی کڕینی فلچەی ددان بووم، گوێم لە دەنگی ژنێك بوو کە شووشەیەك کەتیرەی رەشی دەویست. پێم وابوو کە لە ناکاو ئەم کەتیرە رەشە بۆتە بەشێك لە ژیانی من.

کچە فرۆشیارەکە گوتی: "شتی وامان نییە".

وایزانی کە کەتیرەی رەش جۆرە عەترێکە. بۆیە عەتری پێ پێشنیار کرد وەك عەتری گوڵی سوور، یاس، گوڵە باخ، نیو سەعات دواتر لە دووکانی دانەوێڵە فرۆشیی بووم کە گوێم لێ بوو ژنێك بە دەنگی نەرم و ناسکەوە دەیگوت: **"ئێوە گوڵێشتان هەیە؟ پاشان تێگەیشتم کە چی روودەدات. پێش ئەوەش بۆم رووی دابوو. بەڵام کەی و لە کوێ..؟ پێش ئەوە قەت نێوی کەتیرەی رەشی بۆنخۆشم نەبیستبوو"**. ئێستا لە ماوەی سەعاتێکدا سێ جار دەمبیست و کاتێ ئەو ژنە رۆیشت، لە فرۆشیارەکەم پرسی: **"ئەرێ شتێك بە نێوی کەتیرەی رەشی بۆنخۆش هەیە؟"**

گوتی: **"قسەکەت راستە بەڵام، خەڵك هەمیشە بەدوای ئەو شتانەوەن کە بەدەستهێنانیان زەحمەتە"**.

لەم ساتەدا بوو کە وەبیرم هاتەوە لە کوێ ئەم تاڵی دەنگە برسییە بزۆزەم بیستووە. (دەنگێك کە دەبیسترا) چەند تاڵە دەنگێك کە واتاکەی ئەوە بوو کە کەتیرەی رەشی بۆنخۆش گشت ئاواتەکانی مرۆڤ وەدی دێنێ.

ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش شەڕ و کاتێ کە من لە "کیپ تاون" بووم و دەبوو بچم بۆ نایروبی. پێش ئەوە، من لەو جادەیەدا ماشێنم لێخوڕیبوو و ئێستاش پێم خۆش بوو بگەمە ئەوسەری جادەکە. جادەیەك کە تێیدا هەر دوو سێ سەعاتێك بە پەنای گوندێکدا تێپەڕ دەبێ کە هەموویان لەیەك دەچن. گەرم و نووقمی تەپوتۆز. خەڵك لە قاوەخانەکاندا بەستەنی دەخۆن. سەبارەت بە ماتۆڕ و ئەکتەری و فیلم قسە دەکەن. لە نادییەکیشدا سەرقاڵی خواردنەوەن. ئەگەر ریستوورانتێکیش کراوەیە خراپە و رواڵەتکوژ. بەردەستەکان تەنیا بە رۆژ لەسەر کارن و بە شەو دەبێ خۆیان بگەیەننە شارە گەورەکان و وا باسی شار دەکەن دەڵێی باس باسی پاریس و لەندەنە. بەڵام پاش دووسەت یان پێنج سەت کیلۆمەتر دەگەی بەوێ، بە چاکی دەبینی کە گوندێکی گەورەیە. بەهەمان دارودەوەنی تۆزاوی. هەمان قاوەخانەکان، هەمان نادییەکان، بە پێنج هەزار جەماوەرەوە بەجێی پێنج سەد کەس.

ئێوارەی رۆژی سێیەم لە "ترانسوای" باکووریی بووم. کاتێ دەمویست شەو لەوێ بمێنمەوە، هەتاو لە پشت تەمی تۆز و خۆڵدا وەك پتەی خوێن وابوو و شەقامی سەرەکیی شارەکە پڕ بوو لە مرۆڤ و ئاژەڵ. کاتی فستیڤاڵی کشتوکاڵی بوو. هەموو هۆتێلەکان پڕ ببوون. خاوەنی هۆتێلەکە گوتی ژنێك هەیە کە لە کاتی پێویستدا ژوور بەکرێ دەدا.

ماڵی ژنەکە لە کۆتایی شەقامێکی قەرەباڵغی تەم گرتوودا، لە ژێر پۆلێك لە دارەکانی "جاکاراندان" بوو. ماڵێکی بچووك بوو. بە داربەستێکی رەنگ چۆکۆلاتی. میچی هەیوانی ماڵەکە لە ژێر قورسایی گوڵە کاغەزینە سوورەکان زگی دابوو. ئەوەی دەرکەی کردەوە ژنێك بوو خریلانە، قژ رەش، بە بەرهەڵبێنەیەکی پەمەییەوە و دەستەکانی بە هۆی چێشت لێنانەوە ئارداویی ببوو. گوتی کە ژووری ئامادەمان نییە. گوتم کە هەر لە بەیانییەوە "بلوم فونتەین" وەڕێ کەوتووم، ئەو گوتی: "وەرە ژووری، مێردی دووەمم یەکەم رۆژ لە بلوم فونتەینەوە هاتبوو بۆ ئێرە.

دەرەوەی ماڵێ، گشت شوێنێ تەپ و تۆز  و رۆژ زۆر گەرم و ئازاردەر بوو، بەڵام نێو ماڵەکە ئارام و بێدەنگ. گوڵ و پشتیی لێبوو و قاپ و قاچاغی پشت شووشەبەندیش. هەموو گۆشە و قوژبنی ماڵەکە پڕ بوو لە وێنەی پیاوێك. نەتدەتوانی لە چنگی رابکەی. لە سەر دیواری حەمامەکەوە بزەی بۆ دەکردی و ئەگەر دەرکەی کمۆدەکەت بکردبوایەتەوە دیسان هەر لەوێ بوو. چووبووە نێو قاپەکانەوە.

دوو سەعاتێکی پێچوو هەتا چێشت لێنانی ژنەکە تەواو بوو. لە حاڵێکدا کە بەردەوام قسەی دەکرد و دەیگوت کە چۆن دەبێ ژن تەواوی رۆژەکەی بۆ چێشت لێنان تەرخان بکا و پاش پێنج دەقەش بخورێت. پرسیی کە چ چێشتێکم پێخۆشە و یەك دوو جاریش یارمەتیی کردم و هەر لەو حاڵەدا سەبارەت بە مێردەکەی دوا. دەتگوت کە پیاوەکەی هەفتەی فێستیڤاڵی کشتوکاڵی هاتۆتە ئەو شارەوە و لە جێخەوێکدا گەڕاوە و رووی کردۆتە ئەو ماڵە. ئەو بێوەژنێك بوو کە بەتەنیا دەژیا و لەبەر ئەوەش پێی خۆش نەبوو کە بە پیاوە سەڵتەکان ژوور بەکرێ بدا. کەیفی بە دموچاوی پیاوەکە هاتبوو و هەفتەی دواتریش پێکەوە زەماوەندیان کردبوو.

یازدە مانگی سەرەتا لە خەون و خولیای لێوڕێژ لە شادمانی دابوون. دواتر پیاوەکە لێیدابوو رۆیشتبوو و ژنەکەی بە تاك و تەنیا و بەبێ ئاگاداریی بەجێهێشتبوو. تاکو ئەوەی کە نامەی ناردبوو. نامەیەك کە تێیدا سوپاسی لە هەموو دڵسۆزییەکانی ژنەکە کردبوو. ژنەکە دەیگوت: **"نامەکە راست وەکو زللەیەك وابوو کە لە مرۆڤی بدەن. خۆ کەسێك سوپاس لە ژنەکەی ناکا کە پێی وابووبێت وەکو خاوەن میوانخانەیەك رێزی لێگیراوە و دڵسۆزیی بۆ کراوە ، دەیکا؟ و کارتی کریسمەسی بۆ نانێرێ"**. بەڵام ئەو پیاوە ساڵی دواتر، کاتی کریسمەس کارتی پیرۆزبایی بۆ ژنەکەی ناردبوو. کارتێك لە پەنای سۆبەکە بوو و تێیدا پیرۆزبایی هاتنی کریسمەسی پێگوتبوو. بەڵام ژنەکە دەیگوت: **"پیاوێکی چاك بوو و هەرچی کاسپیی دەکرد دەیدا بە من. ئەگەرچی من پێویستیم پێی نەبوو و مێردەکەی پێشووم بە پێی پێویست پارەی بۆ بەجێهێشتبووم"**.

پیاوەکە لەوێ وەکو بەرپرسی کرێکارەکان لە هێڵی شەمەندەفەردا کاری دەکرد، ژنەکە وەکو هەموو ئەو ژنانەی شتێك لە ژیان تێگەیشتبن، سەیری هیچ پیاوێکی دیکەی نەدەکرد. هەڵبەت ئەو پیاوەش وەك هەموو پیاوەکانی دیکە هەڵەی دەکرد. پیاوێك بوو بێ ئۆقرە و

وازوازیی[10]. بەڵام سەرەڕای ئەوە ئاشقی ژنەکەی بوو. شتێکی کە ژنەکە دەرکی دەکرد. بێجگەلە ئەوانەش، ئەو پیاوە پیاوی کار و ژیان بوو.

ژنەکە هەروا لەسەر یەك قسەی دەکرد هەتا بەیانیی و کەڵەباب خوێندی. دەموچاوم لەبەر باوێشکدانی زۆر دێشا. کە هەوا رووناك بۆوە بەرەو باکوور وەڕێکەوتمەوە و بۆ شەو گەیشتمە رودزیای باشووریی. چوومە نێو شارۆچکەیەکەوە کە پڕبوو لە تۆز و خۆڵ. خەڵکەکەی بە جوانترین جلەکانیانەوە لە نێو گارەگاری بەرغەلدا بوون.

کاتی جێژن بوو و هۆتێلەکانیش هۆدەی چۆڵیان نەبوو. ناچار بووم دیسان ژوورێك لە ماڵێکدا بەکرێ بگرم. کاتێ کە چاوم بە ماڵەکە کەوت پێم وابوو کە زەمان بیست و چوار سەعات گەڕاوەتەوە بۆ پاش. لەبەر ئەوەی قورسایی رووەکەکان گوشاری خستبووە سەر میچی ماڵەکە و زگی پێ دەرپەڕاندبوو. دابەستیان لە هەیوانی ماڵەکە دابوو و تۆز و خۆڵێکی سوور هەموو هەیوانەکەی نوقم کردبوو.

ژنێکی سەرنجڕاکێش کە هاتە بەر دەرکەکە، ژنێك بوو ئەسمەر و لە پشت سەرییەوە وێنەی هەمان پیاوەکەی پێشووم دیت. پیاوێکی گەنج بوو، قژی بۆر، بە هەمان چاوی رەش و بە تاوەسووت بوونی دەموچاوی. لە ژوورەکەدا منداڵێك یاریی دەکرد و لە هەمان وێنە دەچوو. باسم کرد کە لەکوێوە هاتووم و گوتی کە مێردەکەشی سێ ساڵ لەمەو پێش هەر لەوێوە هاتووە. هەموو شتێك لە یەك دەچوو. تەنانەت نێو ماڵەکەش لەو ماڵانەی دیکە دەچوو. خۆش بەڵام قەرەباڵغ و هەموو شتێك لە سەر جێی خۆی بوو.

نانی شەومان خوارد و ئەو باسی مێردەکەی کرد. مێردەکەی هەتا کاتی لەدایکبوونی منداڵەکەی و تەنانەت هەتا چەند حەوتوو دواتریش هەر لەوێ بووە. ژنەکە بە هەمان هێدی و هێمنی و حەسرەت و ئازارەوە قسەی دەکرد کە ژنەکەی شەوی پێشووش دەیکرد. بە هەمان شێوە کە دانیشتبووم و بە دڵسۆزییەوە گوێم لە قسەکانی رادەگرت، لە راستیدا خەیانەتم بە ژنی بێ پەنای شەوی پێشوو دەکرد.

هەڵبەت ژنەکە گوتی کە بۆخۆشی بێتاوان نەبووە. ئەو جاروبارە زۆری دەخواردەوە. بەڵام ناتوانی یارمەتیی پیاوێك بدەی کە ببێت بە پیاو. جاری وابوو بۆ چەندین حەوتوو لە خەون و خەیاڵەکانیدا نووقم دەبوو و قسەی کەسی نەدەبیست. بەڵام بەگشتی مێردێکی باش بوو و لە

---

١٠- وازوازی/وازی وازی: کەسێك کە هەر ساتەی لەسەر هەوایەك بێ.

بەشی فرۆشتنی دووکانی کەرەستەی کشتووکاڵیدا ئیشێکی بەرێوجێی هەبوو و خۆی هیلاك دەکرد و کاتێ کە منداڵەکەمان لەدایك بوو زۆر خۆشحاڵ بوو... و پاشان ئەوێی بەجێهێشت و بۆ جارێك نامەیەکی نووسی، نامەیەکی دوور و درێژ، هەتا بڵێ کە قەت دڵسۆزییەکانی ژنەکەی لەبیر ناچێتەوە. ژنەکە لەم نامەیە زۆر بریندار ببوو و گوتی: "شتێکی قۆڕە، وانییە؟"

پارشێو و ئەو دەورووبەرە بوو کە من چووم هەتا لەکاتی خۆیدا لە ژێر هەمان وێنەی گەورەی رەنگیی پیاوێکدا بخەوم کە لە دیتنی بێتاقەت دەبووم. دەتگوت کە کەسێك خەریکە لە خەودا سەیرم دەکا.

ئێوارەی رۆژی دواتر کاتێ کە بە ماشێن لە رودزیای باشوورییەوە بەرەو رودزیای باکووریی دەچووم، بە گۆشەی نیگاوە سەیری ئەو ماڵە بچووکانەم دەکرد کە لە تەمێکی تۆز و خۆڵ دا تووشم ببوون. لەوەدەچوو کە هۆیەکی نییە هەتا لە نێو رێدا تووشی دیمەنی ئاوا ناحەز نەیەم.

بەڵام رۆژی دواتر لە "کوپێر بێڵت"ی رودزیای باکووریی بوو کە چوومە نێو شاری قەرەباڵغ و پڕ لە ماشێن.

بڕیار وابوو کە ئەو شەوە بیکەن بە جێژن و هەڵپەڕن. هۆتێلە گەورەکان گیرابوون. ژنێکی کە منی برد بۆ ماڵەکەی خۆی ژنێك بوو قەڵەو و نەرمونۆڵ. قژ سوور، زۆربڵێ و لەبزخۆش. گوتی ئەگەرچی پێویستییەکی پێی نییە، بەڵام پێی خۆشە کە شەوان ماڵەکەی بەکرێ بدا. ئەویش لەحاڵێکدا کە مێردەکەی پێی خۆش نەبوو کە وادەکا. (ئەمەی بە جۆرێك بیزارییەوە کوت). مێردەکەی لە گەراجێکدا فیتەر بوو و پارەیەکی باشی پەیدا دەکرد. ژنەکە پێش شووکردنی، بۆ دابینکردنی بژیو ماڵەکەی بەکرێ دەدا و ئاواش بوو کە لەگەڵ مێردەکەی ئاشنا ببوو. ژنەکە لەحاڵێکدا چاوەڕێ بوو مێردەکەی بۆ نانخواردن بێتەوە بۆ ماڵێ، باسی ئەوی کرد و گوتی: **"هەموو شەوێ هەر ئەم کارە دەکا. هەموو شەوانی ژیانم. دەزانی خۆ پێویست نییە داوای لێبکەی هەموو شەوێ سەری سەعاتی نانخواردن بێتەوە بۆ ماڵێ و هەموو شتێکیش تێك و پێك بدا. بەڵام هەر کاتێ لەگەڵ پیاوانی دیکە بچێ بۆ خواردنەوە، ئیتر کەس ناتوانێ بیهێنێتەوە دەرێ."**

لە قسەکردنیدا ئەو تەمەت نەدەدیت کە لە دەنگی دوو ژنەکەی دیکەدا هەبوو. تەنیا لەوە نیگەران بوو کە لە ژیانی ئەویشدا غیاب ببێتە مایەی خۆشحاڵیی. زۆرجاران ئاهێکی قووڵی هەڵدەکێشا و دەیگوت: **"کاتێ کە بەتەنیا و سەڵتی، حەز دەکەی ژیانی هاوبەشیی پێك بێنی، کاتێ کە زەماوەندت کرد پێتخۆشە جیا ببیەوە و تەنیا بی"**. ئەو پێشتر شووی بە پیاوێکی

دیکە کردبوو و دەبێ هەر ئەم ئەزموونە بۆ ئەو بەس بێ. بەگشتی ئەمەیان زۆر لەوە باشتر بوو کە تەڵاقی لێوەرگرتبوو.

پیاوەکە تا کاتێ نادییەکان دانەخرا نەهاتەوە. ئەو هێندە قۆز نەبوو کە لە وێنەکانیدا دەرکەوتبوو. و ئەمەش لە راستیدا لەبەر ئەوە بوو کە بە گریسی ماتۆڕ چەور ببوو و دموچاویشی رۆناویی. ژنەکە ئەوی لەبەر درەنگ هاتنەوەی سەرکۆنە کرد و هەروەها لەبەر ئەوەی کە بۆخۆی دانیشتووە. بەڵام گشت وەڵامی پیاوەکە ئەوە بوو: **"هەوڵ مەدە کە من گیرۆدەی ماڵێ بکەی"**.

پاش شەوەخوان ژنەکە گوتی کە بۆچی کە دەبێ تەواوی تەمەنی بۆ چێشت لێنان و کۆیلەیی بۆ پیاوێك تەرخان بکا کە بۆی گرنگ نییە چی دەخوات و پیاوەکە گوتی کە نیگەران نەبێ، لەبەر ئەوەی کە بەڕاستیی بۆی گرنگ نییە کە چی دەخوا. پاشان پیاوەکە بۆ من سەری رێزی دانەواند و دیسان لە ماڵێ چووە دەرەوە و شەودرەنگان بە چاوی خومار و گێژ و وێژ هاتەوە بۆ ماڵێ و لەگەڵ خۆی شەپۆلێك لە هەوای ساردی شەوانەی هێناوە بۆ ماڵی گەرمی ژێر رووناکیی گڵۆپ.

ژنەکە بە گلەییەوە گوتی: **"وادیارە بڕیارتدا کە بگەڕێیەوە بۆ ماڵێ؟"**

پیاوەکە گوتی: **"لە مەزرا هێندێکم پیاسە کرد. مانگەشەو هێندە خۆشە کە دەتوانی لە ژێر تیشکیدا کتێب بخوێنییەوە. بـا دێ و باران دەبارێ"**.

پاشان دەستی خستە نێو قەدی ژنەکە و بۆی پێکەنی و ژنەکەش بە بزەیەك وەڵامی داوە و ناخۆشییەکانی لەبیر خۆی بردەوە. هەرچی بێ پیاوە ئاوارەکە هاتبۆوە بۆ ماڵێ.

***

من نامەیەکم بۆ ئالێن مەگینری نووسی و لێم پرسی کە ئاخۆ چیرۆکەکەی لە رووی ژیانی کەسێکەوە نووسیوە؟ بۆم نووسی کە لەبەرچی دەمەوێ ئەمە بزانم و سەبارەت بە پیرەپیاوێك بۆم نووسی کە پازدە ساڵ لەوە پێش لە دارستانەوە هاتبوو بۆ ماڵی ئێمە. هۆیەك نەبوو کە پیاوی چیرۆکەکە هەمان پیاوی جێی مەبەستی من بێت، تەنیا بابەتی نووسینی نامەکان نەبێ، نامەی ئاسایی وەکو هەموو ئەو نامانەی کە هەر کەسێك پاش میوانیی یان دیدار بۆ کەسێکی دەنووسێ. "مەگینری" لە وەڵامی نامەکەمدا نووسی: "سوپاس بۆ نامەکەت و هەروەها بۆ سەرنج و مەیلت و ئەو زانیارییانەی کە دابووت. بۆچوونی ئێوە راستە، چیرۆکەکەی من بەپێی ژیانی راستەقینەی کەسێك نووسراوە، بەڵام لە زۆر شوێنیدا راست

نییە. من زەمانی چیرۆکەکەم بە دڵی خۆم گۆڕیوە و کاتی چیرۆکەکەم گەڕاندۆتەوە زۆر پێشتر لە رووداوە راستەقینەکە. هەڵبەت چەند دەیە نا، بەڵکو چەند ساڵ و شوێنی رووداوەکەشم هێناوەتە سەردەمی ئێستا. لەبەر ئەوەی "جانی بلەك وۆرتی" ئاشقی گەلێ ژن دەبوو و پاشان بەجێی دەهێشتن و ئەمەش کارێکی زۆر خراپە و ئەم رووداوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە و بێجگەلە پیرەکان نەبێ دەنا لەبیر چۆتەوە. ئەمڕۆکە هەموو ئاسانکارییەك هەیە، واتە شارستانییەتی مرۆڤیی بەسەرماندا زاڵ بووە. بەڵام من دەترسام کە ئەگەر پاڵەوانی چیرۆکەکەم لە هەمان کاتی راستەقینەی خۆیدا نیشانی بدەم، لە روانگەی خوێنەرەکانی ئەمڕۆی چیرۆك، سەیروسەمەرە بێت. ئەوان تەنیا لەبەر ئەوە ئەم کورتەچیرۆکەی من بخوێننەوە کە رووداوێك بووە و لە رابوردوودا روویداوە و پێیان وابێ کە لە کەسایەتیی چیرۆکەکەی من سەرنجڕاکێشتر بێت.

پاش دەستپێکی شەڕی "بۆیر"ەکان بوو کە من بەهۆی وروژانێکی کە لە شەڕدا هەیە وەکو هەر لاوێکی خۆبەخش لە شەڕدا بەشداریم کرد و نەمدەزانی کە هەقیقەتەکەی چییە. پاشان بڕیارم دا، کە ئیدی نەچمەوە بۆ بەریتانیا. وام بە باش زانی کە خەریکی پشکنینی کان بم. بۆیە چووم بۆ ژوهانسبورگ و لەوێ لەگەڵ لێنای ژنم ئاشنا بووم کە چێشتلێنەر و نیگابانی پانسیونێکی پیاوانە بوو. کارێکی سەخت لە سەردەمێکی سەختدا. ئەو منداڵێکی لە "جانی" هەبوو و پێی وابوو کە ژنی "جانی"یە. لەم بارەیەوە پرسیارم کرد، ئەو قەت شووی نەکردووە و بەڵگەی شووکردنەکەی دروست کراوە. بە کردەوە ئەمە بوو بە ئاسانکاریی بۆ ئێمە و لە روانگەیەکیشەوە دەیتوانیی کارەساتبار بێت و ببووە هۆی شێوانی ژیانی لێنا. من دەترسام نەکا خراپ لەگەڵی هەڵسوکەوت بکەم. بەڵام پێکەوە زەماوەندمان کرد و من بووم بە باوکی منداڵەکە و لێنا بوو بە نموونەی سەرەکیی ژنی دووەمی چیرۆکەکەی من. لە چیرۆکەکەدا ئەو وەکو ژنێکی ئاشقی ماڵ و ژیان و بەسەلیقە ناسێندراوە. تەنانەت کاتێ کە بۆ هەموو کرێکارانی کانەکە چێشتی لێدەنا و بەو مووچە کەمەی کە وەریدەگرت خۆی و منداڵەکەی بەخێو دەکرد و لە هۆدەیەکدا دەژیا کە زۆر لە کولانەی سەگ گەورەتر نەبوو. بەمحاڵ هەمیشە خاوێن و جوان بوو و ئەمە شتێك بوو کە یەکەمجار بووە هۆی ئەوەی من هۆگری بم. دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە ئەوشتەی سەرنجی "جانی"شی راکێشابوو هەر ئەوە بوو.

زۆری خایاند... زۆر پاش ئەوە و پاش شەڕی گەورە، کاتێ کە منداڵەکە گەورە بوو بەرێکەوت لە ژنێك چەند شتێکم سەبارەت بە "جانی بلەك وۆرتی" بیست. ئەویش شووی بە

"جانی" کردبوو. قەت من و لێنا پێمان وانەبوو کە "جانی" خەیانەتی بە ژنی دیکەش کردبێ. من پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر بەم دەرەنجامە گەیشتم کە ئەمەیان بە لێنا نەڵێم. بەڵام من دەبوو ئەوە بزانم. پاش ئەوە خەریکی کشتوکاڵ بووم. پاشماوەی چیرۆکەکە کاتێ روویدا کە لە "کیپ پرونیس" بووم و چیرۆکەکەم لە زمانی ژنێکەوە بیست. ئەو ژنەی کە یەکەم ژنی چیرۆکەکەی منە. هەمان ژنە قەڵەو و نەرمونۆڵەکە. کاتێ شووی بە "جانی" کرد کچی بۆیرێکی خاوەنی زەوی و زار بوو. لە چیرۆکەکەدا نەمگوتووە کە ئەمە زەماوەندێکی نائاساییە، ئەمە راست پێش دەستپێکی شەڕی بوێرەکان روویدا. کاتی شەڕ و نەگبەتیی نزیک بوو و ئەویش کچێکی بوێر کە شووی بە ئینگلیزییەك کرد. باوك و دایکی کچەکە بەم زەماوەندە دڵخۆش نەبوون، بەڵام کارێکی باشیان کرد کە پاش ئەوەی مێردەکەی کچەکەیانی بەجێهێشت، دیسان بردیانەوە بۆ ماڵی خۆیان. هەموو شتێك یاسایی بوو و شووکردنی کچەکە لەگەڵ "جانی" زەماوەندێکی رەسمیی بوو، ئەوەیش لە کەنیسە. وابزانم ئەوە یەکەم ئەشقی "جانی" بوو. دواتر کچەکە تەڵاقی لە "جانی" وەرگرت کە بۆ خەڵکێکی سادە و ساویلکەی وەکو ئەوان کارەسات بوو. ئێستا هەموو شتێك گۆڕاوە و خەڵك نازانن کە پێشتر چەندە ساویلکە بوون و چەندەش دەروەستی کەنیسە. ئەم تەڵاقە ژیانی ژنەکەی خەسار کرد. نا، ئەم ژنە پێی خۆش نەبوو تەڵاق لە "جانی" وەربگرێ و لەبەر ئەمەش لەگەڵ دایك و باوکیشی بەکێشە هاتبوو کە گوتبوویان دەبێ تەڵاق وەربگرێ. جا لەبەر ئەمەش پێی خۆش بوو شوو بە کەسێکی دیکە بکاتەوە، بەڵام کەس حازر نەبوو زەماوەندی لەگەڵدا بکا. لەو کۆمەڵگا گوندی و دواکەوتووەدا، لەو کاتدا، لە دیدی خەڵکەوە ئەو ژنێکی خراپەکار بوو. خراپەکارییەکەشی ئەوە بوو کە ئەو بەڕاستیی ژنێکی جوان بوو. بەڵام ئەوشتەی کە منی راتڵەکاند ئەوە بوو کە ئەو بەگشتی پاشەملی "جانی" قسەی نەدەکرد. تەنانەت پاش تێپەڕبوونی بیست ساڵیش ئەوی هەر خۆش دەویست. پاش ئەو بووە کە بەدوای پاشماوەی چیرۆکەکەدا چووم و لەگەڵ ژنەکەم بەگشتی چوار ژنم لە ژیانی جانیدا دۆزییەوە کە لە چیرۆکەکەمدا کردمن بە سێ کەس. ژیان هەمیشە پڕە لە چیرۆك و رێکەوت و زۆر زیاتر لەوەی کە چیرۆکنووس بتوانێ بیانخاتە سەر کاغەز.

ژنی قژسووری چیرۆکەکە گارسۆنی هۆتێلێك بوو و لە "جانی" بێزار. بەڵام من نەمدەزانی کاتێ کە "جانی" لە دەرکەی هۆتێلەکەوە بێتە ژوورێ، چی روو بدا.

به ژنەکەمم گوت کە من راوچییەکی گەورە بووم، بەڵام پێمخۆش نەبوو شادییە لەمێژینەکان تێك بدەم.

کاتێ کە ژنەکەم مرد من چیرۆکی سەفەر لە ژنێکەوە بۆ ژنێکی دیکەم نووسی کە گشتیان کامڵ بوون و شووشیان بە جانی کردبوو. بەڵام دەبوو فەزای چیرۆکەکەم بگۆڕیبوایە و چ خێرا هەموو شتێك گۆڕا. من دەبوو بە باشی و دەمارگرژانە باسی بوێرەکان و ژیانیانیانم لە مەزرادا بکردبوایە، ئەوان زۆر ساویلکە و دواکەوتوو بوون. دەبوو بە خراپە باسی کچەکەیانم بکردبوایە. ئێستا ئیدی کچێك وەکو ئەو وەدەست ناکەوێ. تەنانەت لە پەرستگەکاندا. ئەمێستا لە کوێی دونیا کچێك دەست دەکەوێ کە ساویلکە و مۆن بێ، هەر وەکو کچانی پەنجاساڵ پێش لە مەزرای بوێرەکان باردەهاتن. تازە ئەویش کچێکی کە بوێرێت شوو بە پیاوێکی ئینگلیزی بکا کە شتێکی سەیر و سەمەرەیە.

پاش ئەوە من دەبوو سەبارەت بە کرێکارەکانی کان لە ژوهانسبورگ قسەم بکردبوایە و پاش ئەویش لە ژیانی ژنێك بدوایەم کە شووی بە خاوەن دووکانێکی نێو دارستان کرد. شوێنێکی کە نزیکترین دراوسێکەیان پەنجا کیلۆمەتر لەوانەوە دوور بوو. لەو سەردەمەدا ئەوان ماشێنیان نەبوو. لە کۆتاییدا سەبارەت بە ساڵانی کۆتایی "بولاڤایۆ" دەدوام کە ئەویش سەبارەت بە کاتێ کە زیاتر لە چادراغێك[11] دەچوو نەك شار. ئەمە خودی "جانی بلەك وۆرتی" بوو کە سەرنجی منی بۆلای خۆی راکێشا و بووە هۆی ئەوەی چیرۆکەکەی وەکو چیرۆکێکی ئەمڕۆژین بنووسمەوە، بەچەشنێ کە خوێنەرەکانی ئەمڕۆ بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە لەوە ناڕاحەت و نیگەران نەبن کە سەردەمی رووداوێکی ئاوا بەسەرچووە.

***

بەسەرهاتی رۆژەکانی کۆتایی ژیانی "جانی بلەك وۆرتی"م لە هاوڕێیەکی ئەفریقیاییم بیست و ئەو گوندەی دەناسی کە لێی مرد. "جانی" چووبووە ئەو گوندە و داوای کردبوو هەتا چاوی بە کەیخودای گوندەکە بکەوێ و کاتێ کەیخودا داوای مانەوەی جانی لەو دێیە وەك ئەفریقیاییەك نەك سپی پێست هێنا ئاراوە، هەموو کارەکان بە بەرێوجێ و بەباشی کران. بەڵام نەکەوتە بەر دڵی ردێن سپییەکانی گوندەکە. ئەم گوندە لە شوێنێکی دوورەدەست، لە ناوەندی ژیانی سپی پێستەکان لە نزیك "زامبێسی" هەڵکەوتبوو و ژیانی سوونەتیی خەڵکی

---

١١- چارداغ: کەپر، سەیوان

گوندەکە هەر وەك خۆی مابۆوە. نەك وەك خێڵەکانی نزیك ناوەندەکانی ژیانی سپی پێستەکان کە بە تەواویی پێکهاتەی خۆیان لەکیس دابوو. خەڵکی ئەم گوندە خۆیان لە سپی پێستەکان پاراستبوو و لە هاتنی ئەوان دەترسان و ردێن سپییەکانی گوندەکەش هەر ئەو کارەیان دەکرد. لەحاڵێکدا هیچ بەڵگەیەکی دژ بە گجانی"یان نەبوو و بەپێچەوانەشەوە ئەو لە هەموو خەڵکی ئەو گوندە مرۆڤتر دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئەوان پێیان خۆش نەبوو لە ژیانیاندا سپی پێستێك هەبێ، بەڵام دەیانتوانی چی بکەن.

نەریتی میوانداریێتییان زۆر بەهێز بوو، دەبوو شوێنێکیان بە بێگانەکان، موسافیرەکان، ئەوانەی بۆ سەردان دەهاتنە گوندەکە بدابوایە و میوانداریيان لێ بکردبوایەن. ئەوان مرۆڤگەلێك بوون ئازاد. هەر کەسێ بە پێی باوەڕەکانییەوە چاك و بەنرخ بوو و نەدەکرا کەسێك بە هۆی هەڵەی گشتەوە لەکۆمەڵگا دەربکرێ. رەنگە ئەوان هێندێك خۆپارێز بوون و ئەو پیاوە سپی پێستانەی کە ئەوان دیتبوویانن زۆربەیان یان پیاوی باج و دەرامەت بوون یان دەستوپێوەندی دەوڵەتی ناوچەکە، کە هەموویان سەرەڕۆ و دیکتاتۆر بوون.

بەڵام ئەم سپی پێستە هەر وەکو داواکارێك هەڵسوکەوتی دەکرد و بە هێمنییەوە لە دەرەوەی گوندەکە و لە پشت کەوێڵێکی گوندی و لەژێر دارەکان نیشتەجێ ببوو و چاوەڕوانی بڕیاری ئەنجوومەنی ردێن سپییەکان بوو. کە لە ئەنجامدا رازی بوون، هەڵبەت بەومەرجەی کە لە هەموو روویەکەوەی هاوکاریی خەڵکی گوندەکە بکا. ئەوان پێیان وابوو کە بەم مەرجانە لەئاکامدا بە سەر پیاوە سپی پێستەکەدا زاڵ دەبن. بەمحاڵە ئەو شەش ساڵی کۆتایی ژیانی لەو گوندەدا بەسەر برد، سەفەری کورتخایەنی بۆ دەوروبەری دەکرد بۆ ئەوەی بە خۆی و ژیانی هەڵوەشاوەی رابوردوویدا بچێتەوە. لە یەکێك لەم سەفەرانەدا بوو کە هاتبوو بۆ ماڵی ئێمە و بۆ شەو لەماڵماندا مابۆوە.

ئەفریقییەکان پێیان دەگوت "تووڕە و تۆسن" و ئەمە نیشاندەری ئەوە بوو کە تەنیا دموچاوی "تووڕەوتۆسن" بوو. ئەم حاڵەتەش لەبەر ئەوە بوو کە عادەتی وابوو نێوچاوانی تێکنێ و پاشان خۆی گرژ بکا. هەروەها خەڵکی گوندەکە بە نێوی "پیاوی سەڵت" یان "پیاوی بێ ماڵ و حاڵ" بانگیان دەکرد. سەرەڕای تەمەنی شەست ساڵانی، لە روانگەی ژناندا پیاوێکی سەرنجڕاکێش بوو. ژنان بە دەرووبەری کەوێڵەکەیدا دەسووڕانەوە، زۆریان لێدەگوت و دیارییان بۆ دەبرد. جاروبارە پێشنیاری زەماوەندیان پێدەکرد و تەنانەت بەشێك لە کچانیش هەروا.

کەیخودا و ردێن سپییەکانی گوندەکە دیسانەوە لە بن دارەکەی نێوەڕاستی ئەوێ کۆبوونەوە و دەستیان کرد بە راوێژ و بیروڕا گۆڕینەوە و پاشان بانگیان کرد هەتا گوێی لە بڕیاریان بێت.

گوتیان کە ئەو ژنی پێویستە و سەرەڕای گشت نارەزایەتییەکانی مەرجی پێویست بۆ مانەوەی لەوێ، زەماوەندکردن بوو. ئەوان ژنێکی کاملّیان بۆ هەڵبژارد کە مێردەکەی بەهۆی تاوویاوەوە مردبوو و منداڵیشی نەبوو. گوتیان لە پیاوێکی بەو تەمەنەی وەك ئەو چاوەڕوان نین کە منداڵی ببێ. بەوجۆرەی کە هاوڕێکەم لە منداڵیدا لە خودی ئەم پیاوە سپی پێستەی بیستبوو، جۆری ژیانی ئەو خێڵەی لە جۆری ژیانی خۆیان پێ باشتر بووە. "جانی" و ژنە تازەکەی هەتاسەر لە تەبایی و خۆشیدا دەژیان.

کاتێ کە من ئەم چیرۆکەم دەنووسی شتێکی دیکەشم وەبیر هاتەوە و ئەویش ئەوەیە کە کاتێ منداڵ بووم لە "سالیسبوری" دەچووم بۆ قوتابخانە، لە قوتابخانەکە کچێکی لێبوو بەنێوی "ئالیسا بلەك وۆرتی" کە تەمەنی پازدە ساڵ بوو و لەبەراورد لەگەڵ مندا کچێکی گەورە بوو. ئەو لەگەڵ دایکی لە قەراغ شاردا دەژیا و زڕباوکی بەجێی هێشتبوون. دایکی ماڵێکی چکۆلەی هەبوو بە باغێکی گەورەوە و ئەوێی بە موسافیرەکان بەکرێ دەدا. یەکێك لەو موسافیرانە "جانی" بووە کە بە توندیی تووشی نەخۆشیی مالاریا ببوو و لە سەروو "زامبسی" وەك پۆلیسی دارستان کاری دەکرد. دایکی ئالیسا پەرستاریی لێ کردبوو و پاشان ژیانی هاوبەشیان پێکەوەنابوو و ئەویش وەکو ژمێریاری دووکانی بەقاڵیی گشتیی شار کاری دەکرد. ئالیسا دەیگوت کە ئەو پیاوێکی سامناك بوو و مێردێکی خراپیش بۆ دایکی. کێشەکە پارە نەبوو، پارەیەکی چاکی پەیدا دەکرد، بەڵام پیاوێکی دڵڕەق و سارد و سڕ بوو. دادەنیشت و هەر کتێبی دەخوێندەوە و گوێی لە رادیۆ رادەگرت. یان سەرلەبەری شەو بەتەنیا پیاسەی دەکرد و قەتیش رێزی بۆ ئەو کارانە دانەدەنا کە بۆیان دەکرد.

ئاخ، چەندە ئێمەی قوتابیی رقمان لەو دێوەزمەیە بوو و ئەویش چ بوونەوەرێکی بێ هەست بووە.

بەڵام بەوجۆرەی کە نووسەری چیرۆکەکە دیتوویەتی و دەیگێڕێتەوە، "جانی" چوار ساڵی کۆتایی تەمەنی لە ماڵێکی کپی شاریدا تێپەڕ کردبوو و چوار دەوری بە باخی ئەو ناوچەیە گیرابوو. ئەو لە سەعاتی هەشتی بەیانییەوە هەتا چواری دوانیوەڕۆ کەلوپەلی بە ژنانی تەمەڵی گەرەك دەفرۆشت. کاتێ دەهاتەوە بۆ ماڵێ ئەو پارە و پارچە زێڕانەی کە بە حەماڵی بەدەستی هێنابوون خەرجی دەکردن و دەیدان بە چۆکۆلێت و گۆڤار و جل و پەتی قژ بۆ زڕکچە بەشارییی

بووەکەی. بانگهێشتیان دەکرد هەتا رۆژی سێ جار لە سەر مێزی پڕ لە چێشتی پڕ لە گۆشتی سوورەوەکراو و مریشك و کەیك و بیسکویت دابنیشێ. بەڵام ئەو هەوڵی دەدا هەتا فەلسەفەی ژیانی خۆی بۆ ئەوان بگێڕێتەوە.

ـ من عادەتم وابوو خواردنی هەفتانەم بە دە شیلینگ دابین بکەم.

ـ بەڵام بۆ، لەبەر چی؟ مەبەستت چ بوو؟

ـ بۆ ئەوەی کە ئازاد بم و ئەمە بۆچوونی من بوو. ئەگەر مرۆڤ پارەی زۆر خەرج نەکا پێویست نییە بەدوای پارەی زۆردا بگەڕێ. هەر بۆیە مرۆڤی ئازاد هەیە. بۆچی دەبێ مرۆڤ پارەکەی بۆ کڕینی ئەم هیچکە و پوچەکەیە خەرج بکا. مرۆڤ دەتوانێ بە سێ شیلینگ سینگ بکڕێ و لەگەڵ پیواز لێیبنێ و بۆ ماوەی چوار رۆژ پێی بژیت و مرۆڤ تەنانەت دەتوانێ بە خواردنی گەنمەشامیی هاڕدراویش بژیت.

ـ گەنمەشامیی هاڕدراو. نا من نامەوێ چێشتی خۆجێییەکان بخۆم.

ـ بۆچی؟ چ عەیبێکی هەیە؟

ـ ئەگەر تۆ نەتزانیوە کە چ عەیبێکی هەیە، بەداخەوەم، من ناتوانم یارمەتیتان بکەم.

رەنگە ئەلێرەوە بووە و لەگەڵ دایکی ئالیسا کە بۆ یەکەم جار چیرۆکی بەخۆجێیی بوون بۆ جانی هاتبوو و بە هاوارەوە گوتبووی: "بۆچی دەبێ رۆژ هەتا ئێوارە چێشت لێنێم، بۆچی دەبێ ئەم هەموو جلە نوێیە بکڕدرێ. بۆچی دەبێ پەردەکان بگۆڕدرێن، مەگەر تیشکی هەتاو چ عەیبێکی هەیە؟ تروسکەی ئەستێرەکان چ زیانێکیان هەیە؟ بۆچی دەتانەوێ بەریان بگرن؟ بۆچی؟ بۆچی؟

ئەم زەماوندەی جانی چوار ساڵی خایاند. چوار ساڵی رەبەق کە هەمووی بە شەڕ و کێشەوە تێپەڕ بوو. دواتر جانی سەری خۆی هەڵگرت بەرەو باکوور و دەرەوەی شاری سپیی پێستەکان و چوو بۆ ئەو شوێنانەی کە بەسەر سپی پێستەکاندا داخراو بوو. ئەو شوێنانەی کە هێشتا ئەفریقییەکان تێیدا دەژیان. ئەگەرچی ئەم شێوازە سوونەتییەی ژیانی ئەوان زۆری نەخایاند، بەڵام هەر لەوێ بوو کە لە ئاکامدا "جانی بلەك وۆرتی" ژیانی دڵخوازی خۆی دۆزییەوە و ژنێکی هێنا و لەگەڵی بە دڵسۆزانە ژیا.

# هەڵفڕین

هێلانەی کۆترەکان لە بان سەری پیرەپیاوەکەوە بوو، قەفەزی تۆڕی و بڵیندی سەردەستەکەکان پڕبوو لەو مەلە بەنازانەی کە باڵی خۆیان دەڕازاندەوە. تیشکی هەتاو لە سینگی خۆڵەمێشیی مەلەکان دەدرا و دەبووە کۆلکە زێڕینەیەکی ورد.

لە حاڵێکدا کە گمەی کۆترەکان گوێی دەلاواندەوە، دەستی بۆ سەریێ، بۆ کۆترە نامەبەر و تاقانەکەی برد، مەلی لاو و خەپەتۆڵە چاوێکی لە پیرە پیاوەکە کرد و بێدەنگ هەڵنیشت. چەندین جار چاوی پڕ تروسکە و زیتی ترووکاند.

پیرەپیاوەکە گوتی: "وەرە کۆترە جوانەکەم، وەرە ئێرە". کاتێ کە کۆترەکەی گرتبوو و دەیهێنا دەرێ، هەستی کرد پەنجە سڕەکانی کە رەنگیان چێرەیی بوو، قامکی توند دەگرن. پاڵی بەدارێکەوە دا و لەوپەڕی کۆترخانەکەوە و لە ئێوارەی ساودا لە دیمەنی سروشتی دەڕوانی.

لەتوپەتیی هەتاو و سێبەر، پانتایی خاکی سوور و تۆخ و کێڵدراو، لەگەڵ گڵمتك و تۆز و خۆڵ هەتاکو ئاسۆی دوور بەردەوام بوو. دارەکانی سەر رێی و چیمەنی سەرسەوز، درێژایی رێگای نیشان دەدا.

روانینی پیرەپیاوەکە درێژایی ئەم رێگایەی بەرەو ماڵەوە دەپێوا. لەم کاتەدا نەوەکەی دی کە خۆی بە مەحجەرەی دەرگای باخی، لە ژێر داریاسەکە هەڵواسیبوو. زولفی کیژی جوان و گەنج لە ژێر تیشکی هەتاودا شەپۆلی دەدا و بە سەر پشتیدا رژا بوو. بەلەکی رێکوپێکی کچەکە لە لقی بێ گەڵای داریاسەکە دەچوو کە بە رەنگی قاوەیی کاڵ لە نێوان نیگاری شکۆفەی رەنگەکان خۆی دەنواند.

روانینی کچەکە بە قەراغی گوڵە پەمەییەکانی کەنار ماڵی کارمەندانی هێڵی قەتاردا تێپەر بوو و سەرنجی بەرەو رێگای ئاوەدانیی راکێشرا. پیرەپیاوەکە شڵەژا. بەئانقەست دەستی هەڵێنا تاکو باڵندەکە هەڵبفڕێ، بەڵام باڵندەکەی لە کاتی باڵکردنەوەدا رفاند. لە ژێر قامکەکانیدا هەستی بەجووڵە و تەقەللای لەشی خەپەتۆڵەی باڵندەکە دەکرد. لەناکاو بە

توڕەییەکی توندوتیژانەوە مەلەکەی لە چوارچێوەیەکی چکۆلەدا زیندانی کرد. لەکاتێکدا کە توند دەرگاکەی دادەخست، لە ژێر لێوەوە گوتی:

"ئێستا تۆ لێرە دەمێنییەوە".

پاشان پشتی لە قەفەزی مەلەکە کرد و بە وریاییەوە، هێور هێور بۆلای نەوەکەی چوو کە خۆی بە سەر دەستەکی دەرگاکەدا دابوو و سەری خستبووە سەر باسکی و گۆرانی دەگوت. دەنگی خۆش و نەرمی کیژەکە کە لەگەڵ دەنگەدەنگی باڵندەکاندا تێکەڵاو دەبوو و رقی پیرەپیاوەکەی زیاتر هەڵدەستاند.

پیرەپیاوەکە گوڕاندی:

"هۆی!".

کیژەکە کاتێ باپیری دیت هەڵبەزییەوە. ئاوڕی داوە و رووی کردە باپیری. چاوی نوقاند و بە دەنگێکی بوێر و ئازایانەوە گوتی:

"باپیرە سڵاو".

بە تامەزرۆییەوە دیسان چاوێکی لە رێی پشت سەرییەوە کرد و بەرێزەوە چووە لای باپیری. پیرەپیاوەکە لە حاڵێکدا قامکەکانی وەکو چنگاڵ لە دەستی رۆدەکرد، پرسی:

"بێگومان چاوەڕێی ستۆن ـ ی، ئەرێ!؟".

دوای ماوەیەك کچەکە گوتی:

"مەگین عەیبێکی هەیە؟"

پیرەپیاوەکە وای هەست کرد کە هەرچی شتی دەوروبەرییەتی، لە باڵندە خۆڕازێنەکانەوە بگرە هەتا تیشکی هەتاو و گوڵەکان، وەکو گرێیەکی سەخت و بەژان لە دڵی دایە. چاوی بچووك کردەوە و شانی هێنایە خوارێ، هاتە سەر رێی کچەکە و گوتی:

"پێتوایە بەو تەمەنە گەیشتوویی کە دەرگا لە سەر خوازبێنیی بکەیەوە؟"

کیژۆڵەکە رووی وەرسوڕاند و گوتی:

"ئاخ باپیرە!"

پیرە پیاوەکە دەستی هەڵنەگرت:

"بڕیارە وەدەرکەوی، ها؟ وادەزانی کە دەتوانی شەوانە بەرەڵڵا لە باخیدا بسووڕێیەوە؟"

پێکەنینی کچە لاوەکە بووە هۆی ئەوە کە لە روانگەی پیرەپیاوەکەدا هەر ئەو جۆرە بێ کە لەم رۆژە گەرمانەی هاویندا هەموو ئێوارەیەك لە سەر رێی ئاوەدانیدا دیتوویەتی:

"دەست لە نێو دەستی بەرپرسی پۆستدا، واتە هەر ئەو کوڕە لاوە کولکن و پێست سوورە".

هەموو ژانی ناخی گەییشتە لاجانگی و هاواری کرد:

"بە دایکت دەڵێم"

کچە لاوەکە بە پێکەنینەوە گوتی:

"زۆر باشە بچۆ پێی بڵێ"

لەحاڵێکدا بە دەنگی بەرزەوە گۆرانی دەگوت بۆ ئەوەی پیرەپیاوەکە گوێی لێبێ، بەرەو باخی گەڕایەوە.

**"لە خانەخانەی بوونمدا تۆم دۆزییەوە**

**لەناخمدا هێلانەت کرد"**

پیرەپیاوەکە هاواری کرد:

"قسەی هیچ، هەڵیت و پڵیت، بێ شەرمی"

بە پرتەوبۆڵە بۆ لای کۆترخانەکە کە تەنیا پەنای بوو لەوماڵەدا گەڕایەوە. ئەو لەگەڵ کچەکەی و زاواکەی و منداڵەکانیاندا لەو ماڵەدا ژیاون. بەڵام بەم زوانە ئەم ماڵە چۆڵ دەبوو، گشتیان دەڕۆیشتن. کچە گەنجەکان لەگەڵ پێکەنین و شەڕ و شۆخییەکانیانەوە دەڕۆیشتن و ئەویش لە لای ئەو ژنە نێوچاوان تەخت و نیگا هێمن ـ کچەکەی ـ تاك و تەنیا دەمایەوە.

پیرەپیاوەکە لە کەنار کۆترخانەکەوە هەڵترووشکا. تەنانەت لە هەراوهوریای شادی مەلەکانیش دڵی پڕ بوو.

کچە گەنجەکە لە دەم دەرگاوە هاواری کرد:

"بڕۆ بیلێ، بڕۆ دەی، چاوەڕوانی چی؟"

پیرەپیاوەکە بە نیگای پەیتا پەیتا و پڕ لەقینەوە لە کچەکەی دەڕوانی و بە حاڵەتێکی بزۆزانەوە بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت. بەڵام کچەگەنجەکە بەهیچ چەشنێ سەرنجی دەوروبەری نەدا. لەشی سەرکەش و حاڵەتی تێکچووی کچەکە، هەستێکی خۆشەویستی و پەشیمانی خستە نێو دڵی پیرەپیاوەکەوە. ڕاوەستا و لەبەر خۆیەوە گوتی:

"مەبەستم ئەمە نەبوو کە ..."

ڕاوەستا تاکو کیژەکە بگەڕێتەوە و بێتە لای:

"مەبەستم ئەوە نەبوو کە.."

بەڵام "ئالیس" نەگەڕاوە. باپیری لەبیر چووبۆوە. لە ڕێدا "ستۆنی" لاو دەهات بۆلای کە شتێکی بە دەستەوە بوو. بڵێی دیاریی بێ بۆ "ئالیس؟"

کاتێ پیرەپیاوەکە دیتی کە دەرگا کراوە و پێوەدراوە و دواتر ئەوان لێك نزیك بوونەوە، لە جێی خۆی ویشك بوو.

ئێستا لە ژێر جووڵانەوەی سێبەری دار یاسەکاندا نەوەی خۆشەویست و تاقانەی، دەستی لە نێو دەستی کوڕی بەرپرسی پۆستخانە دایە و بسکی بەسەر شانی و ملی کوڕە گەنجەکەدا شۆڕبۆتەوە.

پیرە پیاوەکە بە رق و قینەوە نەڕاندی:

"ئەوە من دەتانبینم".

ئەوان متەقیان لە خۆیان بڕی. پیرەپیاوەکە بە هەنگاوە قورسەکانییەوە بەرەو ماڵی بچووك و پاك و خاوێنیان چۆوە. ئەو بە تووڕەییەوە جیڕەجیڕی ئەو تەختانەی دەبیست کە عەرزی هەیوانەکەی داپۆشیبوو. کچەکەی لەو دیوەی پێشەوە خەریکی دروومان بوو. لە ژێر رووناکیدا دەرزی راگرتبوو تاکو دەزووی پێوە بکا.

پیرەپیاوەکە دیسان راوەستا، دەیڕوانییە باخی پشت سەری. ئێستا ئەوان لە نێو بنچکەکاندا بە ئارامیی هەنگاویان هەڵدێناوە و پێدەکەنین. لەو کاتەدا ئەو چاوی لێدەکردن. لە پڕ کچەکە لە چنگی کوڕەکە هەڵات. کوڕەکە لە نێو گوڵەکاندا وەدوای کەوت. پیرەپیاوەکە هەراوهوریا و پێکەنین و قیژەیەکی بیست و دواتر بێدەنگی.

پیرەپیاوەکە داماوانە پاڕایەوە:

**"بەڵام ئەمکارە دروست نییە، ئەمە دروست نییە، بۆ تێناگەی؟ هەڵاتن و پێکەنین ... تۆ تووشی شتی دیکە دەبی".**

ئەو بە چاوی تەوساوییەوە دیڕوانییە کچەکەی، تەنانەت رقی لە خۆشی بوو. هەردووکیان گیرۆدە ببوون و دەرەتانیان نەبوو. بەڵام "ئالیس" بە ئازادییەوە هەڵدەهات.

لە ناخیدا دەنگێك لە نەوەکەی دەپرسی:

"ناتوانی تێبگەی؟"

بەڵام لەم کاتەدا کیژۆڵەکە لەگەڵ کوڕی بەرپرسی پۆستخانە لە نێو سەوزەلانیدا دەسوڕایەوە.

کچەکەی بە نیگایەکی ماندوو کە بتوانێ تاوانەکەی پێ دابپۆشێ برۆکانی هەڵێنا و بۆ دڵنوایی پرسی:

"مەلەکانت حەواندەوە؟"

پیرەپیاوەکە بەبێ ئۆقرەییەوە گوتی:

"چەند بە مەکری..."

ـ باشە چ بووە؟

لەگەڵ ستۆن لە باخییە.

ـ ئێستا دانیشە چایەك بخۆوە.

پیرەپیاوەکە لەحاڵێکدا پەیتاپەیتا لاقی بەو تەختە هلۆڵە دادەدا کە عەرزی داپۆشیبوو و تلپەتلپی لێدەهات گوڕاندی:

"**ئەو شوو بەو کوڕە دەکا! ئەوە من پێت دەڵێم، بەم زوانە شووی پێدەکا**..."

کچەکەی یەك پێ هەستا. چایەکی بۆ هێنا و قاپێکی لە پێش دانا.

ـ چایی ناخۆم. پێت دەڵێم چایی ناخۆم.

کچەکەی بە هێمنییەوە گوتی:

"ئارام بە، ئارام. چایی بۆ خراپە؟ بۆ نایخۆی؟"

تەمەنی هەژدەساڵە، تەنیا هەژدە ساڵ. من حەڤدە ساڵم بوو کە مێردم کرد. پەشیمانیش نەبوومەتەوە.

ـ درۆزن. تۆ درۆ دەکەی. ئەگەر وابێ دەبێ پەشیمان بی. بۆ کچەکانت بۆ شووکردن هان دەدەی؟ ئەگەر وابێ هەموو شتێك لە ژێر سەری تۆدایە. بۆ وا دەکەی؟ ئاخر بۆ؟

هەر سێکیان بەختەوەر بوون. شووی باشیان کردووە. بۆچی "ئالیس"یش وانەبێ؟

پیرەپیاوەکە بە گریانەوە گوتی:

"ئاخر ئەو پاشەبەرەیە. ناکرێ کەمێك زیاتر لە لای خۆمانی رابگرین؟"

ـ ئێستا بابە، تۆ لەوە گەڕێ. ئەو هەر لێرە لە خوار رێگاکەوە ماڵ ساز دەکا. هەر لێرانە هەموو رۆژێ سەرت لێدەدا.

ـ بەڵام ئەو لەگەڵ ئەوانیتر جیاوازیی هەیە.

پیرەپیاوەکە سێ نەوەکەی وەبیر هاتەوە. دوای تێپەڕبوونی چەند وەرزێك لە منداڵێکی هار و جانجروکەوە بوونەتە دایکانی گەنج و لەخۆبایی.

کچەکەی گوتی:

"تۆ هیچکات پێتخۆش نەبوو ئێمە شوو بکەین. بەڕاستی بۆ؟ هەموو جارێك هەر ئاوایە. کاتێ دەمویست شوو بکەم وەها لەگەڵم دەجوولایەوە دەتگوت تاوان دەکەم. بۆ کچەکانیشم هەر ئاوا بووی. بەم کارە تەنیا ئەوانت خستە گریان و ئازارت دان. لە "ئالیس" گەڕێ. ئەو خۆشحاڵە".

دوایی ئاخێکی هەڵکێشا. چاوێکی لە باخی بەر هەتاو کرد و دەستی پێکردەوە:

"وەرزی داهاتوو ئەو شوو دەکا. هیچ بیانوویەك نییە کە دەست رابگرین".

پیرەپیاوەکە بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

"تۆ ئیزنت پێداون کە شوو بکەن؟"

کچەکەی بە ئارامی وەلامی داوە:

"بەلێ باوکە، جا بۆ نا؟"

دروومانەکەی بەدەستەوە گرت.

چاوی پیرەپیاوەکە دەبرژاوە. چووە بەرهەیوانەکە. کاتێ چەنەی تەڕ بوو دەسرەیەکی دەرێنا و دەموچاوی پێ سڕی. باخی چۆڵوهۆڵ بوو.

لە قوژبنێکی باخییەوە دوو دەزگیرانی گەنج وەدیار کەوتن. بەلام سیمایان تووڕە و تۆسن نەدەهاتە بەرچاو. بێچووە کۆترێك لەسەر دەستی کوڕی بەرپرسی پۆستخانەکە بوو. تیشکی هەتاو لە سەر سینگی دەتلاوە. هەولی دەدا هەستێتە سەر پێ.

پیرەپیاوەکە فرمێسك بە چەنەیدا دەهاتە خوارێ، پرسی:

"بۆ منە؟ هی منە؟"

کیژۆڵەکە دەستی گرت و گوتی:

"خۆشت دەوێ؟ ئەمە هی تۆیە باپیرە. ستۆن بۆ تۆی هێناوە".

دواتر دەستیان خستە نێو دەستییەوە و هەولیاندا هەتا بە دلنواییەوە فرمێسکەکانی بسڕن. هەر کام لە گەنجەکان لە لایەکەوە پیلی پیرەپیاوەکەیان گرت و بۆ لای کۆترخانەکە چوون. لە رێدا دەیانلاواندەوە و دلنواییان دەکرد. وایان دەسەلماند کە هیچ شتێك ناگۆڕدرێ. هیچ شتێك ئالوگۆڕی بەسەردا نایە و هەمووکات لەگەلی دەبن. روانینی بەختەوەریان و ئەو بالندەیەی کە بە زۆری دەیاندایە، نیشانەی وتە نەوتراوەکانیان بوو.

"باپیرە بیگرە هی تۆیە، بۆ تۆمان هێناوە."

کاتێ پیرەپیاوەکە کۆترەکەی لە سەر دەستی دانا، پشتی حەریری و گەرمیی دەلاواندەوە. لاوەکان راوەستان هەتا چاوی لێبکەن. کیژۆڵەکە بە مێهرەبانییەوە گوتی:

"دەبێ بۆ ساتێك بیخەیە نێو قەفەزەوە تاکو بزانێ کە ئێرە ماڵەکەیەتی".

پیرەپیاوەکە بە کەمێك تووڕەییەوە گوتی:

"سەیرکە چۆن چۆلەکەی ئەمساڵ چۆلەکەی پار فێر دەکا"

دوو گەنجەکە لەم تووڕەییە دەستکردەی ئەو حەسانەوە و بە پێکەنینەوە دەستیان لە کۆڵ کردەوە:

"پێمانخۆشە کە ئەم کۆترەت بە دڵە".

دواتر بە دڵنیاییەوە بۆ لای دەرگای باخەکە رۆیشتن و لەوێ لە سەر مەحجەرە، پشت لە پیاوەکە بە ئارامی لەگەڵ یەکتری دەدوان. بەر لە هەموو شتێك ئەم پێگەیینە کە لە رەوشتی ئەواندا بوو پیرەپیاوەکەی لەوان جیا دەکردەوە و گۆشەگیری دەکرد. بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەم رەوشتە هێمنانەیە ئەوی دەحەساندەوە و ماندوو نەدەبوو کە سەیری سوورانەوەیان بکا لە نێو گژوگیاکاندا.

ئەو خۆی لەوە نەدەگەیاند کە:

"دیسان لەبیر چۆتەوە، دەیبا لەبیریان بچێتەوە".

هەستی بەوەکرد کە گریان لە گەروویدا قەتیس ماوە و لێوی لەراندۆتەوە. مەلی تازە پێگەیشتووی خستە بەر دەمی هەتا تووکە هاوریشمینییەکەی بلاوێنێتەوە. دواتر لە قەفەزێکدا زیندانیی کرد و کۆترە جوان و تاقانەکەی دەرێنا.

پیرەپیاوەکە بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی:

"ئێستا تۆ دەتوانی هەڵبفڕی".

لە حاڵێکدا کە چاوی لە دەرگای باخ و کچ و کوڕەکە بوو کۆترەکەی لە سەر دەستی دانا بۆ هەڵفڕین.

دواتر بە ژانێکی کارییەوە باڵندەکەی سەر دەستی هەڵێنا و چاوی لە باڵکرانەوەکەی کرد. بە دەنگی باڵکرانەوە و باڵ لێدان لە کۆترخانەوە، هەورێك لە باڵندە هەستا و لە ئاسمانی ئێوارەدا بەرز بۆوە.

له بەر دەرکەی باخەکەدا "ئالیس" و "ستۆن" قسەکانیان لەبیر بردەوە و چاویان لە باڵندەکان کرد. له بەر هەیوانەکە کچەکەی لە حاڵێکدا دەستی کردبوو بە سێبەر بۆ چاوی و دروومانی بە دەستەکەی دیکەیەوە بوو، بە سەرسووڕمانەوە راوەستا بوو.

پیرەپیاوەکە وای هەست کرد کە لەو دوانیوەڕۆیەدا گەردوون لە سووڕان و تەنانەت گەڵای دارەکان لە جووڵان کەوتوون، هەتا شاهیدی داسەپانی خۆی بە سەر هەستەکانی بێ.

ئارام، چاوانی ویشك، دەستی شۆڕ کردەوە و لەشی بۆ سەرێ هەڵکێشا و چاوی لە ئاسمانی بەرز بڕی.

کۆمای باڵندە زێوینەکان کە لە هەور دەچوون بە دەنگی باڵەکانیانەوە بە سەر زەوی تۆخی کێڵدراو و ریزی تۆختری درەختەکان و پانتای مێرگدا تێپەڕ دەبوون و بۆ سەر و سەرتر هەڵدەفڕین. وەکو هەورێك لە تەپوتۆز لە نێو تیشکی هەتاودا مەلەیان دەکرد.

باڵندەکان بە دەوری جەغزێکی گەورەدا دەسووڕانەوە و هەرکاتێ کە باڵیان خوار دەکردەوە تیشکێکی پڕشنگداریان لێدەبۆوە. دواتر یەك لە دوای یەك لە فەزای هەتاوی ئاسمانی بەریندا نزم بوونەوە و دیسان یەك لە دوای یەك بە سەر درەخت و سەوزەڵانی و مەزراکاندا گەڕانەوە بۆ عەرزی، هەتاکو شەوێ لە داوێنی دەربەنددا پەنا بگرن.

بە گەڕانەوەی باڵندەکان سەرانسەری باخەکە پڕ بوو لە جۆش و خرۆش و گەمەگم و دوای ئەوەش بێدەنگی و ئاسمانێکی چۆڵ و هۆڵ.

پیرەپیاوەکە بە ئارامی گەڕاوە، پەلەی نەبوو. چاوی لە ئاسمان کرد و بە سەربەرزییەوە بۆ نەوەکەی کە لە خوار باخەکەوە راوەستابوو پێکەنی. کچە گەنجەکە چاوی تێبڕیبوو و پێکەنینێکی لە سەر لێو نەبوو. چاوەکانی واق وڕماو و روومەتی لە سەرمای سێبەردا رەنگەپەڕیو بوو. پیرەپیاوەکە دیتی فرمێسك لە چاوی کچەکەی دێتە خوارێ.

# ئەو ڕۆژەی ستالین مرد

ئەو ڕۆژە پورم لە "باورێن ماوت"ەوە نامەیەکی ناردبوو کە بێتاقەتی کردم. لە نامەکەیدا ئەوەی وەبیر هێنابوومەوە کە بەڵێنم داوە "جێسی" کچی پورم سەعاتی چواری دوانیوەڕۆ ببەمە وێنەگری. بەڵێنم دابوو و هەر لە بیرم نەمابوو. سەعاتی چواری دوانیوەڕۆ بڕیار بوو چاوم بە "بیل" بکەوێ، بەڵام دەبوو تەلەفۆنم بۆ بکردبوایە و بڕیارەکەم هەڵبوەشێنایەوە. "بیل" فیلمنامەنووسێکی ئەمریکی بوو کە لێژنەی چالاکییە نائەمریکییەکانی "مەك کارتی" خستبوویە لیستی رەشەوە. ئیتر نەیدەتوانی لە ئەمریکادا کار بکا، هەوڵی دەدا ئیزنی نیشتەجێ بوون لە بەریتانیا وەربگرێ. بە دوای سکرتێرێکدا دەگەڕا. پێشتر ژنەکەی ئەو کارەی دەکرد، بەڵام پاش بیست ساڵ پێکەوە ژیان بە هۆی لێك تێنەگەیشتن و جیاوازیی بڕواوە لێك جیابوونەوە. دەمویست بە "بێئاتریس"ی بناسێنم.

"بێئاتریس" لە هەڤاڵە کۆنەکانی من، خەڵکی ئەفریقیای باشووری و پاسپۆرتەکەی بەسەرچووبوو. نێویان خستبووە نێو لیستی کۆمۆنیستەکانەوە و دەیزانی ئەگەر بگەڕێتەوە ئیتر سەفەری لێ یاساغ دەکەن. دەیویست شەش مانگی دیکە لە بەریتانیادا بمێنێتەوە. پارەی لێبڕابوو. دەبوو کارێکی بدۆزیبوایەوە. پێموابوو "بیل" و "بێئاتریس" زۆر لێك نزیکن، بەڵام دواتر دەرکەوت یەکتریان خۆش نەویستووە. "بێئاتریس" دەیگوت کە "بیل" گەندەڵە و بە نێوی خوازراوەوە بۆ تەلەڤیزیۆنی کۆمێدییە بێ ئەخلاقییەکان دەنووسێ و لە فیلمە حەیابەرەکاندا رۆڵ دەگێڕێ. "بێئاتریس" پاساوی "بیل"ی قەبووڵ نەدەکرد کە دەیگوت مرۆڤ خۆدەبێ لە شوێنێکەوە بژیو دابین بکا. لە لایەکی دیکەوە "بیل" کەسێك نەبوو کە لەگەڵ ژنی سیاسییدا هەڵبکا. بەڵام من دواتر بەو نەسازانەی ئەم دوو هەڤاڵە خۆشەویستەم زانی. بۆ ئەوەی بزانم "بیل" لە کوێیە سەردانی زۆر شوێنم کرد، لە ئاکامدا ئەوم لە ژووری کۆنترۆڵی ستۆدیۆیەکدا دۆزییەوە کە پڕۆڤەی فیلمی "لیدی هەمیلتۆن"ی دەکرد. کاتێ بەسەرهاتەکەم

بۆ گێڕاوە قەبووڵی کرد. هەروەها گوتی کە بڕیارەکەی هەر لە بیر چۆتەوە. "بێئاتریس" ـ یش تەلەفۆنی نەبوو. تێلێگرافم بۆ نارد.

بەمجۆرە دوانیوەڕۆ دەرفەتم بوو لەگەڵ "جێسی" کچە پورم بم. خۆم ئامادە دەکرد کە هەڤاڵ "جین" تەلەفۆنی کرد و گوتی کە دەیەوێ کاتی نانی نیوەڕۆ ببینێ. "جین" چەند ساڵێك بوو کە بە خواستی خۆی دەیویست روانگەی سیاسیی من ساغ بکاتەوە. ئەوەی راستیی بێ دەبێ بڵێم ئەو یەکێك لەو چەندین کەسانە بوو کە دەیانویست روانگەی سیاسیی من ساغ بکەنەوە. پاش بڵاوبوونەوەی یەکەم کۆمەڵەی کورتەچیرۆکەکانم، "جین" هەموو بەیانییەك دەستی لە ئیشەکەی هەڵدەگرت و دەهات بۆلام هەتا تێمگەیەنێ کە لە یەکێك لە چیرۆکەکانیدا کە ئێستاکە لەبیرم نییە کامە چیرۆکە، لێکدانەوەیەکی راستم لە سەر خەباتی چینایەتیی نەبووە. ئەو کاتانە پێموابوو کە قسەکەی زۆریش بێ جێ نییە.

ئەو رۆژەی کاتی نانی نیوەڕۆ هات سەندەویچەکەشی لە پاکەتێکدا هێنابوو. قاوەیەکم بۆ هێنا و ئەویش قەبووڵی کرد. گوتی کە هیوادارە کاتی نەگرتبێ. وادیاربوو لە زمانی منەوە شتێکیان بۆ گێڕابۆوە ئەویش گلەیی هەبوو.

وادیاربووە کە هەفتەی رابوردوو لە کۆبوونەوەیەکدا گوتبووم چەند بەڵگەیەك بەدەستەوەن کە رووداوگەلێکی شەرمنانە و قێزەون لە یەکێتی سۆڤیەتدا لە ئارادان. بەڕواڵەت قسەیەکی ناماقوڵم گوتووە.

جین کچێکی وریا و پیتۆڵ و عەینەك لەچاو، ئۆسقۆفیی بوو و سی ساڵ کارکردن لە حیزبدا بەڵێنی ئەوی بە چینی کرێکار دەردەخست. هەمیشە لەگەڵ من بە دڵسۆزییەوە هەڵسوکەوتی دەکرد و دەیگوت: "هەڤاڵ! رووناکبیرانێکی وەکو تۆ لە چاو باقی ئەندامانی حیزبیی زۆر زیاتر لە ژێر گوشاری گەندەڵیی سەرمایەداریی دان. تۆ تاوانبار نی. بەڵام دەبێ وریا بی".

پێم گوت کە پێموابوو وریا هەم، بەڵام جاری واشە وا هەست دەکەم میدیاکانی سەرمایەداریی بێ ئەوەی بیانەوێ، نەختێك لە راستییەکانیش ئاشکرا دەکەن.

جین بە سەرنجەوە سەندەویچەکەی خوارد و عەینەکەکەی ئەوبارەوبار کرد و سەبارەت بە پێویستیی وشیاربوون لەبارەی چینی کرێکار چەند وتەیەکی کورتی هێناسەر زمان و گوتی کە دەبێ بڕوات، لەبەرئەوەی ناچارە سەعات دووی تەواو لە نووسینگە بێ. دەیگوت تەنیا رێگەی رووناکبیرێکی وەکو من بۆ گەیشتن بە هەڵوێستی راستی چینایەتی، چالاکیی جیددییە لە حیزبدا و تێکەڵ بوونە لەگەڵ چینی کرێکار و بەمجۆرە چیرۆکەکانی من دەبێتە چەکێکی

راستەقینەی دەستی چینی کرێکار بۆ خەباتی چینایەتی. گوتی کۆپییەك لە ڕەوتی دادگاییەکانی ساڵانی دەیەی سی ـ م بۆ دەنێرێ هەتا بە خوێندنەوەیان گومانەکانی من لە سەر عەدالەت لە یەکێتی سۆڤیەت بڕەوێتەوە. گوتم کە زۆر زووتر ئەوانم خوێندۆتەوە و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕازییان نەکردم. گوتی کە نیگەران نەبم، لایەنگرییە ڕاستەقینەکانی چینی کرێکار وردە وردە خۆدەگرێ.

ئەمەی گوت و ڕۆیشت. وەبیرم دێ کە لەبەر هۆیەك بێتاقەت بووم.

هەتا ویستم دەست بە کارەکەم بکەمەوە، تەلەفۆن زەنگی لێدا. "جێسی" کچەپورم بوو. دەیگوت کەناتوانێ بێت بۆ ئاپارتمانەکەم چونکە دەیەوێ جلێك بکڕێ و وێنەی پێوەبگرێ. داوای لێکردم ئەگەر بکرێ هەتا بیست دەقەی دیکە لەبەر دەرکی دووکانی جل فرۆشیی بم. وازم لە کاری دوانیوەڕۆم هێنا و تەکسی ـ م گرت.

لە تەکسییەکەدا لەگەڵ شۆفێرەکە سەبارەت بە خەرجی گرانی ژیان و سیاسەتی دەوڵەت دوایین. دەرکەوت هاوڕاین. دواتر باسی کچە تاقانەکەی کرد کە دەیهەوێ لەگەڵ باشترین هاوڕێکەی کە پیاوێکی چل و پێنج ساڵانە زەماوند بکا. دەیگوت کە قەبوولکردنی ئەمە بۆ ئەو سەخت بوو چونکە کچەکەی و هەروەها چاکترین هاوڕێکەی لەکیس داوە. لەوەش خراپتر، وتارێکی سەبارەت بە دەروونزانیی خوێندۆتەوە کە لە گۆڤارێکی ژنانەدا چاپ کرابوو. پاش خوێندنەوەی ئەو وتارە بەو دەرەنجامە گەیشتبوو کە کچەکەی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. گوتی: "لەو کاتەوەی کە وتارەکەم خوێندۆتەوە تێکچووم، زۆر خراپە کە مرۆڤ لەناکاو بەو دەرەنجامە بگا". ماشێنەکەی بۆ لای قاناوەکە[١٢] لادا. لە بەر دووکانەکە دابەزیم.

گوتم: "تێناگەم بۆچی دەبێ پێتناخۆش بێ، سەیر دەبێ کە مرۆڤ نەکەوێتە ژێر کاریگەریی باوکییەوە".

دەستی درێژکردبوو هەتا کرێکەی وەربگرێ. گوتی: "وامەڵێن. دایکم هەمیشە دەیگوت کە من "هیزل"م لەڕادەبەدەر گیرۆدەی خۆم کردووە، ئەوشتەی کە ئازارم دەدا ئەوەیە کە ڕاستی گوتووە".

پیاوێکی خڕیلانە و ڕەزا گران بوو، سەری لە لیمۆ دەچوو ڕەنگە لە بادام زەمینیش. چاوە ورد و شینەکانی لە بیریارێك دەچوو.

---

١٢- قاناو: خەرەند. جۆگەلەی قووڵ ك ئاوی پێدا بڕوات.

گوتم: " باشە، باشتر نییە پێمانوابێ کە مرۆڤ دەبێ منداڵەکەی زۆر خۆش بوێ نەك کەم؟"

گوتی: "خۆشویستن؟ چ خۆشویستنێك؟ ئەگەر لە من بپرسی هیچ بایەخێکی نییە. "هیزێل" سێ مانگ لەوە پێش لەگەڵ هاورێکەی من جۆرج رۆیشت و تەنانەت کارت پۆستاڵێکیشی نەناردووە کە بزانم لە کوێیە و چ دەکا".

گوتم: "ژیان زۆر دژوار بووە. هەرکەسێ بە شێوەیەك تووش بووە".

گوتی: "چ بڵێم".

ئەگەر بمویستبوایە قسەکانمان درێژەی پێدەدرا. "جێسی"ی پورمم دیت کە لەولاوە راوەستابوو و سەیری منی دەکرد. ماڵئاواییم لە شۆفێرەکە کرد و بە نیگەرانییەوە بەرەو "جێسی" چووم.

"جێسی" گوتی: "تۆم دیت. دیتم کە لەگەڵ ئەو قسەت دەکرد. باشترین کارت کرد. ماوەیەکە زۆر بێشەرم بوون. من فێڵەکەی فێر بووم. کارێکم بە دووربوونی شوێن نییە، بێجگەلە کرێکەی، شەش "پەنس"یش دەستخۆشانە دەدەم. هەر دوێنێ بوو یەکێك لەوانە لە پشت سەرمەوە دەینەڕاند. خۆ دەبێ لەبەرامبەریاندا راوەستین".

" جێسی"ی پورم باڵابەرز و چوارشانەیە. بیست و پێنج ساڵە، بەڵام لە هەژدە ساڵان دەچێ. بسکە قاوەییە کاڵەکانی لە سەر دموچاوی شۆخوشەنگی پەخش و پەرێشانە. چاوە گەورە شینەکانی گرژییەکی کچانە دەردەخەن. تاڕادەیەکی زۆر لە کچی وایکینگەکان دەچێ، بەتایبەتی کاتێ لەگەڵ شۆفێر تەکسی و شاگردی پاش و کامیۆنە بارهەڵگرەکان بەشەڕ دێ. ئەو و پورە "ئێما"م بەردەوام لەگەڵ چینە دەستکورتەکانی کۆمەڵگادا شەڕی پارتیزانی هەبووە. بۆ ئەم سەرقاڵکردنە ئەوانم سەرکۆنە نەدەکرد چونکە ژیانێکی زۆر شەکەتهێنەریان هەیە. هەروەها بەرامبەرەکانی ئەوانیش پێیانناخۆش نییە. وەبیرم دێ " جێسی"ی پورم لە یەکێك لە دمەقاڵێکانی لەگەڵ شۆفیرێکی تەکسیدا، بە زیرەکییەکی تەواوەوە خۆی گێل کرد و رۆیشت. شۆفێرەکە قاقایەکی کێشا و گوتی: "ئەمانە ئیدی خاراون[١٣]، ئیدی ئەمجۆرە کەسانە ناکەونە داوەوە".

پرسیم: " کراسەکەت کڕی؟"

گوتی: "ئەمەیە کە لەبەرم کردووە".

---

١٣- توند و تۆکمە و پتەو بوون.

"جێسی" هەمیشە ئاوا جلی لەبەر دەکرد. چاکەت و تەنوورەی جوان، لەگەڵ بلوزی ملیوان خڕ و ملوانکەی مروارید، زۆریشی لێی دەکاڵاوە[14].

گوتم: "ئەگەر وایە با بچین کۆتایی بە کارەکە بێنین".

بەپەلە وەڵامی داوە: "دایکیشم دەیەوێ بێت".

گوتم: "زۆر چاکە با بێت".

گوتی: "بەوم گوت کە پێویست ناکا بۆ جل کڕین لەگەڵم بێت. گوتم بێتە ئێرە و پێکەوە دەڕۆین. پێم خۆش نییە ئەو جلم بۆ هەڵبژێرێ".

گوتم: "ئاوا!".

پورە "ئێما" لە چایخانەی گۆشەی شەقامەکەوە بەرەو لای ئێمەوە دەهات. دیار بوو بۆ تێپەڕکردنی کات چۆتە ئەوێ. ژنێکی گۆشتن بوو کە جلی شینی لەبەر دەکرد و ملوانکەی مواریدی لەمل دەکرد و دەستکێشی سپی لە دەست دەکرد، راست وەکو پۆلیسەکانی هاتۆچۆ لە شوێنەکانیان. دموچاوی نیگەران و گۆنا و بەرخەبەبەی و نیگا خەمۆکەکەی هەمیشە بەدوای کچەکەیەوە بوو.

کاتێ جلەکەی "جێسی"ی دیت گوتی: "چاکی! ئێستا ئەگەر لەگەڵ من هاتبوایەی لێت کەم دەبۆوە؟"

"جێسی" بە توندی گوتی: "چۆن؟"

دایکی گوتی: "ئەم بەیانییە چووم بۆ دوکانی "رێنێ"، گوتم کە تۆ دەتەوێ بێی و ویستم ئەم جلەت پێ نیشان بدەن. تۆش هەر ئەوت کڕیوە. من سەلیقەی تۆ دەزانم. خۆشم دەناسم، ئێستا تێگەیشتی؟".

"جێسی" دموچاوی سوور هەڵگەڕا و دەیویست چەلەحانێی لەگەڵ بکا، بەڵام دایکی بە نەرمییەکی ئاوێتەی سەرکەوتنەوە سەری داخست و بە نوکی چەترەکەی لە بەردچنەکانی دەگوتا.

گوتم: "واباشە وەڕێ بکەوین".

پورە "ئێما" و " جێسی"ی پوورم تووڕەیی خۆیان خواردەوە و هاتنە ئەم شانەوشانی من و وەڕێکەوتین.

---

١٤- لێی دەهات. لێی جوان بوو.

گوتم: "لەوسەر دەتوانین سواری پاس بین".
پورە "ئێما" گوتی: "بەڵێ، واباشترە. تاقەتم نییە لەگەڵ شۆفێر تەکسی چەنە لێدەم".
"جێسی" گوتی: "منیش هەروا".
چووینە نهۆمی دووەمی پاسەوە کە چۆڵ بوو و لە ریزی پێشەوە لە لای یەکتری دانیشتین.
پورە "ئێما" گوتی: "هیوادارم ئەو دۆستە وێنەگرەی تۆ وێنەیەکی جوانی جێسی بگرێ".
گوتم: "منیش هیوادارم". پورە "ئێما" پێیوایە گشت نووسەرەکان لە کاتی وتووێژی رۆژنامەوانی و میوانداریێتیی بڵاوکەرەوەکان دەکەونە گەمارۆی وێنەگرەکانەوە. پێیوابوو من باشترین وێنەگرم پێشك دێ. پێمگوت کە هەڵە دەکا. وەڵامی داوە ئەمە چکۆلەترین کارێکە کە دەتوانم بیکەم. "جێسی" کە هەمیشە بە رستەی کورت و ناتەواوەوە قسەی دەکرد، دەتگوت بەشەڕ دێ، لەو ژانە دەروونییە ناراحەت بوو کە نەیدەویست دەری بخات. گوتی: "بەهەر حاڵ گرنگ نییە".
وادیار بوو پورە "ئێما" و "جێسی" لە پانسیۆنێکدا دەژیان و هەر لەوێدا پیرەپیاوێکی لێ بوو کە براکەی بەرهەمهێنەری تەلەڤزیۆنی بوو. "جێسی" لە شانۆییەکدا بە نێوی "بوکێکی ئارام و بێدەنگ" رۆڵی دەگێرا. پورە "ئێما" پێیوابوو وێنەیەکی جوانی "جێسی" بگیرێ بۆ ئەوەی کاتێ بەرهەمهێنەری تەلەڤیزیۆنی دێت بۆ بینیی براکەی، وێنەکەی پێنیشان بدا و ببینێ کە جێسی لەبەردڵانە و لەگەڵ خۆی دەیبا بۆ لەندەن و دەیکا بە ئەستێرەی تەلەڤیزیۆنی.
راستییەکەی من نەمدەزانی "جێسی" لەم بارەیەوە چۆن بیر دەکاتەوە. قەتیش تێنەگەیشتم کە لە پلانەکانی دایکی بۆ داهاتووی چی دەزانێ. رەنگە قەبووڵی بکردبوایە، ئەگەری نا ـ ش هەبوو. بەڵام هەمیشە بە متمانە و بە هێند وەرنەگرتنەوە وەڵامی دەداوە.
پورە "ئێما" گوتی: "کچەکەم، ئاوا نابێ. باش نییە کە ئاوا لەگەڵ وێنەگرەکە هەڵسوکەوت دەکەی".
جێسی گوتی: "دایکە! دیسان دەستت پێکردەوە".
پورە "ئێما" پێکەنینێکی تاڵی هات و گوتی: "ئەمەش لە شاگردی شۆفێر، تەنانەت پێنییەکیش زیاتر لە جاری پێشوو نادەم. کرێ پاس لە "نایتس بریج"ەوە هەتا شەقامی "لیتل دوشێس" سێ پێنی ـ یە".
گوتم: "پورێ گیان کرێ گران بووە".

پورە ئێما گوتی: "من هیچ زیاتر نادەم".

بەڵام شاگردی شۆفێرەکە نەبوو. دوو کەسی وێچوو بوون کە لە پلیکانەکانەوە هاتنە سەرێ و دانیشتن. بەڵام نەك لە لای یەکتر. ئەم لە پشت سەری ئەو. زۆرم پێ سەیر بوو. ژنەکە داهاتەوە بەرەو پێشەوە، بەدەنگی بەرزەوە لە شێوەی توتی، گوتی: "لەبیرت نەچێ! ئەگەر بۆ جارێکی دیکە ماسییە سوورەکەم لە دەرەوەی ژورەکەم دابنێی بە خاوەن ماڵ دەڵێم کە رێت پێ نەدا".

پیاوەکە سیمایەکی تێکشکاوی هەبوو و لە چرچولۆچ و تێکتەپیو دەچوو، بە هەر هەڵبەزین و دابەزینێکی پاسەکە سەری رادەوەشا و سەیری پێشەوەی خۆی دەکرد.

ژنەکە گوتی: "ماسییە داماوەکەم بەڵەك بووە، وانەزانی کە نازانم چی بەسەرهاتووە؟"

پیاوەکە لەپڕ وەقسە هات: "ئەو هەمووە ماسییە لە بنی دەریا هەیە، ئەو گشتە ماسییە. ئەو هەمووە بۆمبەمان پێداوان، وادەزانی لێمان دەبوورن کە ئەو هەموو بۆمبەمان تەقاندۆتەوە، ئەو ماسییە بەستەزمانانەمان لەتوکوت کردووە، هیچ کات نامانبوورن".

ژنەکە بە لەحنێکی ئاشتبوونەوەوە گوتی: "من قەت بیرم لەوە نەکردبۆوە". دواتر هەستا سەر پێ و چووە لای پیاوەکە دانیشت.

دەمزانی کە دوانیوڕۆی ئەو رۆژە جاروبارە نەمدەتوانی سەرنجم کۆنترۆڵ بکەم، بەڵام ئەم چەشنە مشتومڕانە منیان پەشۆکاند. کاتێ پورە "ئێما" قسەی کرد هێور بوومەوە. پورم گوتی: "فەرموو! پێشتر لەمجۆرە خەڵکانەمان نەبوو. دەوڵەتی حیزبی کرێکار لەوە چاکتر نابێ".

جێسی گوتی: "بەسە دایکە! ئەم ئێوارەیە هەر تاقەتی باسی سیاسیم نییە".

کە گەیشتینە مزڵ، دابەزین. پورم نۆ پێنی بۆ کرێی هەر سێکمان دا، شاگردەکە متەقی لێوە نەهات و وەری گرت.

پورم گوتی: "ئەوانە عورزەشیان نییە".

باران نمە نمە دەباری و هەوا بەرەو ساردبوون دەچوو. سەرمان خستبووە ژێر چەتری پورمەوە و دەڕۆیشتین.

لە پڕ چاوم بە کۆشکی رۆژنامەفرۆشیەکە کەوت، بەم مانشێتە گەورەیە: "ستالین لە ئاویلکەدا". چەترەکە بەبێ من لە پێیانڕێ دەڕۆیشت. رۆژنامەفرۆشەکە ئاشنای کۆنم بوو. پرسیارم لێکرد "دیسان چی روویداوە؟ حەتمەن غەڵبەغەڵبی بانگەشەیە" گوتی: "مامە یۆسف

ئیتر تەواو. ئەگەر لە من بپرسی بەو ژیانەی کە ئەو هەیەتی سەیر نییە. ئاخرییەکەی بە سووك و چروکییەکەی دەگەیشت. بۆلدوزێریش بێت لەکار دەکەوێ". ڕۆژنامەیەکی نوشتاندەوە و دایە دەستم: "بە بۆچوونی من ئەم چەشنە ژیانە هەر لە خۆوە قورسە. کاری بێجووڵە و بێ ئاکام. خوێندنەوەی راپۆرت و بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکان خۆ نەبوو بە کارکردن. ئیشەکەی خۆمم پێخۆشە. هیچ قازانجێکی نەبێ هەناسە هەڵدەکێشم".

چەند هەنگاو ئەولاتر پورم و "جێسی" لە ژێر چەتری باراناوییەوە سەیری منیان دەکرد. پورم هاواری کرد "چی روویداوە ئەزیزم؟".

"جێسی" بە تووڕەییە گوتی: "دەبینی کە دەیەوێ ڕۆژنامە بکڕێ".

ڕۆژنامەفرۆشەکە گوتی: "ئەو کە بڕوات زۆر شت دەگۆڕێت. پێتوانەبێ کە من لایەنگرییان لێ بکەم، بەڵام ئەوان عادەتیان بە دیموکراسیی نییە، وانییە!؟ مەبەستم ئەوەیە کە مرۆڤ ئەگەر عادەتی بە شتێك نەبێ دڵیشی بۆی لێنادا".

لە ژێر بارانەکەدا رامکرد، هەتا بگەمە چەترەکە. گوتم: "ستالین لە ئاویلکەدایە".

پورم بە ڕەشبینییەوە پرسی: "چۆنت زانی؟"

گوتم: "لە ڕۆژنامەدا نووسیوویانە."

پورم گوتی: "بەیانی نووسیبوویان نەخۆش کەوتووە. بەڵام بە بۆچوونی من پڕوپاگەندەیە. هەتا نەیبینم بڕوا ناکەم".

"جێسی" گوتی: "دایکە چەند سادەی! ئاخر چۆن دەتوانی بیبینی؟"

وەڕێکەوتینەوە. پورم گوتی: "بە بۆچوونی تۆ واباش نەبوو کە "جێسی" دەستێ جلی جوانی کڕیبوایە؟".

"جێسی" گوتی: "دایکە! مەگەر نازانی کە ئەو نیگەرانە، مردنی "ستالین" بۆ ئەو وەکو مردنی "چێرچیل" وایە بۆ ئێمە".

پورم لەپڕ واقوڕما و گوتی: "ئای.. ئەوە دەڵێی چی ڕۆڵە!".

یەکێك لە گۆشەکانی چەترەکە سەری "جێسی" ـ ی بریندار کرد و ئاخی پێگەییشت. "جێسی" دەستی بەسەرییەوە گرت و گوتی: "چەترەکە دادەوە دایکە! مەگەر نابینی کە باران لێی کردۆتەوە؟".

پورە "ئێما" بەزەحمەت چەترەکەی داداوە. "جێسی"یش لێی وەرگرت و دایخست. پورە "ئێما" تووڕە بوو و سوور هەڵگەڕا، دواتر پرسیاری کرد: "پێتانخۆشە چایەکی گەرم بخۆینەوە؟".

گوتم: "جێسی وەدرەنگ دەکەوێ". ڕاست لەبەر دەرکی وێنەگرییەکەدا بووین.

پورە ئێما گوتی: "خۆزگە ئەم بەڕێزە دەیتوانی وێنەیەك لە "جێسی" بگرێ کە هەستی تێدابێ. تا بە ئێستا کەس نەیتوانیوە وێنەیەکی لەمجۆرەی لێبگرێ".

"جێسی" بەحاڵەتێکی لەخۆباییانە لە پێش ئێمەوە بە پلیکانەکاندا وەسەر کەوت. لە نهۆمی سەرەوە "جێسی" لەخۆباییانە دەرکەیەکی کردەوە، دەنگی مۆسیقای "ستراڤینسکی" بەرزبۆوە. بەدوای ئەودا چووینە ژوورێکی گەورە بە کاغەزدیواریی سپی و خۆڵەمێشی و زێڕینەوە. ئاوازی "بەهارانە"ی ستراڤینسکی ئاوێزانەکانی بلوری چلچرای دەلەرزاندەوە. هیچمان نەگوت. تا ئەوەی وێنەگر بە چاکەتی مەخمەڵیی ڕەشەوە وەژوور کەوت، بە بزەیەکەوە داوای لێبووردنی کرد و دەزگاکەی کوژاندەوە.

پورم گوتی: " هیوادارم ئەو شوێنەی کە دەمانەوێ ئێرە بێت. دەمەوێ وێنەی کچەکەم بگرن".

کوڕە گەنجەکە گوتی: "هەڵبەتە کە ئێرەیە. گەورەتان کردم!" دەستی دەستکێش لەدەستی پورمی گرت و ئەوی بەرەو کاناپە برد. پورم سوور هەڵگەڕا. کوڕە گەنجەکە سەیری منی دەکرد، بە خێرایی لە سەر کاناپەیەکی دیکە دانیشتم. پیاوەکە بە حاڵەتێکی شارەزایانەوە سەیرێکی "جێسی" کرد و بزەی هاتە سەر لێو. جێسی زۆر جیددی و مۆن دەستی لەنێو دەستی خۆی نابوو و وەکو دەریاوانێك سەیری ئەوی دەکرد.

وێنەگرەکە بە هێمنی بە "جێسی" گوت: "لەوە دەچێ باش نەبی خانم. هەتا کەیف ساز نەبی وێنەکەت جوان نابێت".

"جێسی" گوتی: "من باشم. کچە خاڵەکەم نەباشە!".

گوتم: "ساز و ناسازبوونی من قەیناکا، خۆ بڕیار نییە وێنەی من بگرێ".

لە هەمان کاتدا کتێبێك لە شانی ئەو کاناپەیەی لە سەری دانیشتبووم کەوت: قولەڕەشە فرفرە، بەرهەمی "دۆناڵد فێر بێنك". وێنەگرەکە بە نیگەرانییەوە خێرا بەرەو کتێبەکە ڕۆیشت.

لە منی پرسی: "بەرهەمەکانی ڕۆن دەخوێنییەوە؟".

گوتم: "جاروبارە".

گوتی: "من بۆ خۆم هیچ شتێکی دیکە ناخوێنمەوە. هەتا ئەو جێیەی من تێگەییشتووم یەکەم قسە و دوایین قسەی گوتووە. هەر کاتێ کتێبێکی لێ دەخوێنمەوە، دیسانەوە دەست بە

خوێندنەوەی دەکەمەوە. پاش "فێر بێنك" ئەگەر کەسێك دەست بۆ قەڵەم ببا خۆی ناوزڕاو دەکا".

هەر بێ هیوای کردم، ئیتر پێم خۆش نەبوو لەگەڵی بدوێم.

وێنەگرەکە گوتی: "با چایی بێنم. ئەگەر پێتان خۆشە لێیدەنێم. ئێوە پێتان خۆشە گرامافۆنەکە هەڵبکەم؟".

"جێسی" گوتی: "مۆسیقای مۆدێرنم بە هیچ جۆرێ پێخۆش نییە".

وێنەگرەکە گوتی: "وایە، سەلیقەی هەموان وەکو یەك نییە". بەرەو دەرکەی پشتەوە دەڕۆیشت کە دەرکاکە کرایەوە و گەنجێکی دیکە بە سینییەك چاوە هاتە ژوورێ. ئەویش وەکو هاوکارەکەی پیتۆڵ و رواڵەتێکی ئارامی هەبوو. پانتۆڵێکی رەشی لەپێدابوو و بلوزێکی ئەرخەوانیشی لەبەردا. قژی وەکو دوو باڵی رێکی چەورکراو لە سەر سەری تروسکەی دەهات.

خانەخوێکەی ئێمە بە هاورێکەی خۆی گوت: "دەستت خۆش بێ!".

رووی کردە ئێمە و گوتی: "ئیزنم پێبدەن "جەکی سمیت" دۆست و هاوکاری خۆمتان پێ بناسێنم. خۆشم خۆ دەناسن. ئێستا بە فینجانێك چایی دەحەسێینەوە و دێینەوە سەرەخۆ".

"جێسی" بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا راوەستابوو. پیاوەکە فینجانێك چایی بۆ برد. "جێسی" بە سەر ئاماژەی بۆ من کرد و گوتی: "بەوی بدەن". ئەویش چایەکەی هێنا و دای بە من.

پرسی: "چی روویداوە، ناخۆشییەکت هەیە؟".

رۆژنامەکەم دەخوێندەوە و گوتم: "نا، بەپێچەوانەوە زۆر سازم".

پورم گوتی: "ستالین لەسەرە مەرگە. یان لانیکەم دەیانەوێ وای بڵاو بکەنەوە".

خانەخوێ پرسی: "ستالین؟"

پورە "ئێما" گوتی: "بەڵێ، هەر ئەوەی وا لە رووسیایە".

"ئەها، تێگەیشتم، مامە جۆو. خوا لێیخۆشبێ".

پورە "ئێما" واقوڕما. "جێسی" بە سەرسووڕمانەوە دموچاوی پێکدادا. "جەکی سمیت" هات و لە لای من دانیشت و رۆژنامەکەی خوێندەوە. "دەی، دەی سەرنجڕاکێشە، نۆ دوکتۆر. پەنجا دوکتۆریشیان بردبوایە بێ سوود دەبوو".

گوتم: "چی بڵێم".

"جەکی سمیت" گوتی: "غودەی سەرەتان بوو. دەبوو چەند ساڵ پێشتر کۆتاییان پێهێنابوایە. شەڕ کە تەواو بوو، ئەویش فت ببوو، پێتان وانییە؟".

گوتم: "گوتنی زۆر سووك و ئاسان نییە".

خانەخوێکەی ئێمە فینجانەکەی بە دەستێکییەوە بوو و دەستەکەی دیکەی بە نیشانەی ئەمرکردن هەڵێنا و گوتی: "هەر پێمخۆش نییە گوێم لەم شتانە بێت. تاقەتیم نییە. خودا شاهیدە دڵم لە هەموو سیاسەتێك تێکەڵ دێت. بەڵام لە کاتی شەڕدا مامە جۆو و روزڤێڵت پاڵەوانە خۆشەویستەکانی من بوون".

"جێسی"ی پورم کە دانەدەنیشت و چایشی نەدەخواردەوە هەڵچوو و گوتی: "دەکرێ ئەم کارە قۆڕە تەواو بکەن، یان هەر دەتانهەوێ خۆی لێ گێل بکەن؟!". کوڵمە گەشە کچانەکەی شۆقی دەداوە و خەمێك لە چاوەکانی دا هێلانەی کردبوو.

وێنەگرەکە فینجانەکەی خۆی وەلانا: "هەڵبەت، هەڵبەت هەر ئێستاکە تەواوی دەکەین. ئەمر دەفەرموون!". سەیری هاوکارەکەی کرد، بە بێزارییەوە رۆژنامەکەی وەلانا و هەستا سەر پێ و پەتی پەردەکەی کێشا و ژوورێکی پڕ لە کامێرا و دەزگا دەرکەوتن. هەرووکیان بە وردیی سەیرێکی "جێسی"یان کرد. وێنەگرەکە گوتی: "ئەگەر پێمان بڵێی وێنەکەت بۆ چ کارێك دەوێ، باش دەبێ. بۆ خۆشەویستی؟ خۆنواندن؟ یان بۆ دۆستە بەختەوەرەکانتان؟".

"جێسی"ی پورم گوتی: "نازانم و هیچ بۆم گرنگ نییە".

پورە "ئێما" هەستا سەر پێ و گوتی: "دەمەوێ وێنەیەکی لێ بگری کە هەستی تێدابێ".

"جێسی" دەستی بەرەو پورە ئێما وێکهێنا.

گوتم: "پورێ گیان! وا باشترە من و تۆ بچینە دەرەوە".

پورم گوتی: "بەڵام ئاخر...".

وێنەگرەکە دەستی خستە سەر شانی پورم و بە هێمنی ئەوی بەرەو دەرکەکە رەوانە کرد و گوتی: "لەوێ کەمێك بحەسێنەوە. مەگەر ئێوە ناتانەوێ کارەکەی من چاك بێ؟ من لە بەر دمی باشترین بینەرانیشدا ناتوانم بە باشیی کار بکەم".

پورە "ئێما" دیسان سوور هەڵگەڕا. من شوێنی پیاوەکەم لە پەنای ئەو گرتەوە. "جەکی سمیت" بە "جێسی" گوت: "لەگەڵ مۆسیقا چۆنن؟".

"جێسی" گوتی: "بێزارم لە مۆسیقا".

"جەکی" گوتی: "من پێموانییە مۆسیقا خراپ بێت، لە راستیدا یارمەتیدەرە...".

دەرکاکە داخرا و من و پورە "ئێما" لە لای پەنجەرەوە راوەستاین و سەیری شەقامان کرد.

پورم پرسی: "ئاخۆ ئەم گەنجە تا بە ئێستا وێنەی تۆی گرتووە؟".

گوتم: "نا. بەڵام ناوبانگیم بیستووە".

دەنگی مۆسیقا بەرزبۆوە. پورم پێی لە عەرزیی کوتا و گوتی: "گیلبێرت و سولیوان ـ ە، "جێسی" ئەم مۆسیقایەی پێناخۆش نییە. مەگەر ئەوەی بیانوو بگرێ".

جگەرەیەکم داگیرساند. مۆسیقای ئۆپێرای چەتەکانی پێنزانس لە ناکاو بڕا.

پورە "ئێما" لە رووی شەیتانییەوە گوتی: "دەی نازدارەکەم، باسی ژیانی پڕ لە رووداوت ناکەی؟".

پورە ئێما پیشەی هەمیشەیی بوو. من هەوڵم دەدا باسی ئەو بیرەوەرییانە بکەم کە ئەو پێی خۆشە.

کەوتمەوە بیری "بیل". یادی بێئاتریس و هەڤاڵ جین.

گوتم: "لەگەڵ کچی ئۆسقۆفێك نانی نیوەڕۆم خوارد".

پورە ئێما بە سەرسوڕمانەوە سەیری کردم: "بەڕاستە؟"

دیسان دەنگی مۆسیقا بەرزبۆوە. "کول پورتێر". پورم گوتی: "بە هیچ جۆرێ ئەم مۆسیقایەم پێخۆش نییە. مۆسیقای مۆدێرنە، وانییە؟".

دیسان مۆسیقا بڕا. جێسی دەرکای کردەوە. هەڵچووبوو و گوتی: "بێ سوودە دایکە! تاقەتیم نییە".

"بەڵام باوانم، ئێمە هەتا چوار مانگی دیکە نایەینەوە بۆ لەندەن".

خانەخوێکەی ئێمە و هاوکارەکەی لە پشت سەری جێسییەوە دەرکەوتن. هەردووکیان بزەیان دەهاتێ. جەکی سمیت گوتی: "واباشترە کە وازی لێبێنین".

وێنەگرەکە گوتی: "با لێیگەڕێین بۆ کاتێکی دیکە. کاتێ کە هەموو کەیف ساز بن".

"جێسی" ئاوڕی لەو دوانە دایەوە و دەستی بۆ لێکدانەوە برد و بە شەرم و حەیای کچانەیەوە گوتی: "ببوورن لە کاتم گرتن. بەڕاستی داوای لێبووردنتان لێدەکەم".

پورە "ئێما" چووە پێشەوە و بەرەو ئەولاوەی برد و لەگەڵیان لێیداوە و گوتی: "بۆ چایی و میواندارییتان سوپاستان دەکەم".

"جەکی سمیت" رۆژنامەکەی منی بەرزکردەوە و رایوەشاند و گوتی: "ئەمەت لەبیر چوو".

گوتم: "شایانی نییە، بۆخۆتان".

گوتی: "دەستتان خۆش بێ. ئێستا دەتوانم گشت هەواڵەکانی پێوەندیدار بەو باسە بخوێنمەوە". دەرگاکە داخرا و پێکەنینە دۆستانەکانی ئەوانی شاردەوە.

پورە "ئێما" گوتی: "هیچ کات هێندەم شەرم نەکردبوو".

"جێسی" بە تووڕەییەوە گوتی: "من بە هێندی وەرناگرم، گرنگ نییە".

کە چووینە سەر شەقام دەستمان لێکداوە، یەکتریمان ماچ کرد و سوپاسمان لە یەکتری کرد. پورە ئێما و جێسی دەستیان هەڵێنا. تەکسییەکیان راگرت. منیش سواری پاس بووم.

کە گەڕامەوە ماڵێ، تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا. "بێئاتریس" بوو. دەیگوت کە تێلێگرامەکەی منی دیتووە بەڵام دەبێ ببینێ. گوتی بیستووتە کە ستالین لە سەرە مەرگە.

گوتم: "بەڵێ بیستوومە".

گوتی: "دەبێ لە کۆبوونەوەکەدا باسی بکەین".

گوتم: "بۆچی؟".

گوتی: "ئەگەر ئێمە باسی نەکەین، بۆ خەڵك روون نابێتەوە. کەسێك دەبێ باسی بکات".

گوتی تا سەعاتێکی دیکە دەگاتێ. ماشێنی تایپم ئامادە کرد هەتا کار بکەم. تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا. هەڤاڵ "جین" بوو. گوتی: "هەواڵەکەت بیستووە؟"

هەڤاڵ "جین" کاتێ مێردەکەی لە کاتی هاوپەیمانیی "هیتلێر ـ ستالین"دا، بوو بە ئەندامی حیزبی کرێکاران، تەڵاقی لێ وەرگرت و لەوکاتەوە لە ماڵێکی یەك هۆدەدا دەژیا. تەنیا نان و رۆن و چایی دەخوارد و وێنەی ستالین لە بان قەرەوێڵکەیەوە بوو.

لە قوڵپەی گریان دابوو. دەیگوت: سامناکە، کارەساتە. ئاخرییەکەی کوشتیان".

گوتم: "کێ ئەوی کوشت؟ چۆن دەزانی؟"

گوتی: سیخوڕ و دەستوپێوەندەکانی سەرمایەداریی ئەویان کوشت. وەکو رۆژ روونە".

گوتم: "تەمەنی حەفتاوسێ ساڵ بوو".

گوتی: "خۆ ئینسان لەخۆوە نامرێ".

گوتم: "لە تەمەنی حەفتاوسێ ساڵێدا مرۆڤ هەر دەمرێ".

گوتی: "دەبێ کارێك بکەین کە شایانی ئەو بێ".

گوتم: "حەتمەن هەر وایە".

# بەدیار هێلکە مریشکەکانەوە

"کچێکی بەرەڵڵا و ئاگا لەخۆبڕاوە، کچێکی چەند سەرەڕۆیە!" ئەوە ئەو رستەیە بوو کە دایکم سەبارەت بە من بەو میوان و پۆلیس و دراوسێیەی دەگوت کە لەبەر کێشەیەکی مەزراکەیان هاتبوون بۆ ماڵی ئێمە. بڵێی لەبەر ئەوە ئەو قسانەی دەکرد کە بڕوای بە چاوپیسی بوو؟ نا. ئەو چینییانەی کە (وایان بۆ ئێمە گێڕاوەتەوە) دەڵێن: هاوژینی من کەسێکی بێ کەڵکە، کوڕەکەم بەکاری هیچ نایەت. بڵێی لەبەر ئەوە ئەو قسەیەیان دەکرد کە لە چاوەزار بەدوور بن. دایکم زۆرجاران بە زەردەیەکی نائاشکرا و دڵسۆزانەوە باسی منی دەکرد و دەیگوت: ئەم کچە زۆر هار و هاجە! بەڕاستی دایکم بۆ وای دەگوت؟ بەڵام پرسیاری راستەقینە زۆر دواتر کرا، چونکە ئەوکاتەی مرۆڤ سێزدە چاردە ساڵانە پێی وایە قسەکانی دایکی تەواو راستن. ئەم خواست و پێویستی و تووڕەبوون و وردبوونەوە و عاتیفە پەرێشانە لە راستیدا بۆ ئەوەیە کە منداڵێکی گێژ و ناکارامەی. دواتر کاتێ گەورەتر بووم ئەم پرسیارەم لە لا وروژا کە دایکی من بەڕاستی چۆن دەیتوانی وشەگەلێکی لەم جۆرە بەو کچەی بڵێ کە بە شێوەیەکی جیددی بۆتە خۆرەی کتێب؟ ئەمەم بۆ روون نەبۆتەوە. ئاخۆ بۆ ئەوەی خۆم گێل نەکەم پێی دەگوتم کە دەبێ لە یەکەم رۆژەوە هەتا کۆتایی ئاگام لە مریشکە بەکورکەکە بێت؟ ئەو دەیویست من فێر بم ئەرك وەخۆ بگرم؟ بەڵام من هەر لە سەرەتاوە لە خزمەت ئەو مریشکە دابووم، لەبەر کولانە قەفەزییەکەیدا چۆکم دادەدا، بۆ ماوەی یەك دوو سەعات و بە توندیی لەگەڵ ئەم بوونەوەرە دیلە هەستم بە هاوشێوەبوون دەکرد، ئەم مریشکە وا خووی بە هێلکەکانییەوە گرتبوو، دەتگوت بەوانەوە نووسێندراوە. ئەو بەنێوان شیشی قەفەسەکەدا سەیری دەرەوەی دەکرد و هاوکات چەندین سەعات و چەندین رۆژی دوورودرێژ لە مەزراکەمان لە باشووری رودزیا (نێوی کۆنی زیمبابۆی) تیپەڕ دەبوو.

بەر لەوەی دایکم ئەرکی ئەو مریشکە بخاتە ئەستۆم، من بۆخۆم هێلکەکانم کۆدەکردەوە. مریشکەکە بەپێی سروشتەکەی لەژێر بنچکێکدا هێلکە دەکا و هەر بەم شێوەیە یەکێکی

دیکە، بەڵام ئەگەری زۆر کەمە کە هێلکەیەك بەبێ پارێزگاری و چاوەدێری لێکردن زیاتر لە یەك دوو رۆژ بمێنێتەوە. پشیلەی کێوی، ژیشك، هەڵۆ، بوونەوەری بچووکی دیکە هەمیشە لە نێو بنچکەکاندا وریا بوون. هێلکەی مریشکیان دەدیت و قەپیان پێدادەکرد و شوێنەواری هێلکەکانیان بەجێدەهێشت یان ئەوەی کە هێلکەکانیان خلۆر دەکردەوە بەرەو هێلانەی خۆیان. ئەگەر بتویستبوایە مریشکەکە لە سەر چەند هێلکەیەك هەڵنیشتبوایە دەبوو نێو بنچکەکان بگەڕابوایەی و هێلکەکانت دۆزیبوایەتەوە، بتپاراستبوایەن و دواتر کاتێ بەڕادەی پێویست گەیشتبوایەن جا ئەوانت پیشانی مریشکەکە دەدا. ئیتر ئێستا مریشکەکە یان بەکورك بوو یان نەبوو. هەڵبەت دەکرا بە فرتوفێڵێك مریشکەکە بەکورك بکرێت، ئەویش بە دەرخواردی کەوچکێك شەربەتی تایبەت بە مریشکەکە دەکرا بۆ هەمیشە بە کورك بکرێت. لەم بارودۆخەدا دەیگاراند و دەنگی دایکانەی دەردێنا و وەکو ژنێکی ئاقڵ لە خۆی دەپرسی چی بە سەر ئەو هێلکانەم هاتووە ـ کە بە گوومانی خۆی لە شوێنێکی گونجاوی دانابوون ـ. هێلکەکان هەموو لە لای یەکتری بوون. بەڕەنگی قاوەیی و سپی و قاوەیی مەیلەو زەرد کە لانیکەم بەشێکیان هی خۆی بوون! ئەم مریشکە هی ئەیالەتی Rhode island بوو. لەو مریشکە زل و قورسانەبوو کە دەیتوانی لە سەر شازدە حەڤدە هێلکە هەڵنیشێ، هێلکەکانیش لەو هێلکە گەورانە بوون هەڵبەت نەك وەك ئەو هێلکە گەورانەی لە نێو سوپەرمارکێتەکانن، چونکە بە نیوەی ئەو هێلکانە نەبوون. نەژادێکی دیکە لە مریشك بە نێوی لگهورن کە لە تەپۆڵکەکان دەژیا دەیتوانی تەنیا لە سەر ١٢ هێلکەدا هەڵنیشێ.

ئەم هێلکانە بێجگەلە بوون بە جوچکە هیچ چارەنووسێکی دیکەیان نەبوو. دەزگایەکی تایبەت بە جوچکە هەڵێنان، کە بە هیچ شێوەیەك کارا نەبوو، لە مەقەبایەك دروستکرا بوو کە لە نێویدا شوێن بۆ هێلکەی گەورە و بچووك وەبەرچاو گیرابوو. قاپی قووڵی هێلکەکان لە هێلانەی بەکادروستکراوی مریشکەکان و هەروەها ئەو مقەبایانە لەگەڵ مۆمێك چاوەڕوان بوون. هەر کام لە هێلکەکان بە پێی گەورە و بچووکی لە یەکێك لە کونەکانی نێو مقەباکە دادەنران و مۆمەکەیان لەژێر ئەو مقەبایە هەڵدەکرد و پاشان لە بۆشایی نێو هێلکەکەدا دەکرا رەگێکی زۆر بچووك ببیندرێ کە دروست بووە، رەگێك کە نیشانەی توو بوو و پاشان لە هەمان پەڵەی بچووکەوە خوێنی جوچکێك دروست دەبوو. مریشکەکە دەزگا دەستکردەکەی ئێمەی قەبووڵ کرد، چونکە ئەو هەر لەسەرەتادا هەموو هێلکەکانی وەرگرتبوو. گاراندی و چووە نێو کولانەکەی هەڵنیشت و خۆی قرژ کردەوە. بەڵام ئەو مریشکە لەژێر بنچکێك یان قەدی

درەختێکی هەڵکەندراودا نەبوو کە لەژێریدا ٥ دەقە تاقەت نەهێنێ. کولانەکەی لە پشت شیشەکانی قەفەزێکەوە بوو و ئەمەش هەم بۆخۆی و هەم بۆ هێلکەکانی چاك بوو.

ڕۆژی جارێك دەرکەی تۆڕیی قەفەزەکەم هەڵدەداوە و ئەویش بە وریاییەوە لە سەر هێلکەکان هەڵدەستا و لە قەفەزەکەوە دەهاتە دەرێ و لە قوتوویەکی خواردندا کە تازە ئاوی تێکرابوو ئاو و هێندێك دانەوێڵەی دەخوارد (زۆری نەدەخوارد) و دواتریش لاقی دەکێشاوە و باڵەکانی لێك دەدا و (لەحاڵێکدا من چاوەڕوانی ئەم دیمەنە بووم) هەڵدەهات و لەکاتی هەڵاتندا باڵە داماوەکانی کە ڕەنگە ڕەق بووبن و ژانی تێدا گەڕابێ لێکدەدا و چەند مەترێك بەم حاڵەتە هەڵدەهات، وەك ئەوەی کە هەڵبفڕێ، بەڵام نا، ئەم بوونەوەرە مریشك بوو و مریشکیش خۆ ناتوانێ هەڵبفڕێ. کەمێك دەنووکی لەمبەروئەوبەر دا و دانەوێڵەی هەڵگرتەوە. کەمێکی دیکەی ئاو خواردەوە و دواتر پاش تێپەڕبوونی ڕەنگە نیو سەعاتێك نەرم نەرم و بەوریاییەوە گەڕاوە بۆ کولانەکەی. ئاخۆ لەو کاتەی کە من دەمویست دەرکی قەفەزەکە داخەم ئەو لەبەر خۆیەوە دەیگوت: تکات لێدەکەم دەرکەکە دامەخە؟! کەچی من دەرکی قەفەزەکەم داخست. بەڵام ئێوارێ بەر لەوەی هەوا تاریك دابێ دەرکەی قەفەزەکەم بۆ جارێکی دیکە کردەوە، کەچی زۆر جاران پێی خۆش نەبوو کە لە قەفەزەکە بێتە دەرەوە. ئەو سەرلەبەری ڕۆژێ لەبەر گەرما و سەرمادا بێ ئەوەی بجووڵێت، لە سەر هێلکەکان هەڵنیشتبوو، چاوێکی گەرم دەکرد، بەڵام هەمیشە وریا بوو.

قەفەزی مریشکەکەمان بە ئانقەست لە سەر ڕێی هاتوچۆی خەڵك دانابوو. لەوەدەچوو خودی مریشکەکە شوێنێکی تاریکی پێ خۆشتر بێ کە لەبەرچاو نەبێت، بەڵام شوێنێکی ئەوتۆ ئەوی زۆر سەرنجڕاکێش نیشان دەدا. مشکەکانمان دەدیت کە خۆیان مات دابوو، هەڵۆیەکمان لە ئاسماندا دەدیت لەحاڵێکدا نسێکەی لە سەر عەرزی دەجووڵاوە، سەیری خوارەوەی دەکرد تا مریشکەکە بدۆزێتەوە. مریشکەکە نێچیری هەڵۆکە بوو بۆیە لەوەدا دەبووە ڕکەبەری مشکەکە. بەڵام مەترسیی ڕاستەقینە مارەکان بوون. چونکە مارەکان دەیانتوانی بە نێوان تۆڕی قەفەزەکەدا بچنە ژوورێ و ئاواش مریشکەکە ناتوانێ هیچ بکا.

لە سوچێکی قەفەزەکەدا قوتوویەکی پڕ لە ئاومان دانابوو، نەدەکرا پێمان وابێ کە مریشکەکە شەو و ڕۆژ بە تونییەتی لە سەر ئەو هێلکانە هەڵنیشێت، بەڵام ئەگەر ئاوەکە لە قەفەزەکەدا بوایە، ئەم مەترسییە هەبوو کە مار بۆ خواردنەوەی ئاو بچێتە نێو قەفەزەکەوە. کاتێ بیرمان کردەوە کە قاپێك ئاو کەمێك لە دوورەوەی قەفەزەکە بۆ مارەکان دابنێین هەتا

بەوجۆرە فریو بخۆن، خزمەتکارەکان وشیاریان کردینەوە کە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی مارەکان لە نێو بنچکەکاندا بێنە دەرێ. واباشتر بوو کە لەم کاتانەدا پشتمان بە سەگەل ببەستین، سەگەکان بۆ شەوان بەردەدران. شەوان کاتێ لە قەرەوێڵەکانماندا رادەکشاین و دەنگی سەگوەڕمان گوێ لێدەبوو بیرمان دەکردەوە: یانی سەگەل ماریان دیتووە؟ منیش رەنگە لەو بارودۆخەدا لە تاریکی یان مانگەشەودا چووبایەمە دەرەوە، پێم وادەبوو مارێکم دیتووە کە دەخوشێ. هەموو رۆژێ کاتێ مریشکەکە بۆ ئەنجامی پرۆڤەکانی نیو سەعات لە قەفەزەکەی دەهاتە دەرێ، ئاوی شیلەوگەرمم بە هێلکەکان دادەکرد هەتا توێکڵی هێلکەکان ناسك ببنەوە و یارمەتیی جوچکەکان بۆ هاتنە دەرەوە بکەم. ژنی جووتیارەکان هەر هەموویان وایان دەکرد. لەبیرمە لە خۆمم دەپرسی ئەگەر مریشکەکە پێویست بوایە لە نێو بنچکەکاندا ئاگای لە هێلکەکانی بێت ئاخۆ جوچکەکانی نێو ئەو هێلکانە لە بەراورد لەگەڵ ئەو هێلکانەی کە ئێمە ئێستا دەمانپاراستن و هەموو رۆژێ لە نێو ئاوی گەرمدا بوون، بە زەحمەتی زیاترەوە دەهاتنە دەرێ؟ لەوە دەچوو مریشکەکە لەوەی کە هێلکەکانی تەڕ ببوون دڕدۆنگ نەدەبوو، بەلام هێندێك جار لەکاتی هەڵنیشتن بە ئانقەست یەکێك لە هێلکەکانی لە نێو پۆلێك لەو هێلکانەی لە بن زگی دابوون دەتلانەدەوە و دواتر ئەویتریشیان. منیش ئەو هێلکەیەی لە بن زگی هاتبووە دەرەوە دیسان دەمخستەوە بن زگی، چونکە نیگەران بووم کە نەکا جوچکەکانی نێو ئەم هێلکانە بمرن. بەلام مریشکەکە دیسان ئەو هێلکانەی دەتلاندەوە و لە گەرمیی جەستەی دووری دەخستنەوە و ئێستا ئەرکی من بوو کە ئەو هێلکە مەحکوومانە هەڵگرمەوە و بیانخەمە نێو بنچکەکان. ئەو هێلکانە لە راستیدا پیس ببوون و مریشکەکە ئەوەی دەزانی. ئەو هێلکانەم کاتێ فڕێدەدا و بە تەختەبەردێك و عەرزی و نێو قەدی دارێك دادەدران تلپەیان دەهات. بە دەنگێکی پڕ زایەڵەوە شکان کە من هاوشێوەی ئەو دەنگەم چەندین ساڵ دواتر بیستەوە، رۆژێکیان لە شەقامی "تاتنهام کورت"دا راوەستابووم کە لە پڕ دیتم پیاوێکی گەنج لە سەر سوکانی ماتۆڕە گەورەکەی نوشتاوەتەوە و چەندمەترێك ئەولاتر بە ماتۆڕەکەیەوە کەوت و سەری بە لێواری پێیانەڕێیەکەدا درا. دەنگی کلاوەکەی وەك دەنگی شکانی هێلکە پیسەکانی نێو بنچکەکان وابوو.

بیست و یەك شەو و رۆژی پێدەچێ هەتا هێلکەکان بتروکێن و بن بە جوچك و مریشکی زل و مۆن کە لەو ماوەیەدا منی وەك پارێزەرێك و زیندانڤانێك قەبووڵ کردبوو، لە سەر ئەو هێلکانە هەڵدەنیشێ. جاروبار کە دەستم دەخستە بن زگییەوە هەتا بزانم هێلکەکان لە شوێنی

خۆیانن یان نا، دەنووکی لە دەستم دەدا، من کاتێ دەستم دەبردە بن زگییەوە لە تینی جەستەی سەرم سوورِ دەما. لە سەر مەچەك و پشتە دەستم جێ دەنووکی ئەوی پێوە بوو، بەڵام لەوە دەچوو کە بزانێ من بێ وەییم بۆ ئەو.

کات بۆ مریشکێکی کە لە سەر هێلکە هەڵدەنیشێ زۆر بە خاوی تێپەرِ دەبێ. ئاخۆ لە سێ هەفتەی کۆتاییدا زەمان بۆ ئەو بەخێرایی دەرِوا؟

سێ چوار رۆژ بەرلەوەی کارەکە کۆتایی پێ بێت هەستم کرد کە لە یەکێك لە هێلکەکاندا کە وێدەچوو زۆر قورس و چارەنووسسازە، دەنگی تەقە تەقی سەرکەوتن دەبیستم. وێدەچوو ئەو هێلکەیە کە دەنگی ترپەی تێدا خەریکە دەبیسترێ، بوونەوەرێك لە نێویدا بوونی خۆی رادەگەیەنێت. لە هەمان حاڵدا من کە ئەو هێلکەیەم لە بنا گوێم راگرتبوو و گوێم پێدەدا مریشکەکەش سەیری دەکردم و دواتر کاتێ بۆ بن زگیم تلاندەوە دەنووکی لەدەستمدا. ئێستا تەنیا سێ رۆژی مابوو... تەنیا دوو رۆژ.. مریشکەکە بە رواڵەت دەیزانی زۆری نەماوە کە جوچکەکانی لە هێلکە بێنەدەرێ. ئەو بە دەنووکی هێلکەکانی لە بن لاقە گەورەکانیدا ئەوبارەوبار دەکرد. ئێمە پێمان وابوو ئەو بەو هۆیە هێلکەکان ئەوبارەوبار دەکا هەتا جوچکەکان سەراوبن لە هێلکە نەیەنە دەرێ. ئێمە وامان بیر دەکردەوە، بەڵام ئاخۆ مریشکەکەش هەروای بیر دەکردەوە.

ئێستا ئیتر رۆژێکی مابوو. منیش لە پەنای قەفەزەکەوە هەڵترووشکا بووم و نەدەجووڵام، لەئاکامدا کاتێ یەکێك لەو هێلکانەم لەبناگوێم راگرت، دەنگی دەنووکی جوچکێکم بیست کە لە نێوی دابوو. لایەکی توێکوڵی هێلکەکە لوستر دەهاتە بەرچاو. ئەمە هەمان شوێن بوو کە جوچکەکە دەنووکی لە هێلکەکە دەدا و دەهاتە دەرێ.

مریشکەکە ئەمێستا پێی خۆش نەبوو کە من دەست لە هێلکەکانی بدەم. ئەو لەحاڵێکدا سەیرکردنەکەی پرِبوو لە وشیار کردنەوە سەیری دەکردم.

وێدەچوو کە هەموو چاوەرِوانن و سەیر دەکەن. سەگەل لە مەودایەکی نزیك بەوێ دانیشتبوون. خزمەتکاران بە هەر بیانوویەك بووبێ خۆیان لە مریشکەکە نزیك دەکردەوە. من دواتر مریشکەکەم هێندێك بەرز کردەوە و لە بن زگی دەنگی دەنووك لێدانی جوچکەکان لە توێکڵە هێلکەکە دەهات. لە ئەنجامدا کاتێ مریشکەکەم تەواو بەرز کردەوە ئەو هێلکانەم دیت کە هێشتا جوچکەکانی نێویان نەهاتبوونە دەرێ، بەڵام توێکڵێکی زۆر تروکابوو و یەکەم جوچکم دیت، دایناسۆرِێکی بچووك، بەو لاقە زلانەییەوە زۆر ناشیرین بوو و تووکیشی تەرِ.

زۆری نەخایاند کە هەر چوار دەوری مریشکەکە پڕ بوو لە سەرە جوچك کە بە تـووکی نـەرم و زەردەوە داپۆشرابوون و بۆ سەر کارت پۆستاڵی پیرۆزبایی و ڕۆژژمێر جوان بوون!

مریشکەکە هەروا دانیشت هەتا ئەوەی کە دوایین جوچکیش لـە هێلکـە هاتـەدەرێ، مـن دواتر دەرکەی قەفەزەکەم کـردەوە، ئـەویش هەسـتا سـەر پـێ و دەنگێکـی تایبـەت و گـڕی لێوەهات کە مریشکی خاوەن جوچك لە نێو گەروویەوە دەری دێنێ. مریشکەکە لە کولانەکـە هاتە دەرێ و جوچکەکان لەگەڵی دەجوولان. هێلکەیەك مابۆوە. جوچکەکەی نێوی نـەهاتبووە دەرێ. ئەو جوچکە بەچەند هۆیەك لە بن مریشکەکەدا مردبوو. بەڵام ئێستا مریشکەکە تەواو سەرقاڵی ئەوە بوو کە جوچکەکانی فێر بکا چۆن ئاو بخۆنەوە، چۆن دانەوێڵە هەڵبگرنەوە، ئـەو بەنێو جوچکەکانیدا دەڕۆیشت و لە نێو قوتـووی ئاوەکـەدا ئـاوی دەخـواردەوە، دەنـووکی لـە عەرزی دەدا و دانەوێڵەی بچووکی هەڵدەگرتەوە و بۆی دەبردن. ئێمە و هەروەها سەگەل سەیری ئـەو مریشـکە سـەربەرزە و جوچـکەکانیمان دەکـرد و دەمـانزانی راوچییەکان چـۆن لـەنێو بنچکەکاندا لە دەرفەت دەگەڕێن. هەڵۆکانیش لە ئاسمانەوە سەیریان دەکرد.

مریشکەکە لەگەڵ جوچکەکانی لە سەر گردەکە دەسووڕاوە، جوچکەکان هەموو ڕۆژێ کـەم دەبوونەوە! مریشکەکە شەوان دەگەڕاوە بۆ کولانەکەی خۆی و لەوە دەچوو پێی نـاخۆش نـەبێ کە دەرکەی لەسەر دادەخەین.

زۆر زوو جوچکە بچووکەکان گەورە بوون و کاتێ نسێی هەڵۆیان لە سەر عـەرزیی دەدیـت بەو لاقە درێژانەیانەوە خێرا رایاندەکرد. ئەو جوچـکانە ئێسـتا بوونەتـە بێچـووە کەڵـەباب و مریشکی گەنج، مریشکێکی دیکە لە نێو قەفەزەکەدا لە سەر هێلکەکان هەڵنیشت. بەشـێك لە خەڵکی دەزگای دەستکردی جوچك هەڵێنانیان هەبوو بەڵام دەزگایـەکی جوچـك هـەڵێنانی چاك بەڕاستی ئامرازێکی گرانبایی بوو.

## رامان

هێلێن دەڵێ: تۆ سەیری بکە. من هیچ ناڵێم و هەروا سەیری دەکەم.

مێری وا لێی زیت بۆتەوە کە دەڵێی نهێنییەکی گەورە ئاشکرا بکا. هەمیشە بەوجۆرە سەیری هێلێن دەکا. دەپرسێ:

ئەی دواتر ئەو چیدەکا؟

هێلێن پێدەکەنێ و دەڵێ: واز دێنێ.

پێکەنینەکەی هەر وەك هەمیشە دڵی مێری دەلەرزێنی و داگیری دەکا. هێلێن رێك دانیشتووە و بزەی دێتێ. وادیارە بیر لە چێشتێکی بەتام دەکاتەوە.

هێلێن خەڵکی یۆنانە و ژنی تام، تامیش ئینگلیزییە. لە ناکسوس، لە ریستورانتێکی بچووکی یۆنانیدا یەکتریان ناسیوە. هێلێن بە جۆرێك خواردنی بۆ تام و موسافیرەکانی دیکە دەهێنا دەتگوت رێزێکی گەورەی لێدەنان. تام ئاشقی هێلێن بوو و سازی کرد کە لەگەڵی بچێت بۆ ئینگلیز. ئینگلیز زۆریش بۆ هێلێن نامۆ نەبوو. خزم و کەسوکاری لە یۆنانی و قیبریسییەکانی دانیشتووی ئینگلیز لە "کیمدن تاون" بوون و ئەویش هاوینێکیان چوو بۆوە بۆ سەردانیان. مێری هاوژینی ئینگلیزیی دیمیتریوسە. لە ئەندروس یەکتریان ناسیوە. مێری و چەند دەستە خوشکی چووبوون بۆ سەیران و دیمیتریوس لە کۆفییەکی رووەو دەریا کاری دەکرد و هەر کە چاوی بە مێری کەوت ئاشقی بوو. دیمیتریوسیش لە لەندەن کەسوکاری هەبوو. ئێستا لە رێستورانتێکی یۆنانیی لە ئرۆناتس کار دەکا و دەیهەوێ بەم زوانە ریستورانتێکی تایبەت بە خۆی بکاتەوە و نێوی دیمیتریی لە سەر دابنێ. ئەوە نێوێکە کە مێری بانگی پێدەکا. جارێ لە نێو دوو هۆدەی سەرەوەی بەقاڵیی تامی مێردی هێلێندا دەژین هەتا ئەو کاتەی دەستیان ئاوالاتر دەبێ. مێری و هێلێن دانی بەیانییان پێکەوەن. زەمی ئەم و ئەو دەکەن و دەچن بۆ شت کڕین. لەو کاتەوەی هێلێن منداڵی بووە، زۆربەی رۆژەکان دەچنە پریمورس هیل. لەسەر کورسییەك دادەنیشن و کالیسکەکە لە بن سێبەرێك رادەگرن. جاری واشە خاتوونی یۆنانی و

قیبریسیی دیکە دێنە لایان و قریوە قریوێکی وا ساز دەبێ دەڵێی نۆرە میوانی ژنانەیان وەڕێخستووە. هێلێن و مێری هەمیشە پێکەوەن. جاروبار شەوانە چواربەچوار دەچنە کۆفی یان ریستورانتێك. مێری لە هەڵبژاردنەکەی رازییە. هەرچی بێ لە خەڵکی بێزارکەری "کرودون" رزگار بووە و لەگەڵ کەسانێك هەڵسوکەوت دەکا کە بە ئاسانیی پێدەکەنن و گۆرانی دەڵێن و سەر لەبەری شەوێ سەما دەکەن و تەنانەت ئەگەر بیانەوێت خۆ فڕێدەدەنە سەر مێزەکە. ئەگەری ئەوە بوو کە هاوینی ئەو ساڵە سەردانی یۆنان نەکات، یان ملکەچی قسەی دایك و باوکی بێت و نا بە دیمیتریوس بڵێ.

ئەو رۆژە مێری بە هەڵپە هەڵپ و زرووقانەوەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ. دەچێت و لەبەر ئاوێنەکە دادەنیشێ و وەکو هەمیشە لەخۆی ورد دەبێتەوە. شۆخ و شەنگە، کەمێك خەپەتۆڵە و کوڵمە سوور. قژی لوول و رەشە و قووڵیی روومەتەکانی دموچاوی جوان کردووە. دیمیتری بە شاتووە جوانەکەم بانگی دەکات. چاوەکانی خۆڵەمێشین و دیمیتری دەڵێ ئەگەر چاوە بێ هەست و خوستە ئینگلیزییەکانی نەبوایە بڕوات نەدەکرد کە رەچەڵەکیی ئینگلیزییە. چاوانی دیمیتری رەش و گەشن. جاری وایە بەگەرموگوڕیی سەیرت دەکا و بڵێسە دەدا و یان پڕ دەبێ لە سووکایەتیی. مێری بەنێوان شووشە عەتر و ماتیك و کەلوپەلەکانی سوراو و سپیاودا دادێتەوە و هەوڵ دەدا بە سەیرکردنییەوە هەستێك بنوێنێ. بەبێ بزە لەخۆی زیت دەبێتەوە. لە روانینی خۆی دەترسێ. چاوەکانی وێکدێنێ و هەوڵ دەدا نیگای هێلێن وێنا بکا. بەڵام ناتوانێ لەبەر ئەوەی هەمیشە زەردەیەتی. تەنانەت ئەگەر بمانەوێ بابەتەکە زۆر گەورە نەکەینەوە دیسان دەتوانین بڵێین کە مێری ئافەرین بە هێلێن دەڵێ. جارێکیان دیمیتری شتێکی گوت کە مێری لە مەبەستەکەی تێنەگەیشت و بۆ ئەوەی لە قسەی دیمیتری تێبگا چوو بۆ کتێبخانە و کتێبێکی بە نێوی ئەفسانەی یۆنانیی بۆ منداڵان وەرگرت. لەو کتێبەدا خوێندییەوە کە هێلێن ژنێکی زۆر جوان بووە و هەزاران ساڵ پێشتر پیاوان لە سەر ئەو شەڕیان کرد.

ـ لە یۆنان زۆربەی دایك و باوکان نێوی هێلێن لە سەر منداڵەکانیان دادەنێن، وەکو بێتی و جوان.

هێلێن بە مێری گوت کە مێری نێوی دایکی خوایە، بەڵام مێری وەڵامی داوە کە ئەو قەت کەسێکی ئایینی نییە.

باشە بۆچی هێلێن دەیەوێ روانینی سارد و سڕی مێری لە سەر دیمیتری تاقی بکاتەوە؟ کێشەی سەرەکیی هەر ئەوەیە. مێری زۆر لە ژیانی رازی نییە. لە گشت شتێ تۆڕاوە و

دەشیانخاتە ئەستۆی مێردەکەی. بۆخۆشی چاك نازانێ بۆچی وا بیردەکاتەوە، بەڵام بڕیاری داوە ئاڵوگۆڕ بەسەر ژیانی دابێنێ. لەو سەریشەوە دیمیتری نارازییە لەبەر ئەوەی پێی خۆشە منداڵی ببێ، بەتایبەتیی ئەمێستا کە تام و هێلێن دەبینێ منداڵیان هەیە. بەڵام مێری دەڵێ: نا دیمیتری، ماوەیەك راوەستە، بۆچی پەلەتە؟

دیارە کە ئەویش دەیهەوێ منداڵی ببێ، بەڵام دەترسێ دەرەقەتی نەیەت. سەیری ئەو ژنانە دەکا کە هەموو رۆژێ دەیانبینێ و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: هەر وایە ئیتر، منداڵێکیان هەیە و... من پێم خۆش نییە وابم. بەڵام هێلێنیش وانییە، یان رەنگە وابێت.

بەڵام لەوەدەچێ منداڵ لە ئاسمانەوە بەربۆتەوە نێو باوەشی هێلێنەوە. مێری حەب دەخوا و شەوێکیش لەبیری ناچێ و حەبەکەی لە کاتی خۆیدا دەخوات. دیمیتری جاری وایە دەڵێ: ئاخرییەکەی من رۆژێك ئەم گەندوگووە فڕێ دەدەم.

لە کاتی گوتنی ئەم رستەیەدا دەنگی گڕ دەبێ و بلێسەی چاوی لەو کاتەدا مێری وەبیر رۆژەکانی سەرەتای پێکەوەبوون دەخاتەوە.

لە هێلێن دەپرسێ: تام ئێستاش هەر وەکو جارانە لەگەڵت؟

هێلێن دەستبەجێ تێیدەگا و پێدەکەنێ. دەڵێی دەیەوێ بە مێری بڵێ کە ژیانێکی تایبەتیی گەرموگوڕی هەیە، بەڵام مێری زۆر لەوە کاس و وڕترە کە تێبگا.

ـ هەرچۆنێ بێ تام ئینگلیزییە، دەزانی کە یانی چی؟ لە سەرەتاشەوە کە دەستمان پێکرد هەر وابووە.

بە نیگایەکی پاکەوە سەیری مێری دەکا. مێری لە سەرەتاوە پێی وابووە کە سەیرکردنەکەی سارد و سڕە. هێلێن درێژەی پێدەدا: تۆ لە شتێك باش تێنەگەیشتوویی. پیاوانی یۆنانی یەکەمجار کە دەیانبینی زۆر ئاشقانە هەڵسوکەوت دەکەن. هەمووی ماچ کردنە. بەقوربان و سەدەقەی سەرتاپێت دەبن. بە هەموو شوێنێکتدا هەڵدەڵێن. لە تەپڵی سەرتەوە هەتا بنی پێت. بەڵام کاتێ زەماوەندت لەگەڵ کردن تەنیا دەبیە ژنیان و هیچی دیکە.

هاوینێکیان کە مێری چووبوو بۆ ئەندروس، دیمیتریوس چەپکە گوڵ و سابوونی بۆنخۆش و نوقڵی بۆ دەکڕی و هەمیشە دەیگوت مێری چەندە جوانە و ئەو قەت ژنێکی بەجوانی ئەو نەدیتووە. لە ژێر مانگەشەودا ماچی دەکرد و تەنانەت شەوێکیان دەستەکانی مێری بە فرمێسکی ئەو خووسان. مێری دەیزانی کە ئەمە سەرنجڕاکێشترین شتێك بووە کە تا ئەوکات بۆ ئەو روویداوە و رەنگە لەوە باشتریشی تووش نەیەت. ئێستا مانی گرتبوو کە بەڕاستیی خەریك بوو وای لێبێت. دیمیتریوس بۆ

وای لێهاتووه؟ پێی وابوو کێیه؟ کاتێ خەوتبوو سەیری دەکرد و پێی وابوو: بۆچی ئاوای لێهاتووه؟ دەکەوتەوە بیری سێ هاوین پێشتر و ئەوەش کە، دیمیتریوس ئەوکات چۆن ئاوێزانی دەبوو. ئێستا وەکو پیاوە ئینگلیزییەکان تەواو لەسەرەخۆ بووە و جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ تام نەبوو. هێلێن لەهەمان کاتدا کە هەناسەی هەڵدەکێشا و دەیگوت: دیسان شوکور بۆ خودا کە لە جێگاکەدا خۆش رادەبوێرێ، دەنا پێم وادەبوو کە منی خۆش ناوێ.

مێری چاك دەزانێ هێلێن دەڵێ چی. هەرچی بیری لێدەکاتەوە تێناگات هێلێن بۆچی ئا ـ ی بە تام گوتووە. هەڵبەت تام پیاوێکی چاکە. ناشیرینیش نییە. هێلێن دەڵێ پێکەنینم بەکارەکانی دێت.

مەگەر دەبێ هێلێن لە تام بێتاقەت نەبێ! ئەی دیمیتری چی؟ ئێستاش ئاشقی مێرییە؟

ئەو شەوەی دیمیتری کاتێ لە جێگادا بەرەو مێری وەرسوورڕا، مێری گوتی: تاقەتیم نییە!

هەوڵی دەدا وەکو هێلێن هەڵسوکەوت بکا، کاتێ کە سەری دەخستە سەر سینگی و دەستی لە ملی دەکرد. بەڵام بۆخۆی تێگەیشت کە خۆنواندنەکەی دیارە، تا بە ئەوکات قەت نای بە دیمیتری نەگوتبوو. لە تلانەوە لەگەڵیدا چێژی وەردەگرت. دیمیتری وا وڕما کە دەتگوت مێری داوای تەڵاقی لێکردووە. پرسی: شتێك روویداوە؟

لەڕاستیدا دەبوو بیپرسیبوایە: شتێکی خراپم کردووە؟

ئەگەرچی مێری نەیدەزانی کە ئەگەر ئەم بیپرسیبوایە چ وەڵامێکی بدایەتەوە. پشتی لە دیمیتری کرد. بۆخۆشی لەم کارە بەقەد دیمیتری دڵی هێشابوو. پشتی هەستی بە نیگای راماو و نیگەرانی ئەو دەکرد. دیمیتری خەوی لێنەدەکەوت، مێریش هەر وا، بەڵام خۆی لەخەو کرد. بەیانی دیمیتری بەردەوام ئاخی هەڵدەکێشا و بە نیگا ساردەکانییەوە مێری تاوانبار دەکرد. بەرێکەوت ئەو رۆژە شەممە بوو و لەگەڵ هێلێن و تام چوون بۆ رێستوورانتێکی کە باخچەیەکی بچووکی هەبوو، هەتا پێکەوە بخۆنەوە و دواتر لەو رێستوورانتەی کە دیمیتری کاری تێدا دەکرد نانی شەوێیان خوارد. ئەو شەوە دیمیتری پشووی بوو. مێری و هێلێن جاروبارە کە ریستوورانتەکە قەرەباڵغ دەبوو و پێویستییان بە یارمەتیی هەبوو لەوێ کاریان دەکرد و هەر بۆیەش هەموو دەیانناسن و چۆنی و چاکییان لەگەڵ کردن. چەند کەسێکیش هاتن منداڵەکەی ببینن کە لە نێو کالیسکەکەدا خەوتبوو. مێری دەیدیت کە هێلێن چۆن بە قۆڵی تامدا نووساوە و دەیزانی کە تا بگەنەوە ماڵێ خەویان لێدەکەوێ. کاتێ مێری و دیمیتری گەیشتنەوە ماڵێ، دیمیتری گوتی: هیوادارم کە ئەمشەو نەڵێی تاقەتیم نییە!

تانەلێدانەکەی ناشارەزایانە بوو. مێری گوتی: نازانم.. ڕەنگبێ تاقەتیم هەبێ یان نەبێ!

بەڵام لە سەر جێگاکە دیمیتری لەپڕ خۆی خستە سەر مێری. مێری ویستی قسە بکا بەڵام نەدەکرا بڵێ کە تاقەتی نییە، ئەویش کاتێ کە چاك دیار بوو بۆخۆشی تامەزرۆیە و هەردووکیشیان چاك ئەوەیان دەزانی.

دیمیتری پرسی: کەی منداڵێکم دەدەیەی؟

کەیفەکەی کردبوو و خەریك بوو ئەڵقەی پەنجەی دەستی مێری دەسووڕاند. مێری ئەو کارەی ئەوی پێخۆش بوو و پێی وابوو هەستی دەبزوێنێ، بەڵام نەختێکیش دەترسا. دەتگوت ئەگەری زۆر بوو بڕیار بدا ئەڵقەکە دەربێنێ و فڕێی بدا. مێری گوتی: ئێستا.. با بزانم چۆن دەبێ.

دەیزانی کە قەت ئا بەمجۆرە سەری نەخستۆتە سەری. دواتر دیمیتری دەستدرێژیی کردە سەری. هیچ وشەیەکی دیکە ئەو ڕووداوەی کە هاتە پێش دەرنابڕێ. ئەگەر جەستەی مێری لەچاو کەڕەتی پێشوو تەڕ و لیچق نەبوو، ڕەنگبوو دیمیتری بیزانیبوایە کە چەندە ترساو و حەپەساوە و ئەگەر دیمیتری بەردەوام بە گوێی دادابوو: سەرشێت! من منداڵم دەوێ، هەر ئێستاکە نەك دە ساڵی دیکە! ئەگەری ئەوە هەبوو ئێستا نا ئێستا ڕازیی بێت و بڵێ: دەیباشە، دەهێڵم منداڵمان بێت.

سبەینێکەی مێری لە سەر ناشتایە قڕ و قەپی کردبوو، بەڵام دیمیتری هەستی پێنەکرد. لەکاتی خۆیدا نان و مرەباکەی بە قاوەوە خوارد. دەبوو سەعات ١١ بچێتەوە سەر کارەکەی. لەم کاتەی ڕۆژدا لەگەڵ یەکتری ڕووخۆش بوون. پێش ئەوەی دیمیتری بچێتە سەر کار جاروبار سوعبەتیان پێکەوە دەکرد. جاریواشبوو ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە یان دیسان دەستەملانی یەکتر دەبوونەوە. مێری دەیزانی کاتێ منداڵیان ببێ ئیتر قەت بەیانییەکەیان ئاوا هێدی و هێمن نابێت، بەڵام کاتێ ئەمەی بە دیمیتری گوتبوو ئاوای وەڵام دابوەوە: دەیباشە، دەتەوێ بڵێی چی؟ بەجۆرێك ئەوەی دەربڕیبوو کە مێری پێی وابوو خۆشی ناوێت. دیمیتری تازە کە لە ناشتاخواردن تەواو ببوو هەستی کرد کە مێری بە ئانقەست قڕوقەپی کردووە. سەریهەڵێنا و بە نیگایەکی تووڕەوە سەیری مێری کرد. مێری بە ساردی وەڵامی سەیرکردنەکەی داوە. دواتر بێ ئەوەی چاو بترووکێنێ، هەر بەوجۆرەی لەبەر دم ئاوێنەکەدا لەخۆی ڕامابوو لە دیمیتری زیت بۆوە. دیمیتری گوتی: چییە چاو داقلێشاو؟

مێری هیچی نەگوت و هەروا لێی زیت بۆوە. دەیزانی کە بە سەیرکردنەکەی ڕقی دیمیتری هەڵدەستێنێ و دڵی لێی تێکەڵ دێت. هەرچی دیمیتری هات و هاواری کرد کە دەزانێ چ هەڵەیەك دەکا، هیچ وەڵامێکی نەداوە. دواتر دیمیتری گوڕاندی: سەرشێت! و ڕۆیشت بۆ سەر کارەکەی.

مێری لەگەڵ هێلێنـدا لـە بـەر هـەتاوی دەرەوەی کافەکـە دانیشـتبوون و منداڵەکـە لـە نێـو کالیسکەکەدا لە نێوانیان دابوو. مێری پێی وابوو: وادیارە زۆریشم رق لـە منـداڵ نییـە. حەبـەکانم ناخۆم، بابزانم چۆن دەبێ. بەڵام لەئێستادا هیچ بە دیمیتری ناڵێم. ئێستا نا، نامـەوێ لەبـەر منـداڵ پاشەکشێ بکەم.

گوتی: تاکەی هەروا لەسەر قسەی خۆت سووری؟

هەوڵیدا شێوەی دەربڕینی ئاسایی بێت،

بەڵام هێلێن دەستبەجێ لێی تێگەیشت، وەی.. زۆر ناخایەنێ. پێوەندیی بـەوەوە هەیـە کـە تـا چەندە دەتوانم تاقەت بێنم. دەمەوێ خۆم بەدەستەوە نەدەم، بەڵام ناتوانم. بۆچـی بـۆ هێلـێن گشـت شتێ ئاوا ئاسان بوو؟ وا قسەی دەکرد کـە دەتگـوت ئەمانـە بـۆ ئـەو هـیچ گرنگییـەکی نییـە و گاڵتەیەکە و هیچتیتر. بۆچی مێری نەیدەتوانی ئەم شتانە بە هێنـد وەرنـەگرێ؟ مێـری بـەوجۆرەی بێدەنگ و مات دانیشتبوو بـیری لـەم شـتانە دەکـردەوە. سـەیری هێلێنـی کـرد، لاقـی باریـك و سپیکەڵانە و دەستی لاواز و قاوەیی بوو. جلە رەشەکانی لێی دەکاڵاوە. قژی رەشی لـە سـەر شـانی پەخش و پەرێشان بوو. جلێکی ئاوا بۆ من ناشیرینە. منداڵەکە لە کالیسـکەکەیدا هـەر دەینقانـد. هێلێن لەباوەشی کرد. دەتگوت کە شتێکی گرنگ نەبێ. یان لانیکەم وای نیشان دەدا. بـە دەنگـی خۆش و بلاوێنی چەند لایەلایەیەکی یۆنانیی کرد و منداڵەکە بێدەنگ بوو. سەری بچووك و نـەرمی منداڵەکە کەوتبووە لای مێری و بۆنێکی خۆش دەهات کە نزیك بوو مێـری وەگریـان بخـات. پێـی وابوو: نا.. خوایە گیان نـا! هێلـێن بـە هەسـتی نزیکایەتییـەوە منـداڵی مەلۆتکـەکراوی خسـتە باوەشییەوە و گوتی: ها، دەچم بۆ ئاودەسـت هـەر ئێسـتا دێمـەوە. و بـەو جلـە کەتانییـە نـەرم و ناسکەیەوە چوو.

مێری پێی وابوو کە بە دڵنیاییەوە دیمیتریش بۆ منداڵی خۆیان گۆرانیی یۆنـانیی دەڵـێ. کاتـێ دیمیتری و هێلێن بەیەکەوە بە یۆنانی قسەیان دەکـرد مێـری گـوێی رادەگـرت. نەدەکەوتـەوە بـیری کەباب و تاراماسالاتا و شەرابی ریتسینا، چونکە ئەوانە هەر لێرە لەناو جەرگەی لەندەنیش دەسـت دەکەوتن. بیری لە هەتاو و دەریای شینی بـێ بـن و گابـەردە سـووربووەکان و درەختـی زەیتـوون و گۆرانی گوتن دەکردەوە. کاتێ ئەو دوانە پێکەوە بە یۆنـانی دەدوان، تـام و مێـری کـە هـەر چـەند وشەیەك یۆنانییان دەزانیی لەگەڵ یەکتری بزەیەکیان دەگۆڕییەوە کە دەریخست هـەردووکیان دەزانـن ئەم یۆنانییانە جاری وایە هاوژینەکانیان لەلا نامۆیە. کاتێ دیمیتری نیوەشەو لە سـەر کـار هاتـەوە مێری هیچ قسەیەکی لەگەڵ نەکرد. لە سەر قەرەوێڵەکەی دانیشت و لێی وڕما کە بـە پرتەوبۆڵـەوە

لە ژوورەکەدا هاتوچۆی دەکرد و جلەکانی بەم لاوئەولای دا فڕێ دەدا. پاشان دیمیتری خۆی فڕێ دایە سەر قەرەوێڵەکە و پشتی لە مێری کرد. مێری دەیویست لەپشتەوە باوەشی پێدا بکا کە دیمیتری بەردەوام پێی خۆشبوو بیکا و گوێی بکرۆژێ و پاشان ملی ماچ بکا و بیگەزێت. یەکەمجار کە مێری ئەم کارەی کرد وەکو ئەوە وابوو کە بازی دابێتە نێو وڵاتێکی نامۆوە، چونکە ئەو قەت لە ئەشقێنیدا دەستپێشخەریی نەدەکرد. پێی خۆش بوو کەسێك بێت کە رازی دەبێت و جا دەهێڵێت، دواتر لە پڕ دەستیان کرد بە ئاشقێنییەکی تەڕ و گەرموگوڕ. هەڵبەت هەمیشە وای لێنەدەهات. دیمیتری جاری وا بوو سەری دەخستە سەر مێری و دەیگوت: پێم خۆش نییە بە کەمم بزانی.

لە راستیدا ئەمەش زەوقی دیمیتری بوو، چونکە دیمیتری بەپێچەوانەی رواڵەتی زل و تووڕەیەوە، مرۆڤێکی هەستیار بوو و دەیزانی کە مێری شەرم دەکا و نیگەرانە کە دیمیتری پێی وابێ مەبەستێکی لە ناز و لاواندنەوە هەیە. بۆ ئەوە هەمیشە دەرفەتی بە مێری دەدا هەر کارێکی کە حەز دەکا بیکا. مێری دیتبووی کە هێلێن چۆن جاری وایە تام دەلاوێنێتەوە. یان ئاوێزانی دەبێ و تام چۆن سەری سووڕ دەما و شادمان دەبوو. پێی خۆش بوو کە ئەویش لەگەڵ دیمیتری هەروا بێت. ئەگەر هێلێن نەبوایە قەت بیری لە شتێکی وا نەدەکردەوە. ئێستا مێری سارد و سڕ لە پەنای دیمیترییەوە راکشاوە و بیر دەکاتەوە کە شەوێك چەندە ئاسان دەبێت کە ژن دەست بخاتە ملی مێردەکەیەوە و شەوێکی دیکە مەحاڵە کە دەست درێژ بکەی و تەنانەت دەستی لێبدەی، چ بگا بەوەی کە گوێی ماچ بکەی یان بیکرۆژی.

سەرلەبەری شەو خەوی لێنەکەوت و لە کپیی شەودا لە پشتی دیمیتری راما. لە سەر ناشتاش بێدەنگ ببوو. بەڵام ئیتر کەمێك ترسابوو. دانیشت و هەروا لە دیمیتری زیت ببۆوە کە هەوڵی دەدا چاوی نەکەوێتە سەر چاوی، بەڵام جاروبارە بە سەرسووڕمان و تووڕەییەوە سەیری ئەوی دەکرد. مێری هەر بەو رادەیەی ترسابوو دڵیشی لە دیمیتری و هەمووشتێکیش هێشابوو و بۆخۆشی کارێکی دەکرد کە نارەحەتییەکەی زێدەتر بێت: خۆ دیارە، دەبێ دیمیتری ئێستاکە بێ و دەستم ماچ بکا و بە فرمێسك بیخوسێنێت و بڵێ کە بەداخە.

ئەوشەوە کاتێ کە دیمیتری لە ریستورانتەوە دەهاتەوە، مێری هەموو هەوڵێکی دا هەتا خۆی لەخەو بکا. پێی وابوو رەنگە دیمیتری بێت و ماچی بکا. جاران کە مێری لەخەودا بوو ئەم کارەی دەکرد. لەدڵی خۆیدا گوتی: پاشان من باوەشی پێدا دەکەم و بە توندی بە سینگمەوەی دەگوشم.

بەڵام دیمیتری ماچی نەکرد. بەیانی لە سەر ناشتا هەستی بەخۆی کرد لەوێ دانیشتووە و رامانی بۆتە بەشێك لە دموچاوی و وەکو رادار بەدوای دیمیترییەوەیە کە بە ژوورەکەدا

دەسووڕێتەوە. بەڵام دیمیتری سەیری ئەوی هەر نەدەکرد. مێری بیری کردەوە: گەمژەیە. تەنیا لەبەر ئەوەی بزە لەسەر لێوم نییە و بێدەنگم. بەڵام خۆ من هەمان کەسم، نیم؟

دیمیتری پرتەوبۆڵەی دەکرد و شتەکانی پێکدادەدا. وا هەڵسوکەوتی دەکرد دەتگوت مێری دۆعا و نزای لێکردووە. قاوەکەی بە نیوەیی هێشتەوە و رۆیشتە دەرەوە.

بەیانیی رۆژی دواتر مێری لەپێش دیمیترییەوە لەخەو هەستا. دەیویست بەر لەو لە قەرەوێڵەکە بێتە دەرێ هەتا ناچار نەبێ بەوجۆرەی کە ئێستا بۆخۆی پێی وایە دەمامکی شانۆ لە دموچاو بدا. بەڵام دیمیتری رێك لە سەر جێگاکەی دانیشت و مێری دموچاوی وا راگرت کە بتوانێ بە سیلەی چاوی سەیری بکا. دیمیتری هاوارێکی کرد. دەتگوت خەونێکی ناخۆشی دیتووە و دواتر بە هەنیسکدانەوە گوتی: زۆر دڵڕەقی مێری، تۆ کەللەڕەقێکی بێبەزەیی.

ئەوشەوەش دیمیتری شەو تا بەیان لە خەودا هەناسەی هەڵکێشا و هاواری کرد و ورتەی هاتێ، لە دۆعا و نزای یۆنانیی دەچوو. مێری ترسابوو و پێی وابوو دیمیتری رەنگە بیکوژێ. هەرچەند بەهیچ جۆرێ خۆی نەدۆڕاندبوو، بڕیاریدا کە ئیتر کۆتایی پێبێنێ، ئیتر بەسە، بەڵام نەیدەتوانی. زیتبوونی شەرمەزارکاری خۆی لە دموچاوی شەتەك درابوو، بیری کردەوە: کە دەستم پێکرد نییەتەکەم چاکە بوو، ئەی بۆچی وای لێهات؟

رۆژەکان تێپەڕبوون، ئێوارەی رۆژێك کە لەگەڵ تام و هێلێن چواربەچوار رۆیشتبوونە دەرێ، مێری خودا خودای بوو کە ئەوانی دیکە هەست پێ نەکەن کە روو بە دیمیتری نادا و دیمیتریش هەر سەری وەردەسووڕاند هەتا چاوی بە چاوی مێری نەکەوێ. رۆژی دواتر مێری لە هێلێنی پرسی: لە حاڵەتی ئاساییدا چەندی پێدەچێ؟

ـ قەت زیاتر لە رۆژێکی پێنەچووە، چ بکەم خۆشم دەوێ.

شێوازی گوتنەکەی واتایەکی دیکەی هەبوو.

تا بە ئەوکات سێ هەفتە دەبوو کە مێری دەستی کردبوو بە خواردنی دەرمانەکەی. بارودۆخی چاك نەبوو. رۆژ تا ئێوارە لە قوژبنێك دادەنیشت و دەگریا. دواتر بە بێدنگی دادەنیشت و زیت دەبۆوە، نەك لە دیمیتری کە قەت لە ماڵێ نەبوو، بەڵکو لە دیوارەکە. نەیدەزانی کە خەریکە چی دەقەومێ. بەڵام دەیزانی کە هەرچی هەیە سامناکە. دیمیتری زۆر درەنگ دەهاتەوە بۆ ماڵێ. دیاربوو تا درەنگانی شەو دەخواتەوە. دواتریش کە دەهاتەوە مەست بوو و بە ئانقەست بە ژوورەکەدا دەسووڕاوە و بە یۆنانیی جنێوی بە مێری دەدا. دواتر شەوێکیان ئیتر نەهاتەوە.

تام لە شەقام چاوی بە مێری کەوت و لێی پرسی: تۆ و دیمیتری چیتانە؟ شەڕتان بووە؟

مێری بزەیەکی هاتێ: شتی وا هەر نابێ!

بەڵام چاك دەیزانی کە خەریکە ژیانی هەڵدەوەشێتەوە.

ئەوشەوە مێری لە قەرەوێڵەکەدا مێردە مەستەکەی لە پشتەوە لە باوەش گرت و نازی بـۆکرد و بە هێمنیی بە گوێی دا چرپاند: بەسە ئیتر دیمیتری، مەتۆرێ ئیتر.

دیمیتری نەڕاندی: لاچۆ ملت بشکێنە.

هۆڕە هۆڕ دەستی کرد بە گریان، هەتا هیلاك بوو. دواتر لەپڕ خەوی لێکەوت.

بەیانی مێری لەخەو هەستا و ناشتای ئامادە کرد. دیمیتری لە حەمام هاتە دەرێ، چـاکەتەکەی لەبەر کردبوو. مێری بەر دەرکەکەی لێ گرت و گوتی: ناشتایەکی چاکم بۆ ئامادە کردووی.

دیمیتری پێکەنی. پێکەنینەکەی لە وەڕینی سـەگ دەچـوو و بـە ڕەشـبینییەکی ناشـارەزایانەوە پەنجەی بۆ جووڵاند و گوتی: ئاخرییەکەی زمانت لە زاردا گەڕا؟ لەگەڵ منت خۆ نییە؟ وسـت بـە.. نامەوێ گوێم لە دەنگت بێ.

مێری چوو بۆ ئەو شوێنەی کە هێلێنی لەوێ دەدیت و ئەوی لـەنێو ژنـان و منـداڵانی دیکـەدا دۆزییەوە. هەموو شاد و دم بە پێکـەنین بـوون و منداڵـەکانیان لـە باوەشـدا هەڵدەتەکانـد. ئـەوە بەڕاستیی هێلێن بوو؟ ڕەنگە نەخۆش کەوتبێ؟ کز و زەردەڵ و ناشیرین ببوو. بە مـەمکی ماسـیوی پڕ لەشیر، هێلێن خـۆ پێشـتر وانـەبوو. دواتـر وەبـیری هاتـەوە کـە لـەم چـەند ڕۆژەشـدا دیمـیتری تێکشکاوە. ئارەقخۆرێکی قەڵەوی ناشیرین کە دموچاوی ماسیو و سوور هەڵگەڕاوە. مێری چوو بۆ لای ئەوانی دیکە، بەڵام دیتی کە مێری هەر متەقی نـەکرد هـەتا لـە سـەر کورسـییەکە جێگـەی بێتەوە. هەرچۆنێ بوو جێی خۆی کردەوە، هێندە مات و مۆن و جیددی بوو کە ژنەکانی دیکە یـەك بە یەك ڕۆیشتن و ئەوانیان بەجێهێشت.

مێری سەرتابنی بۆ هێلێن گێڕاوە. دەیزانی کـە قسـەکانی گەمژانەیـە. هێلـێن کالیسـکەکەی رادەژاند. جوڵەجووڵی پێدەکرد و رایدەژاند. پاڵی پێوە دەنا و رایدەکێشاوە. لێی ورد دەبۆوە و بەچاو ئەوبارەوباری دەکرد. مێری پێی وابوو کە کالیسکەکە بۆتە بەشێك لـە گـوێ ڕاگـرتن و هەڵوێسـت گرتنی هێلێن. ئاخرییەکەی هێلێن هاتە قسە: سێ هەفتەیە کە ئاوایـە؟ وا بـە وریاییـەوە ئەمـەی گوت کە مێری تێبگەیشت کە خۆی ڕاگرتووە هـەتا پێیـدا هەڵنـەپڕژێ. دموچـاوی جیـددی بـوو. دەتگوت مێری هەر ناناسێ. دیسانەوە دووپاتی کردەوە: سێ هەفتەیە کە نەخۆش کەوتووە.

ـ نەخۆشە؟

هێلێن بە جیددی و بە دموچاوێکی ماتەوە کە زۆر ناشیرین بوو گوتی: بۆخۆت نایبینی؟

لە سەر کورسییەکی چێوی کۆنە، لە دەرەوەی کۆفییەکی چۆڵ دانیشتبوون. چەند درەختێکیان لە حەوشە چەقاندبوو. بەڵام ئاویان نەدابوون. تۆز و خۆڵیان لەسەر نیشتبوو.

ـ تام دەیگوت دیمیتری دوێنێ هێندە مەست ببوو کە نەیتوانیوە کار بکا. ئەگەر ئاگای لەخۆی نەبێ دەری دەکەن. مێری زمانی لاڵ ببوو کە بلێ تۆ فێری ئەوەت کردم. هەروەها لەم ڕۆژانەدا هەمیشە لەخۆی دەپرسی من بۆچی قسەکانیم بە جیددی وەرگرت!

ـ واباشترە لەگەڵی ئاشت ببیەوە.

هێلێن ئەوەی گوت و هەستا و لەگەڵ منداڵەکەی ڕۆیشتن. تەنانەت بزەیەکیشی نەهاتێ یان نەیگوت ڕێزت هەیە و بەیانی دەتبینم.

مێری پێی وابوو: ئەوەش ئەوە!

چوو لە دەرەوەی ئەو ریستوورانتەی دیمیتری لەوێ کاری دەکرد، دانیشت. دیمیتری پاش نانی نیوەڕۆ سەعاتێك بێکار بوو، کاتێ هاتە دەرێ مێری رایکرد بۆلای و دەستی خستە بن پیلی و گوتی: دیمیتری ببوورە.

دەگریا. بەڵام دیمیتری خۆی راپسکاند. گوتی: جا ئێستا دەڵێی ببوورە؟ هەر ئەوندە؟ باشە من چیم کردبوو؟ من هەر منداڵێکم دەویست، هەر ئەوندە! تۆ ژنێکی خراپی مێری.

مێری دەیدیت کە دیمیتری هێشتا نیگەرانە و نایەوێ سەیری بکا. دەڵێی دەترسا کە ئەو نیگا سارد و سڕ و تووڕەیە لە چاوانی ئەودا ببینێت. دیمیتری خۆی لێ راپسکاندەوە، بەڵام مێری بە پیلییەوە نووسابوو و دەیگوت: دیمیتری، تکات لێدەکەم، تکات لێدەکەم، تکات لێدەکەم.

دیمیتری کەمێك وەرسووڕابوو، بەڵام هێشتا راوەستابوو و هەوڵی دەدا چاوی نەچێتە سەر چاوی مێری کە خەریك بوو دەپاڕاوە.

مێری بیری کردەوە: ئیتر بۆ هەمیشە لێم بێزارە.

بەمحاڵە دیسان پاڕاوە: دیمیتری، تکات لێدەکەم با هەر ئێستا بچینەوە ماڵێ.

لە شەقام بوون، خەڵك لایان دەدا و بە پەنایاندا تێپەڕ دەبوون. مێری ئاوێزانی دیمیتری بوو هەتا ژیانی لێکهەڵوەشاوەی رزگار بکات. هۆڕە هۆڕ دەگریا، بەڵام دیمیتری سوورهەڵگەڕاو و تووڕە بوو.

ماڵێیان زۆر نزیك بوو. دیمیتری بەملاولادا دەکەوت و مێری توند گرتبووی. دەتگوت ئێستا نا ئێستا رادەکا. لە ماڵێ هەوڵیدا پاڵ بە دیمیترییەوە بنێ بەرەو ژووری نووستن. بەڵام دیمیتری لە پشت مێزەکە دانیشت و سەری خستە نێو دەستەکانییەوە. دەتەوێ چ بکەی؟ پێتوایە ئێستاکە پێکەوە دەخەوین و شەڕ و کێشەکانمان تەواو دەبێ؟

دیمیتری.. ئیتر من حەب ناخۆم.

سەیرە! یانی تۆ ئیتر حەب ناخۆی؟!

دیمیتری تکات لێدەکەم با بچین بخەوین.

چ ڕێگەیەکی چاکە بۆ منداڵ بوون!

مێری دەستی گرت و رایکێشا.

لە دڵی خۆیدا گوتی: خوایە تا ئێستا قەت وانەبووە بەزۆریی رایکێشم بۆ سەر جێگاکە.

دیمیتری هێشتی مێری پاڵی پێوەنێ و پێکەوە کەوتنە سەر قەرەوێڵەکە. دەگریا و هۆڕە هۆڕەکەی قورس و بتاوێن بوو. مێری وازی لە لووتبەرزییەکەی هێنابوو، بەڵام لە شتێك هەواڵێك نەبوو، ئەویش هەستی سەرکەوتن یان سەرخۆشبوونی تاهەتایی ئاشقێنییەکەیان. دڵی دەیگوت: لەبیری دەچێتەوە. دەرەقەتی دێت و دیسان وەکو جارانی لێدێتەوە.

پێی وابوو رابوردوویان زۆر خۆش و باش بوو. نەیدەزانی کە بۆچی دەبێ تێکی بدات.

بەڵام هەر ئەوکات دیارە کە نەدەکرا بیری ئاشقێنی یان تەنانەت خەوتن بکەیەوە. چونگە دیمیتری لەتە ماسولکەیەکی نەرم و شلی بە چنگ گرتبوو کە تا بە ئەوکات قەت ئاوای نەگرتبوو.

دیمیتری بە دەنگی جیددی و تووڕەی تازەوە گوتی: ئیتر نابێ قەت کاری وا بکەی. ئەوە پێت دەڵێم، ئەگەر دووپاتی بکەیەوە دەتکوژم. سەری خۆشم هەڵدەگرم و ناگەڕێمەوە. ئیتر قەت بیر لە شتی وا نەکەیەوە. . لە سەر قەرەوێڵەکە لە سەر پشت راکشابوو. بەڵام ئیتر رووی خۆی وەرنەدەسووڕاند. مێری بە زۆریی خۆی خستە ئامێزییەوە و هەتا هێزی بوو خۆی پێوە نووساند.

ـ دیمیتری.. بمبوورە.

دەگریا، بەڵام هەستی دەکرد ئەهوەنتر بۆتەوە. چونکە بڕیاری دابوو وا لە قسەکانی دیمیتری تێبگا کە لێی بووراوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: یەك دوو رۆژی دیکە گشت ئەم رووداوانەمان لەبیر دەچێتەوە و دواتر هەموو شتێ وەکو خۆی لێدێتەوە.

# تێپەڕین بە تونێل دا

یەکەم بەیانیی رۆژانی پشوو، کوڕە گەنجی ئینگلیزیی، لەوشوێنەی جادە بەرەو دەریا وەردەسووڕا، راوەستا و چاوی بڕییە کەندەڵان و کەنداوی دەستەمۆنەکراوەوە. کەناری ئەو دەریایەی کە چەندینساڵ بوو بە باشی دەیناسی. چەند هەنگاو پێشتر، دایکی جانتایەکی شریت سپی بەدەستەوە بوو و دەستەکەیتری کە لە ژێر تیشکی هەتاو شەبەنگی دەداوە، بە ئارامی دەجوولاند و پیاسەی دەکرد. کوڕەکە نیگای ناڕازیی خۆی لە بازۆڵەی سپی و رووتی دایکییەوە بەرەو کەنداو هەڵگرت و بەرەو ئەوێ رۆیشت.

دایکی سەیری ئەملاولای دەکرد، کوڕەکەی وەبەرچاو نەهات. پاش دۆزینەوەی کوڕەکەی بە نیگەرانییەوە گوتی:

ـ ئۆخەی، جێری ئەوە تۆی!

دواتر بە بزەوە درێژەی پێدا:

ـ باوانم پێت خۆش نییە لەگەڵ من بێی؟ یان پێتخۆشە...

ئەو لەبەر بەخۆڕاگەیشتن، ئاگای لەوە نەبوو کە کوڕەکەی رەنگبێ بە دزییەوە بۆی بەسوێ بوو. هەربۆیە خۆی بە تاوانبار زانی. کوڕەکەی لەگەڵ بزەی پەشۆکاوی و لێبووردن ئاشنا بوو. پەشیمان بۆوە و بەرەو لای دایکی رایکرد و لە هەمان حاڵدا ئاوڕی داوە و لە لاوە سەیرێکی سروشتی دەستەمۆنەکراوی کرد. ئەو بەیانییە لە کاتی یاریکردنیشدا بیری لەو شوێنە دەکردەوە. بەیانیی رۆژانی دواتر کە وەك هەمیشە کاتی مەلەکردن و خۆهەڵخستن لەبەر هەتاو هات، دایکی لێی پرسی:

ـ جێری، لە کەنار دەریا بێتاقەت بوویی؟ پێتخۆشە بچی بۆ شوێنێکی دیکە؟

جێری پێی خۆش نەبوو لە دایکی زۆر دوور بکەوێتەوە، بۆیە دەستبەجێ وەڵامێکی قایمی داوە:

ـ نا!

بەڵام کاتێ لە جادەوە سەرەوخوار دەبوونەوە گوتی:

ـ پێمخۆشە بچم و سەیری ئەو کەندەڵانەی خوارەوە بکەم.

دایکی رازیی بوو. گابەردەکان سەرکەش و دەستەمۆنەکراو دەهاتنە بەرچاو و هیچ زیندەوەرێکیش نەدەبیندرا. بەڵام گوتیشی:

"قەیناکە جێری. بەڵام هەر کە لە سەیرکردن تێر بووی وەرەوە بۆ کەناری هەراوی دەریا یان راست بچۆوە بۆ ڤیلا".

دایکی لێی دوور کەوتەوە. ئەمێستاکە بازۆڵە سپییەکانی لە ژێر هەتاودا سووری دەنواند. دەیویست بۆ لای دایکی رابکا، چونکە نەیدەتوانی ببینێ کە دایکی بە تەنیا دەڕوات. بەڵام.. خۆی راگرت.

هەڵبەت رای دایکیشی وابوو کە کوڕەکەی ئەوندە گەورە بووە ئاگای لە خۆی بێت.

ـ باشە پێویستە ئەوندە هۆگریی خۆمی بکەم؟ نابێ وا هەست بکا کە دەبێ هەمیشە لە لای من بێت. دەبێ زیاتر وریا بم.

ئەو بێوەژن بوو و کوڕە یازدە ساڵەکەشی تاکە منداڵی. دەبوو چاوی بە سەرییەوە بێ، بەڵام زێدەڕۆییش نەکا و واش نەبێ تەنیایی ئاوقای بێت. بە نیگەرانییەوە بەرەو کەناری دەریا وەڕێکەوت.

جێری کاتێ دیتی دایکی گەیشتۆتەوە بەستێنی تایبەتیی خۆیان، لە سەراولێژیی گابەردەکانەوە بەرەو کەنداو وەڕێکەوت. لەوشوێنەی لێی راوەستا بوو لە نێوان گابەردە سوور ـ قاوەییەکانی خوارەوە، روانگەیەك لە جوڵەی شەپۆلە شینی مەیلەوسەوز بە توێی سپییەوە دەبیندرا. هەرچی دەچووە خوارتر هەستی بە لێواری توێ توێ و گابەردی تیژ و کلۆبەردی زۆر نەرم و ناسك دەکرد کە ئەرخەوانی و شینی تۆخ بوون. بە راکردن مەودای چەندسەد مەتریی هەتا کەنداوی ئاوە سپییەکان و تەسکی بەستێنی پێوا و خۆی بە باسکە نەرمەکانی دەریاوە سپارد و دەستی کرد بە مەلەکردن. کوڕەکە مەلەوانێکی شارەزا بوو و بە مەلەکردن خێرا خێزە تروسکەدارەکانی بەجێهێشت و بەرەو ئەو تاشەبەردانە چوو کە وەك دێوەزمەیەك لە نێو دەریاوە سەریان دەرێنابوو. دواتر هەستی کرد لە نێو دەریای راستەقینەدایە. دەریایەکی گەرم کە توێی فێنکی ژێرەوەی ئاوەکە رانی ختیلکە دەدا.

کاتێ بە رادەی پێویست لە بەستێن دوور کەوتەوە سەیری کەنداوی بچووك و ئەو گابەردانە کرد کە لە نێوان کەنداو و بەستێنی گەورەدا دیار بوون. سواراوی ئاوی بلاوێن بوو و چاوی بۆ

دایکی گێڕا. دایکی لەوێ بوو. لە ژێر چەترێکدا، خاڵێکی زەرد کە لە قاشە پرتەقاڵێك دەچوو. کوڕەکە بە دیتنی دایکی هەستی بە ئاسوودەیی و ئارامیی کرد. گەڕایەوە بەستێن، بەڵام لەناکاو هەستی کرد کە تەنیایە.

لە سەر لێواری چەند تاشەبەردێکی کە لە ئاوەکە بەدەرەوە بوون چەند کوڕێك راوەستابوون و جلەکانیان دادەکەند. کوڕەکان رووت رووت لە گابەردەکانەوە هاتنە خوارێ. کوڕە ئینگلیزییەکە بە مەلە کردن بەرەو لای ئەوان چوو، بەڵام تەواو لێیان نزیك نەبۆوە. ئەوان لە بەستێن دوور بوون و بەرەنگی برۆنزی هەڵگەڕابوون و بە زمانێك قسەیان دەکرد کە کوڕەکە لێیان تێنەدەگەیشت. کوڕەکە زۆری پێ خۆش بوو بچێتە لایان و تێکەڵاویان بێت. کەمێکیتر بەرەو لای ئەوان مەلەی کرد. کوڕەکان ئاوڕیان داوە و بە وردی و کەیفخۆشییەوە سەیریان کرد. یەکێك لەوان بزەیەکی هاتێ و دەستی هەڵێنا. هەر ئەمە بەس بوو. لە چاوتروکانێك بە مەلەکردنەوە خۆی گەیاندە ئەوان و لە سەر یەکێك لە گابەردەکان، لەلایان راوەستا. بزەیەکی پڕ لە هیوا لە سەر لێوی نیشتبوو. منداڵەکان بە خۆشحاڵییەوە بەخێرهاتنیان پێ دەگوت. وردە وردە هەوڵی دەدا بەسەر بزەی دەربڕی تێنەگەیشتن لە زمانەکەیاندا زاڵ بێ. منداڵەکان زانییان کە ئەو کەسێکی بیانییە و لە بەستێنیی تایبەتیی خۆی دوور کەوتۆتەوە. ویستیان کە خۆی لێ گێل بکەن، بەڵام ئەو خۆشحاڵ بوو لەگەڵ ئەوان بوو. ئەوان لە بەرزایی گابەردەکانەوە خۆیان فڕێ دەدایە نێو ئاوەکەوە و دوای رۆچوون بۆ نێو قووڵایی ئاوی شینی دەریادا خۆیان هەڵدەکێشایەوە سەرێ و دەهاتنە دەرەوە و بە گابەردەکاندا وەسەر دەکەوتن و چاوەڕێیان دەکرد هەتا بۆ جارێکی دیکە نۆرەیان بێتەوە. جێری ئەوانی بە گەورەتر لە خۆی دەبینی. لە راستیدا ئەوان پیاو بوون. جێری خۆی فڕێدایە نێو ئاوەکە و ئەوانیش سەیریان کرد. و دواتر کاتێ لە نێو ئاوەکەدا سوڕێکی لێدا و هاتەوە دەرێ و بە گابەردەکەدا سەرکەوت هەتا نۆرە بگرێتەوە، رێیان پێدا و بەجۆرە قەبووڵیان کرد کە لەگەڵیان بێ. ئەو بە متمانە بەخۆ و خۆپەسندییەوە جارێکیتر خۆی فڕێدایە نێو ئاوەکەوە.

کەمێ دواتر کوڕێکی کە لە هەموان گەورەتر بوو، خۆیەکی نواند و خۆی فڕێدایە نێو ئاوەکە و نەهاتەوە سەرێ. ئەوانیتر سەیریان دەکرد. جێری کە دیتی کوڕەکە لە ئاو نەهاتەوە سەرێ. دەستی کرد بە ئاماژەکردن هەتا ئاگاداریان بکاتەوە. بەڵام ئەوان بە هێندیان وەرنەگرت و دیسان سەیری ئاوەکەیان کردەوە. دوای ماوەیەکی تاڕادەیەك زۆر کوڕەکە لەو بەری گابەردەکەوە هاتەوە دەرێ و بە نیشانەی سەرکەوتن گوڕاندی و هەناسەی قەتیس بووی

بە پشووسوارییەوە دەردایەوە. دەستبەجێ ئەوانیتر خۆیان فڕێدایە نێو ئاوەکەوە. لە ساتێکدا، بەیانیی پڕ بوو لە زرووقانەوەی منداڵەکان. دواتر سەر ئاوەکە کپ بوو، بەڵام لە ژێر ئاودا جموجۆڵیان هەبوو.

جێری خۆی فڕێدایە نێو ئاوەکە و تێکەڵ بە مەلەوانەکانی ژێر ئاوەکە بوو. لە ژێر ئاودا چاوی بە دیواری رەشی تاشەبەردەکان کەوت و دەستێکی تێهەڵسوون و دەستبەجێ گەڕایەوە سەر ئاوەکە. دیواری گابەردەکان بە جۆرێك بوون کە دەتوانی ئەو بەریشی ببینی. کەسی نەدیت. لە ژێر ئاودا نسێی مەلەوانەکان بزر ببوون. لەولاتر بە دیواری گابەردێکیاندا یەك یەك هاتنەوە سەرێ. جێری وای زانی کە ئەوان بە کون یان رۆچنێکی گابەردەکەدا تێپەڕ بوون. دیسان خۆی فڕێدایەوە نێو ئاوەکە. لە قووڵایی ئاوی سوێردا هیچی نەدیت. کاتێ هاتەوە سەر ئاوەکە، منداڵەکان لە سەر ئەو گابەردەی کە خۆیان لەوێوە فڕێ دەدا، دانیشتبوون و خۆیان بۆ خۆفڕێدان ئامادە دەکرد. جێری ئەو شکستەی پێ خۆش نەبوو و بە زمانی ئینگلیزی نەڕاندنی:

ـ سەیری من بکەن.

و وەکو تولەیکی نەفام دەستی کرد بە جووڵەی سەیر و سەمەرە و بە مست لە ئاوەکەی دەدا.

منداڵەکان بە چاوێکی سووکەوە سەیریان کرد. ئەو، سووکایەتی پێکردن و بێزاریی دەناسییەوە. کاتێ کارێکی بۆ ئەنجام نەدەدرا و دەیویست سەرنجی دایکی بۆ لای خۆی رابکێشێ. دایکی بەم نیگا پڕلە بێزارییەی سەیری دەکرد. وای هەست دەکرد شەرمکردن لە شکست وەکو شوێنی برینێکی دیارە لە سەر دموچاوی. سەیرێکی کوڕانی گەورەتر لە خۆی کرد و نەڕاندی:

ـ بن ژور! مێرسی! موسیور، موسیور!

لەم حاڵەتەدا گوێچکەکانی خۆی گرت و لەقاندنی.

ئاو چووە ناو زارییەوە. کۆخی و چووە بن ئاوەوە و دیسان هاتەوە سەرێ. منداڵەکان لە سەر گابەردەکە بوون و دواتر هەوا پڕ بوو لە بەرامەی ئەو منداڵانەی خۆیان فڕێدەدایە نێو ئاوەکەوە. وێدەچوو بە سووکبوونی کێشی منداڵەکان گابەردەکە زیاتر دێتە دەرەوە. دواتر گابەردەکە لە ژێر هەتاوی گەرمدا تاك و تەنیا مایەوە. جێری دەستی کرد بە ژماردن:

ـ یەك، دوو، سێ ...

کاتێ ژماردنەکەی بە پەنجا گەیشت ترسا. بیری کردەوە ئێستا گشت منداڵەکان لە ڕۆچنی پڕ لە ئاوی گابەردەکەدا گیریانکردووە و خەریکە نوقم دەبن. کە گەیشت بە ژمارەی سەد، سەیری دەوروبەری خۆی کرد، کەسی لێ نەبوو و بە داماوییەوە ویستی داوای یارمەتی بکا. جێری ژماردنەکەی خێرا کرد، دەتگوت ئەم کارە منداڵەکانی زووتر دەهێناوە سەر ئاوەکە. لەو بەیانییە شین و چۆڵەدا هیچ شتێك ئەوی وەکو ژماردن نەترساندبوو. کە ژماردنەکەی بە سەدوشەست گەییشت ئاوی دەوروبەری گابەردەکە پڕبوو لەو منداڵانەی یەك لە دوای یەك وەکو نەهەنگی قاوەیی سەریان لە ئاو دەهێنایە دەرێ. منداڵەکان بێ ئەوەی سەیری بکەن بەرەو بەستێن مەلەیان کرد.

جێری بە گابەردی خۆفڕێدان دا وەسەرکەوت و لەوێ دانیشت. هەستی بە گەرما و ڕەق بوونی گابەردەکە کرد. لە بەستێن منداڵەکان جلەکانیان لەبەر دەکردەوە و بەرەو تەختەبەردێکی دیکە دەچوون. ئەوان دەیانویست لەو دوور بکەونەوە. جێری هاواری کرد، نەڕاندی و دەستە مستکراوەکانی لە سەر چاوی دانا و دەستی کرد بە گریان. کەسی لێنەبوو سەیری بکا، هەر بۆیە تا توانی گریا.

پێی وابوو زۆری پێ چووە. بە مەلەکردنەوە گەیشتە ئەو شوێنەی کە دایکی وەدیارکەوت. هێشتا لەوێ لە ژێر چەتری پرتەقاڵیی ڕاکشابوو. بە مەلەکردنەوە بەرەو گابەردە گەورەکە گەڕایەوە. بە تووڕەییەوە بە گابەردەکەدا وەسەر کەوت و خۆی فڕێدایە نێو شینایی دەریاوە. بەرەوخوار و خوارتر چوو و دەستی بە دیواری گابەردەکەدا هێنا، بەڵام لەبەر سوێربوونی ئاوەکە نەیتوانی چاوی تەواو بکاتەوە و سەیری بکا.

گەڕایەوە سەر ئاوەکە و بە مەلەکردن بەرەو بەستێن بۆوە و ڕۆیشتەوە بۆ ڤیلاکەیان و چاوەڕێی دایکی کرد. پاش ماوەیەکی کورت دایکی لەحاڵێکدا جانتاکەی و بازۆڵە رووتەکەی بە هێمنی ڕادەوەشاند، بە داهێزراوی گەڕایەوە بۆ ڤیلاکە. جێری بە دەنگێکی ئاوێتەی شکست و نیگەرانیی، گوتی:

عەینەکی مەلە کردنم دەوێ.

دایکی بە نیگایەکی ئارام و هێمنەوە گوتی:

باشە باوانەکەم.

هەر ئێستاکە دەمەوێ. هەرئێستا.

ئەونده پێداگریی کرد هەتا دایکی لەگەڵی چوو بۆ فرۆشگا. هەر کە عەینەکی مەلەوانیی کڕی، جێری وەها لە دەستی دایکی رفاند دەتگوت دایکی دەیهەوێ بۆ خۆی هەڵبگرێ و دەستبەجێ بەرەو سەراولێژیی جادەکەی بەرەو کەنداو رۆییشت.

جێری خۆی گەیاندە گابەردە دیاریکراوەکە و پاش لەچاوکردنی عەینەك خۆی فڕێدایە نێو ئاوەکەوە. گوشاری ئاوەکە پەتی عەینەکەکەی شل کردەوە. جێری دەیزانی کە دەبێ هەتا بن گابەردەکە مەلێ بکا، هاتەوە سەر ئاوەکە و عەینەکەکەی توند کردەوە و بە رادەی پێویست سییەکانی پڕ کرد لە هەوا و چووە خوارەوە. ئێستا دەتوانی هەموو شتێك ببینێ، دەتگوت چاوەکانی ئێستای هەمان چاوەکانی پێشوو نین. وەکو چاوانی ماسی بێ ئەوەی ئاوی سوێر ئازاری بدا هەموو شتێکی بە روونی دەدیت.

دە تا پازدە مەتر خوارتر خیز و لمەکانی بن دەریا دەدرەوشانەوە. دوو شتی خۆڵەمێشیی خڕ و درێژ وەکو بەردە خوێ و کۆلکەدار بێ جووڵە لەوێ کەوتبوون. دوو ماسی بوون، جووڵەیەکیان کرد و سوڕێکیاندا وەکو سەماکردن و دیسانەوە هاتنەوە سەر جێی خۆیان. ئاوی دەریا لە سەرەوەی ماسییەکان شەپۆلی دا، دەتگوت بەردێکیان هاویشتۆتە نێو ئاوەکەوە. دیسان چەند ماسییەك بەقەد نینۆکی قامکی دەست سەمایان کرد و بە نێوان قامکی لاقەکانیدا تێپەڕبوون. بۆ ساتێك هەستی کرد لە دەریایەکی زێویندا سواراو بووە. ئەو گابەردە گەورەیەی منداڵان پێیدا تێپەڕ ببوون هیچ کەلێنێکی تێدا نەبوو. بۆیە بۆ دۆزینەوەی تونێل ناچار بوو بچێتە خوارترەوە. چەندین جار هاتەوە سەر ئاوەکە. سییەکانی پڕ کرد لە هەوا و چووە خوارەوە. چەندین جار بە ناهومێدییەوە گابەردەکەی بۆ دۆزینەوەی کەلەبەرێك پشکنی. دواتر لە یەکێك لە پشکنینەکانیدا کاتی چۆکی لە گابەردەکە هەڵسوو لاقی بە کونێکدا رۆچوو. تونێلەکەی دۆزیبۆوە.

هاتەوە سەر ئاوەکە. دەیویست لەتەبەردێك لە گابەردەکە بکاتەوە. لەتەبەردێکی گەورەی هەڵکەند و هەڵیگرت و خۆی فڕێدایە نێو دەریاوە. لەتە بەردەکە ئەوی گەیاندە بنی دەریاکە. گەیشتە ئەو شوێنەی کە لاقی پێدا رۆچوو بوو. کونەکە نائاسایی و تاریك بوو. ئەوسەری کونەکە نەدەبیندرا. دیسان ئەو بەردەی هەڵگرت کە کێشی قورس کردبوو، هەوڵی دا بە یارمەتیی کێشی ئەو بەردە بچێتە نێو کونەکەوە.

ناچار بوو بە سەرەوە بچێتە نێو کونەکەوە. کونەکە بۆ شانی بەرتەنگ بوو. ئەملاوئەولای بە شانی کرد، هەتا ناوقەد چووە نێو کونەکەوە. بەرچاوی تاریك بوو. شتێکی نەرم و لیچق بە

دمی دادرا . بەردێکی ڕەش لە پەنا گابەردە خۆڵەمێشییەکەوە بوو. ترس ئازای گیانی داگرت. وای هەست کرد کە ئۆغتاپوسە. لە حاڵێکدا کە خۆی بۆ دواوە دەکێشاوە، سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. ئەو گیا بێ مەترسییانەی وەلا نا کە زارکی تونێلەکەیان داپۆشیبوو. بە مەلەکردن خۆی گەیاندە هەتاوی سەر دەریاکە و بەرەو بەستێن مەلەی کرد. لە سەر ئەو گابەردەی کە خۆی لەوێوە فڕێدابوو ڕاکشا. سەیری ئەو چاڵاوەی خوارەوەی کرد. دەبێ تونێلێك، ڕێیەك، یان هەرشتێکی کە هەیە بۆ ئەو بەری گابەردەکە بدۆزێتەوە.

پێش هەموو شتێك فێر بوو کە هەناسەی خۆی کۆنترۆڵ بکا. دیسان بە بەردێکی دیکەوە خۆی فڕێدایە نێو دەریاوە. بەم شێوەیە بەبێ هیچ خۆماندووکردنێك خۆی گەیاندە بنی دەریاوە. دەستی کرد بە ژماردن... یەك، دوو، سێ... هەستی بە جووڵەی خوێن لە سینگی دا کرد. پەنجاویەك... پەنجاودوو... سینگی کەوتە ژان. گەڕاوە سەر ئاوەکە و هەناسەی تازە کردەوە. دیتی کە هەتاو هاتۆتە خوارێ. خێرا بەرەو ڤیلا گەڕایەوە و دایکی دیت کە خەریکی چێشت خواردنە. تەنیا شتێکی کە دایکی پرسی ئەوە بوو:

ـ خۆشت ڕابوارد؟

جێری وەڵامی داوە:

ـ زۆر.

سەرلەبەری ئەوشەوە خەونی بە ئەشکەوتی نێو ئاوەکەوە دیت و بەیانیی هەر کە ناشتاکەی خوارد ڕۆیشت بۆ کەنداو.

ئەوشەوە خوێنی لووتی بەربوو. چەندین سەعات لە ژێر ئاودا مایەوە هەتا پڕۆڤەی بینخواردنەوە[١٥] بکا و ئێستا هەستی بە لاوازیی و سەرەگێژە دەکرد. دایکی گوتی:

ـ باوانەکەم، ئەگەر لە جێی تۆ بوایەم دەستم لەو کارە هەڵدەگرت.

ڕۆژی دواتر و ڕۆژەکانی دیکە جێری پڕۆڤەی بینخوادنەوەی دەکرد. دەڵێی سەرلەبەری ژیانی و داهاتووشی لە پێناوی ئەم کارە دابوو. شەوێ دیسان خوێن لە لووتییەوە هات، بەجۆرێ کە دایکی پێداگری کرد ڕۆژی دواتر لەگەڵی بچێ. ژاناوی بوو کە ڕۆژەکەی بەبێ پڕۆڤە بە فیڕۆ بدا، بەڵام ناچار بوو لە بەستێنێکدا کە پێی وابوو هی منداڵانی کەمتەمەنە

---

١٥- بینخواردنەوە: پشووخواردنەوە/ پێشخواردنەوە. ئەو کەسانەی شمشاڵ لێدەدەن هاوکات لەگەڵ فووکردن بە شمشاڵەکەیاندا بەبێ ئەوەی فوویەکەیان بپسێننەوە، هەناسەش دەکێشن بەوە دەڵێن بینخواردنەوە.

ڕۆژی ئاوا کرد. لەو بەستێنەی دایکی دەیتوانی بەبێ ترس لە ژێر هەتاودا رابکشێ. ئەم بەستێنە هی ئەو نەبوو.

ڕۆژی دواتر بەبێ ئیزن وەرگرتن لە دایکی و بێ ئەوەی دایکی هەست بە هەڵە یان ناهەڵەبوونی کارەکەی بکا، چوو بۆ بەستێنەکەی خۆی. لە کاتی پشوودانی هەستی کرد ماوەی بینخواردنەوەی زیادی کردووە. منداڵە گەورەترەکان بۆ تێپیەڕین لە تونێل هەتا ژمارەی سەد و شەست خۆیان ڕاگرتبوو و ئەو لە ترسانە ژمارەکانی خێراتر دەژمارد. ڕەنگە ئەگەر ئێستا هەوڵی بدابوایە دەیتوانی بە تونێلەکەدا تێپەڕبێ. بەڵام هێشتا نەیدەویست تاقی بکاتەوە. بە خۆڕاگرییەکی وشیارانەوە بێ ئۆقرەیی منداڵانەی کۆنترۆڵ دەکرد. لە هەمان حاڵدا لە سەر دەریا، لە سەر ئەو بەردانەی کە هێنابوونییە خوارەوە رادەکشا و دەرکەی تونێلەکەی دەپشکنی. تا دەیتوانی بە کەلێن و قوژبنەکانی شارەزا ببوو. بەتایبەتی پێشتر لە سەر شانی هەستی بە گوشاری بەردەکان کردبوو.

کاتێ دایکی لە ڤیلا نەبوو، لە پەنای سەعاتەکە دادەنیشت و ئەمڕۆ و سبەینێی دەکرد. ئێستا لەخۆباییانە دەیتوانی هەناسەی تا دوو دەقە رابگرێ، بێ ئەوەی هەست بە ئازارێکی ئەوتۆ بکا. وشەی دوو دەقە سەفەری پڕ مەترسیی کە بەناچاری چاوەڕێی دەکرد، نزیکتر دەکردەوە. چوار رۆژ دواتر دایکی لە کاتی نانخواردنی بەیانیدا گوتی کە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ماڵێ. رۆژێك پێش گەڕانەوەیان دەبوو کارەکەی بە ئاکام بگیاندبوایە. بەخۆی گوت: تەنانەت ئەگەر نرخی ئەم کارە گیانیشم بێ دەیکەم. بەڵام دوو رۆژ بەر لە گەڕانەوەی واتە رۆژی سەرکەوتن، خوێنێکی زۆر لە لووتی هات. بە جۆرێك کە سەرەگێژەی گرت و وەکو گیایەکی نێو ئاو لە سەر گابەردەکە راکشا و سەیری ئەو جۆگەلە باریکەی خوێنی کرد کە لە گابەردەکەوە دڕژایە نێو دەریاوە. ترسا بوو. بیری دەکردەوە کە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ماڵێ و هەتا هاوینی دواتر چاوەڕێ بکا، بەدڵنیاییەوە هەتا ئەوکات بە تەواوی گەورە دەبوو و دەیتوانی بە تونێلەکەدا تێپەڕ بێ.

تەنانەت دوای ئەوەی بیری کردەوە کە بڕیاری داوە، زانی کە لە سەر گابەردەکە دانیشتووە و چاوی بڕیوەتە قووڵایی دەریاوە و دەشیزانی کە راست لە هەمان کاتدا پاش ئەوەی خوێنی لووتی راوەستێ و ژانە سەرەکەی کەمێك هێور بێتەوە هەوڵەکەی دەدا. ئەگەر ئەمێستاکە ئەم کارە نەکا ئیتر قەت ناتوانێ بیکا. ترس و لەرزەکە بە هۆی دوو سامی هاوتەریبەوە بوو، ترس لەوەی کە نەتوانێ تاقی بکاتەوە و ترس لە تونێلی درێژی ژێر گابەردەکە! تەنانەت لە ژێر

تیشکی هەتاودا ئەو گابەردەی وەکو دیوار وابوو، درێژ و ئەستەم دەهاتە بەرچاو. هەزاران تۆن بەرد و گابەرد لە سەر ئەو شوێنەی بڕیار بوو پێدا تێپەڕبێ قورسایی دەکرد. ئەگەر لەوێ دەمرد رەنگە هەتا سالّی داهاتوو کە کوڕە گەورەکان بەوێدا تێدەپەڕین و چوار ئیسکی ئەویان دەدۆزییەوە کەس بە مردنی نەدەزانی.

عەینەکی مەلەوانییەکەی لە چاو کرد و توند بەستی و لێی دلّنیا بوو. دەستی دەلەرزی. قورسترین بەردی هەلّگرت، ئێستا نیوەی جەستەی لە فێنکایی ئاوەکەدابوو. نیوەکەی دیکەی هەتاوی گەرم لێی دەدا. بۆ جارێکی دیکە سەیری ئاسمانی ساوی کرد، سییەکانی یەك دوو جار پڕ کرد لە هەوا و خۆی بە قوولاّیی دەریاوە سپارد. دەستی کرد بە ژماردن. بە هەردووك دەستی بەردەکەی هەلّگرتبوو و هەر بەو شێوەیەی پێشتریش بیری لێکردبۆوە بە کونەکەدا رۆچوو. شانی دەجوولاّند و بە لاقەکانی خۆی بەرەو پێش دەبرد. زوو گەیشتە شوێنی ئاوالاّتر. جەستەی لە هیچ کوێ گیری نەدەبوو. تونێلی گابەردەکە پڕ بوو لە ئاوی زەردی رەش هەلّگەڕاو. ئاو بە گوشارەوە ئەوی بەرەو بن میچی تونێلەکە پالّ پێوەدەنا. بەردەکانی میچی تونێلەکە تیژتر بوون و ئازاریان بە پشتی دەگەیاند. بە دەست و لاقی خێراترخۆی بەرەو پێشێ دەبرد. سەری لە شتێکی تیژ و رەق کەوت و ژان ئازای گیانی داگرت. پەنجا، پەنجاو یەك، پەنجاو دوو... هیچی نەدەدی. و قورسایی ئاو و گابەردەکەی لەسەر بوو. حەفتاویەك، حەفتاودوو... سییەکانی هێشتا نەکەوتبوونە ژان. هەستی دەکرد وەکو فودانەیەك سووك بووە. سییەکانی ئاسایی بوون، بەلاّم سەری کەمێك لەگێژەوە دەهات. بەردەوام بە بن میچی تیژ و تەنگەبەردا دەدرا. دیسان ئۆغتاپوسی وەبیرهاتەوە. لەگەلّ خۆی گوتی نەکا تونێلەکە پڕ بێ لە گژ و گیا و گیر بخوات. لە ترسانە بە هێزەوە خۆی بەرەو پێشەوە برد و دەستی کرد بە مەلەکردن. دەتگوت دەست و لاقی لە نێو ئاوی بەرئاوالاّ دان و بە ئاسانی دەجوولاّن. لەوەدەچوو کە تونێلەکە بەرفرەتر ببۆوە. بیری کردەوە کە خێراتر مەلە بکا، دەترسا نەکا تونێلەکە بەرتەسکتر بێتەوە و یان لەپڕ سەری لە بەردێك بکەوێ.

سەد، سەدویەك... ئاوەکە روونتر دەبۆوە. هەستی سەرکەوتن ئازای گیانی داگرت. وردە وردە ژان بە سییەکانی داگەڕان. چەند ترپە زیاتر... ئێستا دەبێ لە تونێلەکە بێتە دەرەوە. خێراخێرا دەیژمارد. سەدوپازدە و کەمێك دواتر، کە وێدەچوو سالّێکی خایاندبێ، دیسان سەدوپازدە. ئاوی دەوروبەری روون ببۆوە. کەمێك دەستەوەستان بوو. بڕستی لێ بڕابوو. وا سەیری کەلەبەری گابەردەکەی لە بان سەری خۆیەوە کرد، پێی وابوو بە جێی تیشك هەوای

تێدا گوڕاوە و خۆزگەی خواست بیتوانیبوایە دمی بە کەلێنەکەوە بنێ و بە هەموو هێزییەوە هەڵیلوشێ. سەدەوپەنجا... دەنگێك لە ناخیدا ئەم ژمارەیەی دووپات کردەوە. بەڵام ئەم ژمارەیەی زۆر پێشتر گوتبوو. دەبوو ئەو تاریکییەی تێپەڕ بکردبوایە دەنا، دەخنکا. سەری لەگێژەوە دەهات و ژانێکی قورس سییەکانی ئازار دەدا. سەدوپەنجا... سەدوپەنجا... ئەم ژمارەیە وەکو چەکوشێك بەردەوام لە سەری دەدرا. هیوابڕاوانە چنگی لە گابەردەکە گیر دەکرد و خۆی بەرەو پێشەوە دەبرد. لە ئاوە لێڵەکە دوور دەکەوتەوە. هەستی کرد کە خەریکە دەمرێ. سست ببوو. لە رووی نائاگایی و بە شێوەی غەریزی دەست و لاقی لێدەدا بۆ رزگار بوون. ژانێکی نامۆ و قورس بەسەریدا گەڕا. و دواتر تەقینەوەی تیشکی سەوز تاریکیی هەڵدڕی. جوولەی دەست و لاقی ئەوی گەیاندەوە دەریای فراوان.

هاتەوە سەر ئاوەکە. وەکو ماسی هەناسە بڕکێی بوو. هێزی نەبوو خۆی بگەیەنێتە گابەردەکە. هەستی کرد خەریکە نوقم دەبێ و دەخنکێ. دواتر بە هەوڵێکی غەریزی چنگی لە گابەردەکە گیر کرد و خۆی دەرکێشا. بە دمەوە کەوت و خێرا خێرا هەناسەی هەڵکێشا. چاوەکانی لەڕەشەوە دەچوون و هیچی نەدەدیت. خوێن لە چاوی هاتبوو، زۆر دەبرژاوە. پەتی عەینەکی مەلەوانییەکەی پچڕاند و لاوێچێك خوێنی فڕێدایە دەریاوە. خوێن لە کەپۆیەوە دەهات و ماسکەکەی پڕ کردبوو.

لاوێچێك ئاوی سوێر و فێنکی دەریای بەلووتی داکرد و شوتییەوە. نەیدەتوانی تامی ئاوی سوێر و خوێن لێك جیا بکاتەوە. پاش کەمێکی دی ترپەی دڵی هێدیتر بۆوە و چاوەی هەڵێنا. هەستا و دانیشت. کوڕە خۆجێیەکانی دیت کە لە مەودای چەند سەد مەتریی ئەودا خەریکی خۆفڕێدان و مەلەکردن بوون. پێی خۆش نەبوو بچێتە لایان. تەنیا شتێکی کە دەیویست گەڕانەوە بۆ ماڵێ و حەسانەوە بوو.

پاش ماوەیەکی کورت گەیشتە بەستێنی دەریا و بەئارامیی بەرەو ڤیلا بۆوە. لە سەر جێ و بانەکەی راکشا و خەوی لێکەوت.

بە دەنگی پێیەك کە لە رێی ئەوسەرەوە بەرەو ڤیلاوە دەهات لە خەو هەستا. دایکی هاتبۆوە. بەپەلە چوو بۆ حەمام. پێی خۆش نەبوو دایکی چاوی بە سیمای خوێناوی و گریاوی بکەوێ. لە حەمام هاتە دەرەوە، دایکی لە نێو دەرکەی هاتنە ژوورەوە بینی کە پێدەکەنی.

دەستی خستە سەر شانی برۆنزەی جێری و گوتی:

ئەم بەیانییەت خۆش بوو؟

بەڵێ، زۆر، سوپاس.

بۆچی زەردهەڵگەڕاوی و دواتر بە پەرۆشی و نیگەرانییەوە پرسی:

سەرت لە کوێ کوتاوە؟

هیچ نییە، لە شوێنێك کەوتووە ئیتر.

دایکی لێی ورد بۆوە. کوڕەکە بە چاوی هیلاکەوە شتێکی لێ دەشاردەوە. نیگەران بوو. دواتر لەبەر خۆیەوە گوتی:

خۆت گێل مەکە، جێری دەتوانێ هەر وەك ماسی مەلە بکا، هیچی لێنایەت.

دانیشتن هەتا نانی نیوەڕۆ بخۆن.

جێری بێ سەرەتا گوتی:

دایکە.. دەتوانم بە لانی کەم دوو سێ خولەك بین بخۆمەوە.

ڕۆڵەگیان بەڕاستە؟ پێم باشە ئیتر ئەم کارە دووپات نەکەیەوە... ئیتر لەوە زیاتر مەلە مەکە.

دایکی ئامادە بوو هەتا ئەگەر جێری نا ـ بڵێ لەگەڵی چەلەحانێ بکا، بەڵام جێری دەستبەجێ تەسلیم بوو. هیچ گرنگ نەبوو کە ئەو بچێ بۆ کەنداو.

## بڵاوکراوەکانی وەرگێڕ:

١. دونیای راستەقینەی دیموکراسی (٢٠٠٥)، دەزگای موکریانی.
٢. ژیان و بەسەرهاتی کافکا (٢٠٠٧)، دەزگای ئاراس.
٣. بەزاندنی سنوور، کۆچیرۆکی جۆیس کەرۆل ئوتس، (٢٠٠٧)، ئاراس.
٤. قەرتاڵەیەك پڕ لە رۆژباش، یانیس ریتسوس، (٢٠٠٧)، ئاراس.
٥. نیچە و سەرچاوەی چەمکی مۆدێڕنیزم، (٢٠٠٧)، دەزگای ئاراس.
٦. پرسەکانی مۆدێڕنیزم، (٢٠٠٩)، کۆلێژی فەلسەفە، هەولێر.